سێ باخچەی منداڵان لە شوێنە جۆربەجۆرەکانی شاردا ئەکەینەوە، دو قوتابخانەی دوازدە پۆلی نوێ، خانوبەرە بۆ بەڕێوە بەڕێتی پەروەردە، یەک ئامادەیی نموونەیی، پێنج قوتابخانەی سەرەتایی نموونەیی شەش پۆلیو قوتابخانەیەک لە بەکرە جۆ. وە نیاز وایە لەماوەی پێنج ساڵی داهاتودا ٦٨ قوتابخانە لەناو شاردو ١٥٠ قوتابخانەی سەرەتای لە لادێکان دا (٥٠) قوتابخانەی ترو (٢) ئامادەیی و ٤٥ ناوەندی لەگەڵ ٣٠٠ ژوورو ٥٠ هۆڵی بۆ ئەو قوتابخانانەی لە پەرەسەندندان بکرێنەوە.

کۆتای سەرەتایی و ئامادەیی :

تا ئیستا ١٩ هەزارو ١٥٠ دینار بۆ کەرەسەی پێویستی

بەردەوامی لاپەڕە ٧

بەڕێوەبەرای یەکەوردەی سلێمانی باسی پرۆژەکانی نێوان هەردوو ئادارەکانی ١٩٧٤ ١٩٧٥

مامۆستا فوئاد عیززەت مستەفا بەڕێوەبەری پەروەردەی سلیمانی بە بۆنەی بیرەوەری ١١ای ئاداروە باسی ئەو پرۆژانە ئەکات کە لە ئاداری ساڵی (١٩٧٤)ەوە تاکو ئاداری ساڵی ١٩٧٥ لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلیمانیدا جێبەجێ کراون..

مامۆستا عیززەت بەم جۆرە پرۆژەکانی خستە ڕوو :

خویندن بە خۆڕایی :

لە سەر بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش قوتابیانی باخچەی ساواوان سەرەتایی و ئاوەندی و ئامادەیی یەکان ئەمساڵ بە خۆڕایی هەموو پێویستیەکی خوێندن وەر ئەگرن.

ڕەشی ناوخۆیی قوتابیان :

سەر لەنوێ شوێنی ناوخۆیی قوتابیانی نوێ کرایەوەو کەرەستەی پێویستی تریان بۆ ئامادە کراو لە (٥٠) قوتابیەوە ژمارەیان کرا بە (١٠٠) قوتابی وە یەکەمین جارە کە لە سلیمانیدا (٥٠) قوتابی کچیش وەرگرتوە.

پۆشتەکردنی قوتابیان :

لەم ڕۆژانەدا شەش هەزار دینار بە سەر ئەوقوتابیانەدا دابەش ئەکرێ کە لە دەرەوەی شار هاتون بۆ خوێندنو شوێنی ناوخۆییان بەر نەکەوتوە، وە (٣٠) هەزار دینار بۆ پۆشتەکردنەوەی قوتابیە هەژارەکان دانراوەو لە ئیستاوە دەست کراوەبە دابەشکردنیان.

خورادەمەنی بۆ قوتابیان :

ئەمساڵ ژمارەی ئەو قوتابیانەی خواردنیان بەسەردا دابەشکراوە لە دوو هەزار قوتابیەوە گەیشتۆتە (٧٥٠٠) قوتابی وە لەپاش مانگی ئازاریشەوە ئەبێت بە دە هەزار قوتابی. وە دو ئۆتومبیلی تایبەتی بۆ گوێزانەوەی خواردەمەنیەکان ئامادەکراون.

ڕۆژەی نەهێشتنی زەخوێندەواری :

تاکو بۆمان بکرێ خانوبەرەی تایبەتی بۆ مەلبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری

مامۆستا فوئاد عیززەت مستەفا

مامۆستا عیززەت بەم جۆرە پرۆژەکانی خستە ڕوو :

خویندن بە خۆڕایی :

لە سەر بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش قوتابیانی باخچەی ساواوان سەرەتایی و ئاوەندی و ئامادەیی یەکان ئەمساڵ بە خۆڕایی هەموو پێویستیەکی خوێندن وەر ئەگرن.

ڕەشی ناوخۆیی قوتابیان :

سەر لەنوێ شوێنی ناوخۆیی قوتابیانی نوێ کرایەوەو کەرەستەی پێویستی تریان بۆ ئامادە کراو لە (٥٠) قوتابیەوە ژمارەیان کرا بە (١٠٠) قوتابی وە یەکەمین جارە کە لە سلیمانیدا (٥٠) قوتابی کچیش وەرگیرا

١١ ئادارییتەویخەباتی - پاشماوە

بەرایەتی گشتی رۆشنبیری کوردو دەزگای هاوکاری چاپ و بلاوکردنەوەی کوردی و خوێندن بەزمانی کوردی لەو ناوچانەی کوردی تیا دانەنیشتی و زمانی کوردی شان بەشانی زمانی عەرەبی کرا بە زمانی رەسمی ، وە جێگری سەرۆکماریش کە کورده دانرا ٠٠ دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئادارى ١٩٧٠ جارێکی تر تونتو تۆڵی و لەیەکتری نەپچڕاوی برایەتی و هاوخەبات و تێکۆشانی هەردوو گەلی کوردو عەرەبی لە عیراق دا ساغ کردەوەو سەلماندنی ، کە لەسەر بەردی بناغەی برایەتی بەتینی ئەو دوو نەتەوەیەی عیراق هەموو نەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستو دوژمنان گۆڕنەکرێ ٠

هەروەها ئەو بەیاننامەیە وەکو بڕیارێکی رەسمی و یاسایەک بە ئاشکرا دانی بەوەدا نا کە نەک هەر بوونی نەتەوەی کورد بەڵکو بگرە ئاوات و ئامانجەکانی و مافە نەتەوەیی و دیموکراتی یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی یەک نیشتمان و وڵاتی لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتمانی عیراق دا بەڵگەی بوون و رەوایەتی خۆی هەیە ، هەروەکو ئەم لایەنە لە راپۆرتی هەشتەمین کۆنگرەی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبدا روون کراوەتەوە ٠

ئەمڕۆش کە لەگەل یادی پێنج ساڵەی دەرچوونی ئەو بەیاننامەیەدا ، یادی تێپەڕبوونی ساڵێک ئەکەینەوە بەسەر بلاوکردنەوەی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان دا کە سەرکۆمار تێکۆشەر کاك احمد حسن بکر خوێندیەوەو تیایدا مافی ئۆتۆنۆمی بە گەلی کورد دراو دڕا بە دوای ئەمەش دەستکرا بە دانانی بەردی بناغەی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی ٠٠ وەکو دانانی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و تەنفیزی و دانانی ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنەکەو دەست بەکارکردنیان بۆ ئاوەدان کردنەوەی ناوچەی کوردستان ٠٠ جگە لەوەی کە لە بودجەی عیراق دا پارەیەکی زۆر بۆ پەرەپێدانی دامو دەزگاو دامەزراوەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی تەرخان کرا ، وە کۆپیشەسازی و میکانیك و کشتوکاڵی ئاوەدان کردنەوەو راکێشانی ڕێگاو بان و چەندین پرۆژەی تر ٠

دەبا هەر شەکاوە بێت ئالای ١١ی ئادارو پتەوتربێ برایەتی و خەباتی کوردو عەرەبو یەکێتی نیشتمانی دژی پیلانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان سەرکەوتن هەر بۆ گەلی عیراق و نیشتمان پەروەری و رۆژە دڵسۆزەکانیەتی ٠

ئادار بەری - پاشماوە

بەمافە نەتەوەییە رەواکانی شادبێ ٠ ئیمە بڕوامان پتەوە بەوەی کە ئەو هەنگاوانەی لەم دواییەدا نران وەکو وەرگرتنی پارتی و هێزو کەسانی نیشتمانی پێشکەوتنخواز لە کوردو عەرەب لە بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازدا ، بەشداری ئەکات بۆ تەختکردنی ئەو کۆسپانەی لەبەردەمدان و دوور نیە لە بەردەم ئەو تاقمە کردنەوەیە نوێیەدا قوت ببنەوە

ئادەع

لە پەیامنێری هاوکاریەوە لەهەولێر

بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی لە پەیامنێری هاوکاریەوە گەیشتوە رۆژی سێ شەممە لە شاری هەولێر ئاهەنگێکی فراوان بەبۆنەی بیرەوەری هەردوو ئادارەوە ڕێکخراوە ٠٠ وە لە ئاهەنگەکەدا سروودی ئەی رەقیب پێشکەش کراوە ، ئنجا وتاری ئەنجومەنی تەنفیزی و ئەنجومەنی یاسادانان و وتاری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و وتاری بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازو وتاری پارتی کۆمۆنیستی عیراق و وتاری پارتی دیموکراتی کوردستان و وتاری چەندین ڕێکخراو و کۆمەڵەی پیشەیی خوێندراوەتەوە ٠٠ جگە لەمانەش شایی و هەڵپەرکێی کوردی و گۆرانی عەرەبی و تورکمانی و سریانی نزیکەی ٥ سەعاتی خایاند ٠

پاشماوەی کارگەی چیمەنتۆ

هۆی زیاد کردن و گورینی جۆری بەرهەم و ڕواڵەتی کارگەو باری ناوخۆی کارگەکە ، خەریکین دە خانو بۆ کاربەدەستەکانی کارگە ئەکەینەوە لەگەل ئوتیلێکی گشتی و گوزاری گەورە ٠

سالی ڕابوردو داوا کاری چیمەنتۆ ئەمەندە زۆر بوو بەش داواکارانی نەئەکرد وە بە تایبەتی جۆری دابەش کردن و فرۆشتنی لە لایەن بەرپرسیکراوەکانی کارگەوە تا ڕادەیەک کەموکورتی تیا بوو ٠

لە شاری کەرکوك مەکتەبی فرۆشتن و دابەشکردنی چیمەنتو مان دامەزراندو چەند موچە خۆرێکمان بۆ تەرخان کرد ٠ ئیستا لە مەکتەبی ناوبراو بە بێ جیاوازی هەموو کەرەسەی چەرخی ئەم بەشەمان پێ ئەگات و دەست ئەکەین بە دامەزراندنی ، دو دەستە مەکینەی دروستکردنی پاکەت لە کرێواوە کە لەم چەند مانگەی داهاتودا ئەگاتە کارگەو دائەمەزرێن ، دو کۆمەڵ مەکینەی گلۆز پێچانەوە کە گلۆز لە کارتوندا ئەپێچێتەوە لە جیاتی قاقەز ئەوانیش دائەمەزرێن ، دو مەکینەی دیزلی کارەبایی بۆ هاتوو دامان مەزراندون کە لە کاتی بڕینی کارەبای شارەکەمانا ئیشیان پێ ئەکەین کە ئەمە گەورەترین گیروگرفتی کارەبای بۆ چارەسەر کردوین ، چەند مانگێکی گەورە ئەکەینەوە بۆ کۆ کردنەوەی شتومەك ، چوار بار هەڵگری ٢٦ تەنیمان کرێوە بۆ گوێزانەوەی بەرهەم بۆ شارەکان ، بەدەستەوەیە چەند ئوتومبیلێك بکرین بۆ گوێزانەوەو هێنانو بردنی کاربەدەستو کریکاران ، ئەمانە جگە لە چەند پرۆژەیەکی بچوکی تر ٠

لە بارەی گۆڕینی جۆری بەرهەمەکانیانەوە بەریز بەڕێوەبەری تەکنیکی وتی :

بڕیاردراوە هەر سالەی چەند مەکینەیەکی دروستکردنی جگەرەی فلتەر بکرین و بیانخەینە جێگای مەکینەی جگەرەی بێ فلتەر وە بەمەلە ماوەی (١٥-٢٠) ساڵدا جگەرەی فلتەر جێگای جگەرەی بێ فلتەر بە تەواوی ئەگرێتەوە ، وە دیسان نیازمان وایە چەند مەکینەیەکی چاپەمەنی ئوفسیت بکرین بۆ ئەوەی جۆری چاپکردنی کلیشەی پاکەتەکان جوانتر بێ و زۆر تر سەرنجی خەڵکی ڕابکێشێت ٠٠ وە هەروەها بە دەستەوەیە چەند دەزگاو چەرخێکی (مختبر) بکرین بۆ باش کردن و پێش خستنی جۆری ڕوخساری بەرهەمەکان ٠

لەکۆتایی دا مامۆستا بەڕێوەبەری تەکنیکی وتی :

ئێمە لە ئیش کردنا پشت بە دڵسوزی کریکارەکانمان ئەبەستین تا چەرخی نوێ یان گەورە ، وە ئەمەش نمونەی دڵسوزی کریکاران و لێپرسراوانی بەشەکانی کارگەکەیە ٠

پەسندکردنی ریککەوتنامەی : پاشماوە

چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان لەگەڵ ئێران و دامەزراندنی پەیوەندی باشی دراو سێیەتی لەگەڵ ئێران بەشێوەیەك کە خزمەتی بەرژەوەندی ناوچەیی هەردوو دەوڵەتی دراوسێ بکات و بەرزی وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوت (ئوپێك) کە لە چوارچێوەی دۆخی ئێستا دا دامەزراندنی پەیوەندی ئاسایی ئاسودەیی و دایەدەست ٠

وە لەکۆبونەوەکەدا باسی ئەنجامی ئەو وتووێژانە کرا کە مامۆستا صدام حسین لە لیبیاو فەرەنساو تونس کردبوونی ، لەگەڵ ئەنجامەکانی کۆنگرەی بەرزی وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوت (ئوپێك) کە لە چوارچێوەی دۆخی ئێستا دا دامەزراندنی پەیوەندی ئاسایی ئاسودەیی و دایەدەست ٠

پاشماوەی فەرهەنگی زانیاری

ئێران دابگرن کە گەورەترینیان موریدیان هەیە و بەناو قەڵای (ئەڵەموت)ە تا مەگولی - هیندستانو پاکستانو ئێرانو یەکان لە سەدەی سێزدەیەم دا ئەفەریقاو سوریادا بڵاوبونەتەوە دەریان پەراندنو لە وەودوا دروزەکان کە کۆمەڵەخەڵکێکی داوەش بوون بەسەر دوو خەتی لە سەر سنوری ئیسرائیلی ئاشکراو دۆژمنبەیەکدا ، دوژمنو خواروی لبنان خەتەلاوازەکەیان لەسەدەی هەژدەهەمدا لە ناوچوو ، خەتە بەهێزەکەیان بە سەرکردایەتی (ئاغا خان) لە ئیرانەوە چوە هیندستان وئێستا ملیونەها جیابوونەوە ئاینێکی داخراویان بۆ خۆیان دانا ٠

پاشماوەی ئافرەتی کوردو ٠٠

بە گشت ئافرەتانی جیهان وەبەتایبەتی بە ئافرەتانی کوردستان دەکەم ،وە هیوادارم ئەم ساڵ ، ساڵی ئاشتی و خوشی و کامەرانی بێت لە سەرتاپای دنیا بە کوردستانی خۆمانەوە ٠

بێ گومان ساڵی ١٩٧٥ کە کراوە بە ساڵی ئافرەتانی جیهان بایەخدانێکی گرنگ ئەگەیەنێ بە دەوری ئافرەت بە وەی نیوەی کۆمەڵە و کە زۆر لەپیاو ماف خوراوترەو دیلی جۆرەها کۆت و زنجیرو بیروباوەری کۆنەپەرستیە ، بەتایبەتی ئافرەتی کوردی خاوەن هەزار و یەك دەری سەر، جا ئازارو ئاواتی ئافرەتی کورد نێجگار زۆرەو جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی زۆر ستەمەو بە ئاسانی نایەتە دی ٠ بۆیە پێویستە خەباتی ئەوەکەمان لەم رۆژگارەو زۆر پوخت و ئاراستەکراو تر بێت ، هەر چەندە داخوازیەکانی ئافرەتی کورد گەلێ زۆرە ، بەڵام وەدەست هێنانی بە ئەنجامی خەباتی پێش کەوتن خوازانەی ئەوەکەمانەوە بەندە ٠

خۆشکە جمیلە ابراهیم

وابزانم ساڵی ١٩٧٥ دەرگەیەکی فراوانە بۆ چوونە ناوکۆمەڵانی خەڵکەوە ، بەتایبەتی لە ئافرەتانەوە ، بۆ ئەوەی زیاتر تێیان بگەین کە ئافرەتی کورد چەند داواکەوتووەو چەندە مافی سروشتی زەوت کراوە هەروەها تا ئیستاکە کە چەرخی زانستو زانیاریە کۆمەڵ بەتایبەتی لە کۆمەڵی کوردەواری بە چاوێکی کەم سەیری ئافرەت دەکات سانی ١٩٧٥ هەڵێکی باشە لە پێڕەوی خەباتی ئافرەتان ، ئیمەی کوردیش کە ئەتەوەیەکی دواکەوتوین و گیروگرفتمان زۆرە ، جا زۆر کاریکی پیرۆزە کە ئەگەر سوود لەم ساڵە وەرگرین ، زیاتر پیاوان هان بدەین کە بە تەواوی دان بەمافی ئافرەتدا بنێین ٠٠

ئافرەتانی کوردستان ساڵە های ساڵە لە خەبات دان بۆ ڕەزامەندی مافی دەوای خۆیان ، بەڵام هێشتا لەسەرەتای ڕێگا دان ، پێویستە لە سەرگشت کۆرو کۆمە لە نیشتمانیەکان پاڵ پشتی خەباتی ئافرەتی کورد وەساڵی ١٩٧٥ بکەن بە ساڵی سەرکەوتن و ئازادی ئافرەت ٠

خاتو عامرە علی

دواکەوتنی ئافرەت بەهۆی کێشەی چینایەتی بەوەیە وەبەندە بەشیوەی پەیوەندی بەرهەم هێنان لە کۆمەڵدا ٠ دواکەوتنی ئافرەتی کورد بەشێکە لە دواکەوتنی ئافرەتانی عیراق و لێی جیا ناکرێتەوە ، چونکە هەردووکیان لە کۆمەڵیکی دواکەو تووداده ژین ٠

دوا کەوتنی ئافرەتی کورد بەهۆی شوێنەوارو پاشماوەی ڕێژیمی دەرە بەگیەتی و نەریت و ڕەوشتی کۆنەپەرستیەوەیە ٠ ساڵی ئافرەتان - ١٩٧٥ - بانگیان ئەکات بۆ کۆکردنەوەی توانامان لە پێناوی هێنانەدی یاسایەکی پێشکەوتوانە بۆ گشت ئافرەتانی عیراق ٠

پاشماوەی لیستەی دووەمی ژاراوە

واریدا بەکار دێت نەك سۆلاف ٠ بەڵکو وا بزانم سولاف ناوە بۆ پێڵەڵێن کە لە هەمان وشەوە شوێنە کە نەك بۆ تاقگەی سۆلاف ٠

صانع :

سازکار (شاگرد)م پێ باشترەو زۆرتر باوە :

صناعە :

سازکاری (پیشەسازی)م پێ باشترە زۆرتر باوە ٠

پاشماوەی کارگەی جگەرە

کەرەسەی چەرخی ئەم بەشەمان پێ ئەگات و دەست ئەکەین بە دامەزراندنی ، دو دەستە مەکینەی دروستکردنی پاکەت کە لەم چەندە مانگەی داهاتودا ئەگاتە کارگەو دائەمەزرێن ، دو کۆمەڵ مەکینەی گلۆز پێچانەوە کە گلۆز لە کارتوندا ئەپێچێتەوە لە جیاتی قاقەز ئەوانیش دائەمەزرێن ، دو مەکینەی دیزلی کارەبایی بۆ هاتوو دامان مەزراندون کە لە کاتی بڕینی کارەبای شارەکەمانا ئیشیان پێ ئەکەین کە ئەمە گەورەترین گیروگرفتی کارەبای بۆ چارەسەر کردوین ، چەند مانگێکی گەورە ئەکەینەوە بۆ کۆ کردنەوەی شتومەك ، چوار بار هەڵگری ٢٦ تەنیمان کرێوە بۆ گوێزانەوەی بەرهەم بۆ شارەکان ، بەدەستەوەیە چەند ئوتومبیلێك بکرین بۆ گوێزانەوەو هێنانو بردنی کاربەدەستو کریکاران ، ئەمانە جگە لە چەند پرۆژەیەکی بچوکی تر ٠

لە بارەی گۆڕینی جۆری بەرهەمەکانیانەوە بەریز بەڕێوەبەری تەکنیکی وتی :

بڕیاردراوە هەر ساڵەی چەند مەکینەیەکی دروستکردنی جگەرەی فلتەر بکرین و بیانخەینە جێگای مەکینەی جگەرەی بێ فلتەر وە بەمەلە ماوەی (١٥-٢٠) ساڵدا جگەرەی فلتەر جێگای جگەرەی بێ فلتەر بە تەواوی ئەگرێتەوە ، وە دیسان نیازمان وایە چەند مەکینەیەکی چاپەمەنی ئوفسیت بکرین بۆ ئەوەی جۆری چاپکردنی کلیشەی پاکەتەکان جوانتر بێ و زۆر تر سەرنجی خەڵکی ڕابکێشێت ٠٠ وە هەروەها بە دەستەوەیە چەند دەزگاو چەرخێکی (مختبر) بکرین بۆ باش کردن و پێش خستنی جۆری ڕوخساری بەرهەمەکان ٠

لەکۆتایی دا مامۆستا بەڕێوەبەری تەکنیکی وتی :

ئێمە لە ئیش کردنا پشت بە دڵسوزی کریکارەکانمان ئەبەستین تا چەرخی نوێ یان گەورە ، وە ئەمەش نمونەی دڵسوزی کریکاران و لێپرسراوانی بەشەکانی کارگەکەیە ٠

ڕیسوایەکی لەوا تر گێت : پاشماوە

سەرۆکی « سیا » کردەوەو داوای کردوە کە لە بارەی کردەوە نارەواکانی « سیا » کە ڕاپۆرتی داوە بە سەرکۆماری ئەمریکا بۆ خەڵك ڕوون کاتەوە کلبی گوتوویە : « ناتوانم لەو بارەوە هیچ بڵێم ٠ تەنیا دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە لە مێژووی ٢٥ ساڵەی ئەو ڕێکخراوەدا ، کارەساتی ئەوتۆ ڕووی داوە کە نەدەبوایە ڕووبدەن ٠ »

هەواڵدەری فرانس پرس خەبەری دا کە ڕێکخراوی « جاسوسی ئەمریکا » سیا بەهێندی کردەوەی نهێنی وناوەوای تر تاوانبار کراوە ٠ « سیا » ویستوویە نهێنی چونیەتی سیستمی هاتوچۆ و باروگواستنەوەی وڵاتەکانی بێگانەوەك قەتاری ژێر زەوی ئینگلیزو میترۆی فەرەنسا وە دەست بێنی ٠ سەناتۆر (ریچارد شوایکر) ئەو نهێنیەی دەرخستو داوای لە کونگرەی ئەمریکا کرد کە لە کردەوەی « جاسووسی سەنمەتی » سیا بکۆڵیتەوە ٠ شوایکر بەڵگەیەکی نیشاندا کە دووی مانگی دیسامبری ١٩٧٤ « سیا » داوای لە شەریکەکانی ئەمریکایی کردوە کە لە بارەی سیستمی بارو گواستنەوەی ئینگلیزو فەرەنساو ئەڵەمانیای ڕۆژئاواو ژاپۆن و کەنەداو یەکێتی سۆڤیەت ، ئاگاداری وەدەست بێنن ٠

ڕۆژنامەی « پراڤدا » نووسیبووی : « لە چەند مانگی ڕابردوودا لانی کەم ٢٠٠ ئەندامی « سیا » بۆ پاراستنی سەقام گرتوویی ئەسپانیا بۆ ئەم ولاتە ناردراون » ٠ پراڤدا دەنووسی :- « ئەمریکا دەترسی کە ئەسپانیاش بە دەردی پورتەگاڵ بچێ و بەلای چەپ دابڕوا » ٠

جیمزلیتریک ئەندامی حیزبی کریکاری بەریتانیاو نوێنەری پارلمان گوتی : « داوا لە دەولەتی ئینگلیز دەکا کە جاسووسەکانی ئەمریکایی لە بەریتانیا دەربکا ٠ ئاوبراو گوتی مەبەست لە جاسووسانی ئەمریکایی ئەو مەئمورانەی « سیا »ن کە لە دەرەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە لەندن کار دەکەن ٠ لیتریک گوتی: داوا لە دەولەت دەکا کە مەئمورەکانی « سیا » بە « کەسانی نالەبار » دابنێ ، تاوەبەر ئەو یاسانە کەون کە خەڵکی پێ لە بەریتانیا دەردەکرێ ٠ جیمزلیتریک گوتی : ئەو تاقمە چەبەڵە نەك هەر جاسووسی دەکەن ، بەڵکوو گێژە شێوێنی پیشەیین ناوبراو گوتی : نازانێ چەند پیاوی «سیا» لە بەریتانیا دا کاردەکەن ، بەڵام دەولەتی بەریتانیا بە چەشنی رەسمی لە ژمارەو کاری ئەوانە ئاگاداره ٠ »

ئەوانە بەشیک بوون لە هەڵسووران وکردەوەی تاوانبارانەی ڕێکخراوی جاسووسی ئەمریکا (سیا) کە تا ئێستا لە لایەن ڕۆژنامەو هەواڵدەرەکانەوە بڵاو کراوەتەوە ٠

ئادار دەسکەونیشانەی - پاشماوە

ئەم هەنگاوانەی حکومەتی نیشتمانی ڕێگایان بۆ هێنانەدی ئۆتۆنۆمی کوردستان خۆش کرد ، ئەوە بوو پار لە ڕۆژی ١١ی ئادارا حکومەت بە زمانی سەرکۆمار بەڕێز احمد حسن بکر ، بەڵێنی خۆی هێنایە دی ، یاسای ئۆتۆنۆمی دەرکردو هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و تەنفیزی دامەزراندو ئێستاش لە سەر هێنانەدی بەڵێنەکانی تر هەر بەردەوامە ٠

کەوا بوو هەر پایەداربێت یادی پیرۆزی یانزەی ئادار ٠

سڵاو لە گەلی عیراق بە عەرەبو کوردو کەمایەتی یەکانو هەموو هێزە نەتەوەیی و نیشتمانیەیە پێشکەوتنخوازەکانو حکومەتی نیشتمانی بە سەروکایەتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ٠

لە ئەدەبیاتی گەلانەوە - پاشماوە

(لە نێو سزوشتا)

لە تەك کێو نەشمیلەو نەوڕەسیدەکانی (ڕێڵز)
کە لە بەردەم تاقگە کانی وێڵزا ، وەستاون ٠
تابلۆیەك لە قەوارەی مەیدانی (بیکادیللی)
کە بە (نیۆن) ڕۆشن کراوە ٠٠
ئەمەوێ وێنەی
خاشە بڕکردنی سەرتاپای خانەوادەی شا بگرم
وێنەی ئەوزەو پان و بۆڕی هین هەر پارچەیەك
لە شۆسەی (کانینگستریت)دا ٠٠٠
هیپیزەکان تازە سرودێکی نیشتمانی ئەنوسنەوە
(بریان بارتن)ی شاعیر
بەگڕی پەڕەنگی دەمانچەکەی ، قەسیدەکن
هەڵئەگۆڵێت ٠٠
لە سەر دیواری پاڵوێرێکی کلادا ،
وێنەی ، کاتدرایەکی تازەی لە بەرزایی پەنجا میلا
کە لە گاڵیسکەی منداڵان دروست کراوە ، بگرم ٠٠
لە گەڵ پاکەتێکی بۆشی بە ماچ موچ نەخشکراو ٠٠
ئەمەوێ وێنەی
وێنەیەك بگرم ، کە لە فرمێسکی منداڵە چلکن و
بیوڵەتەکانی
(شاتام سترێت) دروست کرابێ ٠٠
ئەمەوێ وێنەی
دەستەواژەی (خۆشم ئەوێی) بگرم
ئەمەوێ وێنەی
هەر وێنەیەك بگرم ٠٠

بەشی دووەم

ئەمەوێ وێنەی
سەرو سیمای کۆنە هەرگی مێرۆیی بگرم
لە تەك (١٠٠٠٠) دڵی ئاڵ ٠٠٠
نازێ تەتەرە سرکو لەش سوکەکانی پۆستە
ئەیهێنێ ٠
یەکەم بەیونی بەهار کە لە پلاستیك دروستکراوە
سەری خۆی لە بواری کارتۆنەکانی سابونا
ئەشارێتەوە ٠
لە (سوپەر مارکێت)دا
وێنەیەکی جیهان هەیەو تۆ لە ناوەراستیایت ٠٠
ئەمەوێ وێنەی
هەمو رودارو تامپۆنێکی سەر ڕێگای گشتی بگرم ٠٠
ئەمەوێ وێنەی
دەستەواژەی (ڕاتەکاندنێکی ڕێکی گشت
هەستەکان) بگرم
کە بە دێڕی بزۆزو ڕەش ،
لە بەرزایی پەنجاهیل و لە نێو ئاسمانی لێفەڕەولا
نوسراوەتەوە ٠٠٠
ئەمەوێ ،
وێنەی چەندین وێنەیێ بگرم
تا منداڵەکان بتوانن ، ڕازی (خەتخەتێن و بەرد
بەردێن)ی لە سەرا بکەن ٠٠٠
دادگای تاوانەکانی کوشتن و بڕینی پێ بتۆقێنن
منداڵە عفریتەکانی پێ بترسێنن
تا خوێڕی و بەڕەڵلاکانی تێدا جێنشین بێت ٠٠
چەندین وێنە بگرم ،
تا فەرازیەکان ، لە هەگبەی کریسمسا دەستو
دیاری خۆیانیان تێدا
بدۆزنەوە ٠٠
ئەمەوێ وێنەی
هەر وێنەیێ بێ ٠٠٠ بگرم

عاقول :

حوشتر الوك - حوشتر خوار باوە هەروا (عاقول)یشی پێ ئەڵێن کە لە هەمان وشەوە هاتوە ٠

عرق السوس :

مێکوك : بەڵەك باوترە ٠

علف الدواجن :

دان : دانە مریشك باوە ٠ هەر چەن زۆر جار ئەوتری ئەو مریشکانە دان بدە ئەگەر مەبەست دانەوێڵە دان بێ بە مریشك ٠ بەڵێ (دان) زۆر مانای هەیە ٠ بەمان بەخشین (عطا)یە وزۆرشتی تریش ٠ شێخ رەزا ئەڵێت ٠ ئاشی پاشی ئەو بە ئاوی (-)ی ئێمە ناگەرێ ئاش بە تاڵی بۆ بکە گەر تاقەتی (دان)ت هەیە ٠ یا وەکو نامەو شیعرەکەی شێخ مەحمودی نەمر کە لا شێخ لەتیفی ددان سازی نوسی بو ئەڵێت : وسو موحتاجی (دانە) هاتە لاتان - ئەڵێن ئێوەش دەستیکتان هەیە لە دانا

kurdedenario institut

فەرهەنگی زانیاری

ئیسماعیلی یەکان

ئیسماعیلی یەکان لە بنەڕەتدا بەرەیەکن لە شیعەکە لە سەدەی هەشتەم و سێنزە هەمدا، یاخۆ لە ٧٦٥ کە جەعفەری کوری محەمەدی تێدامرد سەری هەڵدا، ئەو جەعفەرە بە ئیمامی شەشەم دانرا، ئیسماعیلی-یەکان بەپێچەوانەی دوانزە ئیمامی یەکان کورە هەرگەورەی جەعفەر ئیسماعیلیان هەڵبژارد بە ئیمامی حەوتەم و لەبەرئەوە ماوەیەک ناوی حەوتەوانەیان لێنرا. لە دواییدا وایان دەرخست کەوا (محمەد التام)ی کوری ئیسماعیل لە دوایی هاتنی دنیادا جارێکی تر هەڵ ئەسێتەوە، بەپێی سەرهەڵدانی ئیسماعیلی یەکان کە لە سەدەی هەشتەم و نۆیەمدا دەقی خۆی گرت، قورئان دوو لێکدانەوەی هەیە. نهێنی و ئاشکرا، ئەوانیش وەکو (مانەوی یەکان) لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دوو شێوە ئیسلام هەیە، ئیسلامی ئاسایی و ئیسلامی ڕێکوپێک. نامەکانی - اخوان الصفا - کە ئینسا یکلۆپیدیایەکی فەلسەفی وئایینی سەدەی دەیەمەو (نیو ئیفلاتونیم)ی تیا بەدی ئەکرێ ئەڵێن لەلایەن هەندێ کەسەوە نووسراوە کە پەیوەندیان بە ئیسماعیلی یەکانەوە هەبووە. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆیەمدا ئیسماعیلی یەکان لە خواروی عیراق دا بەسەرۆکایەتی (حمدان قرمط) کە موریدەکانی بە (قرمط)ی ناویان دەرکرد پەرەیان سەند و لە بەحرەین و یەمەنیش جالاکی یەکی تەواویان نواند. لە سەدەکانی نێوان نۆیەم و ویانزە هەمدا، لە تونسیش عوبەیدوللا ناوێک هەرایەکی گەورەی بەرپاکرد وخۆی ناونا یەکەم خەلیفەی فاطمی و لە سالی ١٩٦٩ی هێرشێکیان برد سەر میسرو گرتیان.

لە سالی ١٠٤٩ دا دووبەرەکیەکی توندو تیژ کەوتە نێوان ئیسماعیلی یەکانەوە لە سەر دانانی جێگری (موستەنسیر)، میسریەکان (موستە علی) کوریان هەڵبژارد وئیسماعیلی یەکانی ئیران و سوریە (نزار)ی کورە گەورەی بەم جۆرە ریشەی (نزار) و (موستە علی) پەیدا بوو.

سەلاحەددینی ئەیوبی لە سالی ١١٧١دا لە میسر کۆتایی بەفەرمانڕەوایی ئیسماعیلی یەکان هێنا بەڵام لە یەمەن ئیسماعیلی-یەکان هەرمانو ئەمیری کوری موستەعلیان بە خەلیفە دانا وله دوای ئەو (الطیب)ی کوری (ئەمیری) وەوایان بلاوکردەوە کە مەهدی ئاخر زەمان ئەم (الطیب)ەیە، ئیتر لە دوای ئەم خەلیفەیان هەڵ نەبژارد وتەنها (داعیە) سەرپەرشتی کاروباریانی ئەکرد، لە سەدەی شانزەیەم دا پاشماوەی موستە-علیەکان کۆچیان کرد بۆ هیندستان و «داعیە»ی گەورە ئێستا لە (سورات) دانەنیشی لە ناوچەی کوجرات وبە (بوهرێ) ئەناسرێن.

فیزاری یەکان بەپیشەوایەتی (حسن الصباح) لە سالی ١٠٩٠ دا توانیان دەست بەسەر چەند قەڵایەکی سوریاو

أ٠ش لە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی یەوە کردوویەتی بە کوردی

بڕوانە: ل ٧

لە یەکەمە پێشانگای وێنەی منداڵانەدا

منداڵ گوڵی ژیانو هیوای بەرزی دوا ڕۆژی گەلو کۆڵەکەی بنیات نانی کۆمەڵگایەکی بەختیارو پێشکەوتوون. جا پێویستە بایەخو نرخێکی تایبەتی ئەو تۆیان پێ بدەین کەخونچەکانی باخی ژیان بگەشێنەوەورێگەی سەختیان بۆ تەخت بکەین.

منداڵ لەچوار چیوەی جیهانی خۆیدا خەوو خەیاڵو هیواو ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە ئەمڕۆ بایەخێکی تەواو بە منداڵ ئەدرێتو هەموو ساڵ پێشانگای منداڵان لە هەموو سوچێکی دنیادا ئەکرێتەوە، پێشانگای ئەم ساڵەمان لە هۆڵی (کۆمەڵەی تەشکیلی یەکانی عیراق) لە ٢٢-٢-١٩٧٥ دا کرایەوە زۆربەی قوتابخانەکانی بەغداو چەند قوتابخانەیەکی

پارێزگاکانی تر بەشداریان تیادا کرد، منداڵانی بەغدا لە تەمەنی سێ ساڵی تا سیانزە ساڵی بەبەرهەمی خۆیان بەشداریان لە پێشانگاکە کردوە تابلۆیەکان ڕەنگ دانەوەی هەستی منالی-یەتیان بوو، کە لە چوارچیوەی وینەکێشانی واقیعی ڕۆژانەو هەندی مەسەلەی تری لە بەرچاوو گرینگ خۆیان نیشان ئەدا وەک مەسەلەی کرێکارو جوتیاروبرایەتی کوردو عەرەب و دەربڕینی هیواو خۆشی و تاڵی و سوێری ژیانیان و جۆرە شتی جیا جیا. وەئەوەی کە جێگەی سەرنجڕاکێشان بوو ئەوە بو کە لە ناوەراستی هۆڵەکەدا قاقەزورەنگ دانرابوون و هەر منداڵ بوو وێنەی ئەکردو لێی پرسراوانی پێشانگاکە هۆڵەکەیان پێ دەرازاندەوە ... ئەمەش تاقی کردنەوەیەکی بەسوودە کە منداڵ بەکۆمەڵ دانیشن و وێنە بکەن.

بە هەمان زانی گفتوگۆیەکی لەگەڵ هونەرمەند (حمید الشمری)دا بکەین.

پ: ڕاتان چیە ئەگەر ئەم پێشانگایە لە شەقامەکانو شوێنە گشتیەکانا ڕیکخرا بایەلە جیاتی ئەوەی لەم هۆڵە دابێ؟!

و: ڕاستە ئەگەر وا بوایە سوودی پتر تر ئەبوو، بەڵام چەند هۆیەکی تایبەتی بوونەتەگەرە وەکو هەڵو مەرجی سروشتی، هەروەها ئێمە لەوباوەڕە دا نەبووین کە بەمجۆرە بەشداری بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ ئەدەین بۆ جارێکی تر ئەو ئاواتە بێنینەدی.

پ: ڕاتان بەرامبەر پێشانگایەکە چیە؟

و: ئەوی ڕاست بێ، ئەمەتاقی کردنەوەیەکی تازەیە بە

● داد لە دەست بێ شەکری ...!

لە ڕۆژ ئاوا دا بێ شەکری تەنگی بەخەلکەکە هەڵچنیوە بە جۆری گۆڤاری دێر شپیگل کە لە ئەڵەمانیای ڕۆژ ئاوادا دەرئەچێت بلاوی کردۆتەوەکە زۆر دوکان لەبەریتانیا چەند جارێکی کەم تەنیا ڕۆژێدە دەقیقە شەکر ئەفرۆشن. وە لە ئەمەریکا کەمبوونی شەکر بۆتە هۆی بەرز بوونەوەیێکی خیرای نرخی شەکر، تاڕادەیەک دوکاندارەکان

١ - سەرخۆشێکی بەختەوەر

پۆلیسی شاری ڕۆسیون لەسویسرا سەرخۆشێکی لە شەقاما هەڵ گرتەوەو خستی یەبەندیخانەوە، لە دواییدا کابرایان لە بیر چۆوەو چوار ڕۆژ بێ نانو ئاومایەوە، تا هەوال نووسی ڕۆژنامەکانی پێیان زانیو سەرەک پۆلیس ناچار بوو کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری بگرێتو داوای لێ بوردن بکات، بەڵامو تی: ئەم پیاوە دەست بەسەرە ئەیتوانی سەرنجی خەڵکەکە بۆ لای خۆی ڕاکێشێت گەر لە دەرگای بدابایە لە دواییدا وتی: بۆم دەرکەوتووە کە ئەم پیاوە بێ کارو شوێنە پۆلیس ئیشیان بۆ دۆزیوەتەوەو جیگاشیان بۆ داناوە کە تیایا بحەوێتەوە.

٢ - تۆڵەسەندنیش خۆشە ...!

خانمێکی ئینگلیزی سکالای خۆی خستە بەردەمی قازی دادگا کە میردە زبڵ ڕێژەکەی جنێوی پیسی پێ ئەدات، میردەکەی دانی بە وتاوانەنەهێنا، بەڵام قازی لایەنگیری ژنەکەی کرد بەشێوەیێک کە جێگەی واق ورمان بوو چونکە مان گرتنی زبڵ ڕێژەکان تەنگەی پێ هەڵچنی بوو.

هۆیەکی نیمچە ماقوڵ

(تیم هارتلی) کە تەمەنی بیست ساڵەو خەڵکی شاری (کۆن ڕابیدزە) توانیویەتی ١٤٤ سەعات قسەبکات، بێ ئەوەی ڕابوەستێ ژمارەی لەئەندازە بەدەری پیشوو ٦ سەعاتی کەمتر بوو لەهی ئەوئەم لاوە هۆیەکی نیمچە بەجێی بەدەستەوە بوو، ئاژانسی یۆنایتدپریس

وێنەیەک لە کوردستانەوە

قسەی بەجێ

● هەموو شت کەم بێ بە نرخ ئەبێ، زانست تا زۆر بێ بە نرخترە.
- عەلی ئەبو تالب -

● گەل بە ڕەوشتوخوی جوان سەر ئەکەوێ، ڕەوشتو خوی جوانیش بێ ئیمانو باوەڕ نابێ، ئیمانو باوەڕیش بێ تێگەیشتن نابێت.
- ئەفغانی -

● نەبەزین لە ژیانا سەرکەوتنە.
- سوقرات -

● دۆست لە تەنگانەدا هێمن لە کاتی ڕقا، دلێر لە شەڕدا دەناسرێن.
- لوقمان -

● وتە بێ کردەوەی ڕۆژانە بایەخی نیە.
- ستالین -

● یەکەم ماەۆستام دایکم بوو.
- جامیسون -

خیام حەمە سالح کارگەچی ناردوێتی

Institut kurde de paris

سەرمانا تێپەڕ دەبێ وەکو پێم وتن ئێمە بە تەمای ئەم جۆرە بەشداریەیە فراوانە نەبو وین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیمان سەرنجی بینەران ڕابکێشینو جێی ڕەزامەندیان بین، سەرەڕای ئەوەش تابلۆکانیش هەستێکی بەتینیان تیا دایە. هیوادارین پێشانگایەکی تایبەتی ڕێکخەین بۆ هەموو منداڵان.

لە دواییدا چاومان بە (یحیی الشیخ) کەوت وچەند پرسیارێکمان لێ کرد.

پ: ئایا نیازتان هەیە ئەم پێشانگایە یاخود پێشانگایەکی تایبەتی بۆ منداڵانی کورد لە کوردستان دا بکەنەوە؟.

و: ئەمە شتێکە کە هیواو ئامانجی ئێمە شەو لە یاسای کۆمەڵەکەمان دا دان بەوە نراوە کە پەیوەندی لە نیوان هەموو هونەرمەندانی عیراقدا پەیدا بکەین، بەڵام بە داخەوە کە جارێ ناتوانین ئەم پێشانگایە لەکوردستان دا یاخود لەجێیەکی تردا بکەینەوە لە بەر چەند هۆیەک وەکو بێ دەرامەتی کۆمەڵەکەمانو ڕێگەنەدانمان کە ئەم جۆرە کارانە بکەین، هەروەها نەبوونی پەیوەندی لە نێوان ئێمەو پارێزگاکاندا لەلایەکەوە وە لە لایەکی ترەوە لە نێوان ئێمەو کاربەدەستانەوە، وە تا ئێستا تەنیا لەمان هەر لە موسڵو بەسرە هەیە، وە ئێمەوەک هونەرمەند لە لایەکەوە وە لە لایەکی ترەوە وەک نیشتمان-پەروەر هیوادارین کە ئەم جۆرە پێشانگایانە نەک لە کوردستان بەڵکو لە هەموو لایەکی تری عیراقدا بکرێتەوە.

جا هیوادارین کە لێپرسراوانلە کوردستان منداڵی کوردمان بڕبەش نەکەن لەم جۆرەچالاکی یانەو هەوڵێ بەدەن بۆ ڕێکخستنی پێشانگایەکی هونەری بۆ منداڵانی کوردستان، تا هەستی منالەیان لە چوارچیوەی بەرهەمە ساکارەکانی خۆیان دەربڕن!!

أ٠ زەردەشتو کەمال عەلی ئامادەیان کردووە

نێوان ئێمەو پارێزگاکاندا لەلایەکەوە وە لە لایەکی ترەوە لە نێوان ئێمەو کاربەدەستانەوە، وە تا ئێستا تەنیا لەمان هەر لە موسڵو بەسرە هەیە، وە ئێمەوەک هونەرمەند لە لایەکەوە وە لە لایەکی ترەوە وەک نیشتمان-پەروەر هیوادارین کە ئەم جۆرە پێشانگایانە نەک لە کوردستان بەڵکو لە هەموو لایەکی تری عیراقدا بکرێتەوە.

جا هیوادارین کە لێپرسراوانلە کوردستان منداڵی کوردمان بڕبەش نەکەن لەم جۆرەچالاکی یانەو هەوڵێ بەدەن بۆ ڕێکخستنی پێشانگایەکی هونەری بۆ منداڵانی کوردستان، تا هەستی منالەیان لە چوارچیوەی بەرهەمە ساکارەکانی خۆیان دەربڕن!!

أ٠ زەردەشتو کەمال عەلی ئامادەیان کردووە

هەرچارەی نوسینێک

ژیان لە (٧٠) ساڵیەوە دەست پێ ئەکات

× «کانت» تەمەنی (٧٤) سال بوو کە کتێبی (زانیاری مرۆڤ)و کتیبی (زانیاریەکانی ئەدیو سروشتی) دانا. هەر لەم تەمەنەدا بو کە (تینتوریتو) وینەی (بەهەشتی بەرین)ی کیشا کە پانی ودرێژی (٧٤×٣٠) پێ بوو. هەروەها (فیردی)ش لە هەمان ئەم تەمەنە دا بوو کە ئاوازی (عوتیل) و لە (٨٥) ساڵیشدا ئۆپەریتی (ئافی ماریا)ی دانا.

× لە تەمەنی (٧٨) ساڵیشدا بووکە (لامارك) کتیبە بە ناوبانگەکەی (میژوی سروشتی بڕبڕە پشتدارەکان)ی تەواوکرد..

× تەمەنی (٨٠) سال بو کە (کاتو) دەستی کرد بە فیربوونی زمانی یۆنانی و (گۆتە) چیرۆکی (فاوست)ی نووسی.

× بەڵام (تیشیان) کاتێک کەوێنە نەمرەکەی (شەڕی لێبانتۆ)ی کیشا تەمەنی خۆی دابوو لە (٩٨) ساڵ.

× ملیون دار (فاندربلت) لە (٧٠) ساڵیەوە تا (٨٣) سالی صەد ملیون دولاری تری پەیدا کرد بوو، بەڵێ بەوهەمو سامانەی کە هەیبوو تیری نەخواردوە وهیناویەتی ئەوەشی لەسەر کە لەگەڵ کردوە! «ڕچا ئیستا با بەم ڕوداوە پیکەنیناوی یە کۆتایی بە پیری و کول نەدان وبەرهەم هینان بهینین: ئەلین کە کابرایەک تەمەنی (١٠٥) سال ئەبێت بەڵام لە گەڵ ئەو هەموو تەمەنە درێژە دا هەر خۆی خزمەتی باخچە فراوانەکەی ماڵەکەی ئەکرد.. ڕۆژێکی میوانێکی لێی ئەپرسێ کە ئایا هەر خۆشت زەوی باخەکە نەکێڵێ؟ لە وەڵامدا ئەڵێ: نەخێر لەم تەمەنە دا ئەوکارە گرانە بەمن هەلناسوورێ، لاویکی دراوسیمان هەیە خوا عەمر درێژی کات ئەوبە پیاوەتی لە بریتی من ئەوکارە ئەکات. جاپیکەنینەکە لە وێدایە کە میوانەکە ئەچێتە بنجو بناوانی ئەو (لاوە) بۆی دەر ئەکەوێ کە تەمەنی ئەویش (٨٥) ساڵە!!

تەها بابان

کاریکاتێری هەندەران

هێواش.. دوکتۆر!

لە گۆڤاری (تەندروستی)ی سۆفیەتیەوە
کاریکاتیریست: ل٠ سەمەیلۆڤا
کاکە حەمەی هەلاکەریم ناردوویەتی

هەفتەیەک بەسەر ئەم هەوالانەدا تێ نەپەڕی کە خوێنەرێک نامەیەکی بۆ ڕۆژنامەکە نارد کە ئەوکەسە ڕۆژنامەکە ناوی هێناوە شیاوی ئەو نازناوە نیە، پیاوێکی ئینگلیزی تر هەبووە کەلە سەرەتای سەدەی نۆزدەم ژیاوەو ناوی (دانیال لامبرت) بووە کە ژمارەیەکی بێ ئەندازەی تۆمار کردووەو کێشی گەیشتوتە ٣٣٥ کیلۆ گرام، ڕۆژنامەکە وێنەکەی بلاوکردۆتەوەو گەرخوێنەری خۆشەویست سەیری وێنەکە بکات بروانا کات کە کێشی ئەوەندەبێت والەوانەیە بڵێت: ٧٣٩ کیلۆ گرامە.

زنجیرەی سپاردن بەکتیبخانەی نیشتمانی ١٥٦ی ساڵی ١٩٧٤

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لەدەزگای هاوکاری چاپ و بلاو کردنەوەی
کوردی دەرنەچێت

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية

بغداد - شارع الجمهورية - ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

هاوکاری

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

(٨) لاپەڕە
نرخی
(٢٥) فلس
لە (دارالحرية)
چاپ ئەکرێ

ئاهەنگی جەژنی نەورۆز

بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە دوێنێی ئێوارە (پێنج شەممە) بەڕەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز میهرەجانێکی وتار خوێندنەوەی سازکرد وە لە ئاهەنگەکەدا وتاری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و هێزەکانی بەرەو وتاری هەردوو ئەنجومەنی تەنفیزی و یاسادانانی ناوچەی کوردستان خوێنرایەوە ..

هەروەها بڕیاریش وایەکە ئەمڕۆ ئاهەنگێکی

بڕوانە ل - ٧

ژمارە (٢٥٩) ٢١-٣-١٩٧٥

نەورۆز

خەبات و فیداکاری وسەرکەوتنە

ئازاد احمد



رۆژی دوو شەممەی رابوردوو ١٧ - ٣ لەسەرۆ داخوازی سەرکۆمار کاك احمد حسن بەکر، سەرکۆماری ئەفغانستان بەڕێز محمد داود لەگەڵ وەفدێکدا بەسەردان هات بۆ بەغدا ... وە لە فرۆکەخانەلەلایەن سەرکۆمارو کاربەدەستانی پایەبەرزی ولاتەوە پێشوازی گرا بەڕێز سەرکۆماری ئەفغانستان چوار رۆژ لەعیراق ئەمێنێتەوە ودەربارەی پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان هەردوو ولات گفتوگۆ ئەکات .

وە سەر لە ئێوارەی ١٧-٣ لەکۆشکی جمهوری سەرکۆمار کاك احمد حسن بەکر لەگەڵ بەڕێز محمد داود سەرکۆماری ئەفغانستان کوبۆوەو دەربارەی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو ولاتی دۆستو باری ئێستای نێودەوڵەتان وتوویژیان کرد . وە ئێوارەی سێ شەممە مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەبەڕێز محمد داود سەرکۆماری ئەفغانستان داو دیدەنیی یەکەنزیکەی سەعاتو نیوێکی خایاند . وە رۆژی چوار شەممەش میوانی بەڕێز سەری لەپارێزگەی کەربەلاو کارگەو فابریقەکانی ئەسکەندەری یەدا . وە لەبارەگای وەزارەتی پیشەسازی و کان وتوویژی ئابووری و تەکنیکی لەنێوان عیراق و ئەفغانستان دەستی پێکردو عیراق بڕیاری دا کە مەشق بە کادیری ئەفغانستان بکات لەپەیمانگاکانی عیراقدا لەگەڵ فراوان کردنی ئالوگۆڕی بازرگانی نێوانیان .

ئا.د.ع

بڕوسکەی بەڕێز سەرکۆمار

رۆژی ١٩- ئاژانسی دەنگوباسی عیراق بڵاوی کردەوە کە سەرکۆمار کاك احمد حسن بکرو مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕوسکەیەکی وەڵامی نامەیان بۆ ئەوەی ناونراوە بە مەکتەبی سیاسی یاخیبووەکان ناردۆتەوە .. ئەمەش تەواوی بڕوسکەکەیە :-

لەبەڕێز سەرکۆمارو بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەنی شۆڕشەوە
بۆ ناونراو بە مەکتەبی سیاسی یاخیبووەکان .

بڕوسکەکەتان کە لە ١٩-٣ لەڕێگای فەرماندەی تیپی هەشتەوە ناردبووتان . ئێمە لەمەوبەرو ئێستاش بەتەنکەوەین کە وێڕای بەخشین لەگلانی هەڵەشەیی و سەرەڕۆیی کە خواو گەل پێی ڕازی نین . پێش ١١ی ئاداری ١٩٧٤ بەڕاستگۆیی یەکی سنوورمان ئاڕاستەکرد لەو پاشەڕۆژە تاریکەی چاوەڕێتان ئەکات و ئەوزیانەی بەگەل ئەگات لەئەنجامی ڕۆیشتنتان بەڕێگای دژی گەلو ئامانجەکانی و لەمە گەلی کوردمان و ناوئاتەکانی . ئێمە ئەمڕۆکە ڕووبەڕووی کاری تاوانکاری ئەبین بە دڵنیاییەکە پڕە لە بڕوای سەرکەوتنو خواو گەلو پارێزگاری لە خاک و نیشتمان و ئازادی و سەربەخۆیی .

بڕوانە ل - ٧

بەیاننامەیەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئێوارەی ١٩-٣ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەم بەیانامەیەی خوارەوەی بڵاو کردەوە :-

لەئاستی وەفاداری حکومەتی شۆڕشو پارتیی بەرامبەرکەی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بۆ دەستەبەربونی ژیانێکی سەربەستو خۆش بۆ تێکڕای هاووڵاتیان بەعەرەبو کوردو هەموو کەمایەتییە براکانی ترەوە بۆ بەتەنکەوەماتنی پاکژدانی هەموو ئەو شۆڕشەوارەی دژخە نائاساییەکە لە ژووروی وڵات خولقاندوونی وە بۆ جێگیر کردنەوەی ئاشتیو ئاسودەیی تیایدا ... وە لە ئاڕەزومەندی دەرفەتدانە دەست هاووڵاتیانی کورد کە بەهۆی ئەو دژخە نائاساییەی لەسەرەوە باسمان کرد پەنایان بردۆتەبەر ئێران ، بگەڕێنەوە بۆ

بڕوانە ل - ٧

بەفرو هەڵەکۆك و بەهار

• لاوکۆ •

کاروانی هەورە چڵکنەکان بەری خۆر ئەگرن .. رەشەباو رەهێڵەی پیشەنگی سەرماو سۆڵەو وەیشومە هەڕەشەو گوڕەشە لە زەوی و زارو بەندەنو قەدپاڵ و تاشە بەردو لوتکەی چیا بەرزەکان ئەکەن .. ئەمجا لەشکری بەفرو زوقم گەمارۆی دایکی گیان لەبەر ئەداو ئەژنۆی لە سەر سینگی چەقاندووەو دەستی خستۆتە بینەقاقای گیان لەبەرەکان و سەری بە دارو دڕەختو گوڵو گیا شۆڕ کردوە .. شۆخی و جوانی تیا نەهێشتووتەوەو ڕەنگ و بۆی نەهێشتون ... گیان لەبەرانی خستۆتە کونەوەو فرزەی لێ بڕیون .. بە کورتی ئەوەی لەشکری وەیشومەی بەفر بە گیان لەبەرو دایکی گیان لەبەری کردوە هەر مەگەر با بەدەواری شڕی کردبێ .

بەفر بەو مل هورپەوە خۆی ببینێو تا چاو بڕ ئەکات شیرازەی زەوی هێنابیتەوە یەکو ئەم هەموو مەڵبەندو داروودەوەنو گیان لەبەرانەی لە ژێر رکێفی خۆیا بە ماتەمیەوە حەشار دابێ چۆن لە خۆی بایی نابێ نا پەڕێتە قەڵادۆشکانی شەیتانەوە ؟ .. لە کاتی لاوی زەبروزەنگیا و کە هاوپەیمانی سروشت بون لەو کاتەدا ڕای سپارد بۆ لای (هەڵەکۆك)و داوای لێ کرد کە شوی پێ بکات .

هەڵەکۆك ئازار خواردوی دەستی وەیشومەی بەفر پێ پەستی ڕەشەبای شوم ، سەیرێکی ئەم لاو ئەو لای خۆی کرد هەمو دۆستو کەس و کارو هاوڵاتەکانی لە ژێر چەکمەی سەهۆڵ ابەندانی بەفرا پلیشاونەتەوە خۆیشی لە کاتی گیانەتلا دایە وتی :

نە پرچم هەیەو نە باڵ
من چیمە لە مێردو ماڵ

بەڵام ڕۆژگار خولایەوەو ڕەرزیش گۆڕاو تیشکی ڕۆژ تا ئەهات بەتین تر ئەبوو ، هەورە چڵکنەکان بەرە بەرە شیرازەی پەیوەندیان ئەپچڕاو لێك ئەترازان و بەری پەلامار دانی تیشکی خۆریان چۆڵ ئەکرد .. لەشکری خۆر بە ڕوی بەفرا بڵاو بۆوە پشتی بە ستەڵەکیان شکاند .. لەشکری بەفر خۆی خزانەدە لوتکەی چیاکانو قەدپاڵە نەدیویەکانو لە لانزارەکانا خۆی دا لە مەکۆ .. فرمێسکی ساردی ڕێچکەی بەست ، تا ئەهات قەوارەی بچوك ئەبۆوە ، ژیانو گیان لە بەران کە تاکو دوێنێ بە دەست زوڕو ستەمی سەرماو سۆڵەی بەفرەوە ئەیان نااڵاند کەوتنە خۆو لە هەموو چەپکەو لاشیوو انزارێکا ئاهەنگی ژیانی تازەو تەفروتونا کردنی سەرماو سۆڵەو بەفریان ئەگێڕا .. زەوی خۆی ئاڕایشتە ئەداو کەو خاڵی ئەرشتو دارو دڕەخت شکۆفەیان پێ ئەکەنی و بای شەمال شاباشی بۆ ئەکردن و قەڵبەزەکان سیاچەمانەیان ئەوتو بلبلو گوڵ ئەکەوتنە چاو بڕکێو کاکەی شوان بە سۆزی شمشاڵەکەی بەستەی نەورۆزی ئەووت نەك هەر دڵێ هەزار دڵی شەیدای رازاوەکانی سروشت ئەکرد .

(هەڵەکۆك)یش وەکو هاوڕێکانی سەری بەرز کردەوەو دەستێکی بە سەرو پەرچەمی خۆیا هێناو پرچە نەورۆزیەکانی شانە کردو خۆی بۆ بلبلی دەزگیرانی رازاندەوە .. لەو کاتەدا یادی کەوتەوەو بە هەڵی زانی وەڵام بۆ بەستەڵەك بنیرێ کە ئامادەیە شوی پێ بکات !.

بای سەبا ڕابەری نێوان ئەم دوو دڵە بوو ڕازی دڵداری هەڵەکۆکی نازداری بە گوێی بەستەڵەکی تەمەن ڕابوردوی ئەژنو شکاوی لە هەزارلاوە گیروودەی مەینەت بوو دا چرپاند .. بەستەڵەکی زۆرداری ژیرکەوتوو زانی هەڵەکۆك گاڵتەی پێ ئەکات ، بە دەستی لەرزۆکو دڵی تەزیوو چاوی پڕ لە ئەسرینەوە وەڵامی بۆ ناردەوە وتی :

هەڵە کۆکە پرچنە
چۆڕەم کەوتۆتە بنە
چیمە لەماڵو ژنە

هەرشەکاوە بنێت ئازای نەورۆز!

لە کۆنەوە گەلی کورد لەخاکی کوردستانی خۆیدا لە ٢١ی مارتی هەموو ساڵێك دا ئاهەنگێکی گەورەی بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە گێڕاوە .. ئەو جەژنەی کە سەرەڕای ئەوەی ڕۆژێکی نوێیە لەژیان داو لەشکری ساردیو سەرماو بەستەڵەك ئەڕەوێتەوەو بارو بارگەی تێك ئەنێو پێشەنگی وەرزی نوێ ژیان ، وەرزی گوڵو گوڵزار ، بەهاری ڕەنگین دێتە پێشەوەو کوردستان وەکو بوکێکی ڕازاوە بەرگێکی نوێ ئەپۆشێو سەرەتای ژیانێکی نوێ دەست پێ ئەکات .. لەگەڵ ئەمەدا ئەم جەژنە جێگاو پایەیەکی شیاوی لە مێژوی نەتەوەکەمان و لەدڵی ڕۆژنە دڵێرەکانیدا هەبووە .. وە هەموو ساڵی کە کورد ئەم جەژنەی کردۆتەوەو گڕی مەشخەڵی ئاگر لەسەر لوتکەی چیاکانی کراوەتەوە بوونی خۆی وەکو نەتەوەیەك لەیاد کردنەوەی ئەو جەژنانەدا بەدی کردوە .. جا بۆیە ڕۆژیمە کۆنەپەرستەکەی مەلەکی دوابڕاوو ڕۆژیمەکۆنەپەرستەکانی تری ناوچەکانی کوردستان بە هەموو تواناو ڕێگایەك هەوڵیان داوە کە ئەو جەژنە فەدەغەبکەنو لەبیر ڕۆنەکانی کوردی بەرنەوە ... بەڵام نەتەوەکەمان هەمیشە لەژیر بروزەنگی دوژمنان بەهێزتر بووەو تاوەکو شەوەزەنگی ڕۆژگارو ژیان تاریك و سەختتر بووبێ ئەو وەکو هێلانەیەکی خاوەن ماف و بوون و ژیان زیاتر لەسەر ڕاستەڕێگای تێکۆشانو قوربانیدان بەرەو پێشتر چووەو بەخوێنی گەشی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی لاپەڕەکانی مێژووی تۆمارکردوە . جەژنی نەورۆز کە ساڵەهای ساڵە گەلی کورد ئەیکاتەوە وەکو ڕووداوو یادێك چەندین نیشانەو خاڵی گرنگ ئەداتە دەست کە ئێستا لەسەدەی بیستەمدا سەدەی چونە ناومانگێو ئاوابوونی خۆڕی ئیمپریالیزمو ڕزگاربوونی گەلانی ژێردەستەو چەوساوەیە هەمان خاڵ بەشێوەیەکی تر ساغ ئەبێتەوە کەبریتیە لەمە :

شۆڕش دروستترین ڕێگای گۆڕینی کۆمەڵە لەقوناخێکەوە بەرەو قۆناخێکی ترو سروشتی ئەو شۆڕشەو ناوەڕۆکەکەی بەو هەزانە دەستنیشان ئەکرێ کە بەشداری تیادا ئەکەنێ سەرکردەیی ئەکەنێ تاج ڕادەیەکیش گۆڕینی ریشەییانە لەوکۆمەڵەدا بەدی ئەهێنێ .. لەلایەکی تریشەوە ، هەروەکو ئەو ڕووداوەی نەورۆز ساخی ئەکاتەوە ڕەنجبەرو چەوساوەو زەحمەت کێشانو گەلە زۆرلێکراوو نەتەوە چەوساوەکان هێزو سوتەمەنی ڕاستەقینەی شۆڕشنو هەرشۆڕشێك ئەوان بەرپای بکەنو سەرکردەکەی ئایدیولوجیەتی ئەو چینە

بڕوانە ل -٧-

institut kurde de paris

یادی سی ساڵ بەسەرلەناوبردنی فاشیزم دا

تەنها ئەوانەی تەمەنیان لەپەنجا ساڵ زیاترە ئەو رۆژە ترسناکانەیان لەیادە کە خەڵکی ئەم جیهانە بەچنگی خوێناوی هێزە فاشیزمەکانی ئەوسا (ئەڵمانیا ، ژاپۆن و ئیتالیا) تیادا تاسابوون ٠

ولاتانی سوێندخواران بەتایبەتی هەموو دانیشتوانی ئەورووپاو رۆژهەڵاتی ئاسیاکە ناوجەرگەی جەنگ بوون ، دەزانن تووشی چ کوێرەوەرییەک بوو بوون ٠٠ بەڵام میللەتانی ئازادیخواز وە لە پێشەوە گەلانی یەکێتی سوڤیەت و چین و یوگوسلافیاوفەرەنسا هەموو نەبەردانە کەوتنە شەری ژیان و مردنەوە ٠٠

زۆر پێویستە لە یادی ئەم سەرکەوتنە مێژووییەدا کە هانی خوێندەواری کورد بدەین زیاتر لەقەوماوەکانی ئەم داستانە مژووییە خۆی فێربکات ٠

یەکێتی سوڤیەت یەکەم هێزی تێک شکێنی فاشیزم بوو ٠

ژەنەرال دیگول وتی :فەرەنساییەکان زۆرباش دەزانن کە یەکێتی سوڤیەت چی بووکردون دە هەر ئەوبو یەکەم دەوری هەبو بو ئازاد کردنیان هەروەها (لیوپولد فیگل) راوێژکاری (مستشار) نەمساگوتی : ئێمرو ئێمە کەوا سەربەستینو بە ئارەزووی خومان هەڵدە سورێن هەمووی لەسایەی خۆبەخت کردنی سوپای سوری سوڤیاتی یەوەیە) لە تەموزی ١٩٤٤ تاسەرەتای مایسی ١٩٤٥ (٧) ملیون سەربازو ئەفسەری سوڤیاتی هاوبەشی شەڕبوون لە ەوروپادا گەلێکیان گیانی پاکیان لە پێناوی رزگارکردنی گەلانی ئەوروپادا بەخشی لە ڕۆمانیا ٦٩ هەزاروە لەهەنگاریا (مجر) ١٤٠ هەزار وە لە نەمسا ٢٦ هەزار وە لە چیکوسلوفاکیا ١٤٠ هەزار وە لە پۆلونیا ٦٠٠ هەزار جەنگاوەری سوڤیاتی کوژراون ٠ بەهەرلایەکدا دەرویت لە ئەورووپای رۆژهەڵاتو ئەڵمانیا هەرمەزاری تێکوشەرەکانی سوڤیاتە ٠٠

دەبویە ئیمرو یەکێتی سوڤیات چالاکترین هێزە لە تێکوشاندا بو بەربەستکردنی هەڵگیرسانی شەرو لە پێناوی چەسپاندنی ئاشتی لە هەموو جیهاندا ٠

- رەنج -



گیروگرفتی خۆراک و چارەسەرکردنی

مرۆڤاتی لەم سەدەیەدا کەسەدەی چوونە ئاسمان وپێش کەوتنی تەکنۆلۆجیایە زۆرگیروگرفتی هەیەکە پێویستی بەچارە سەرکردنی هەیە لەگیروگرفتانەش پیس بوونی سەرچاوەی ئاوو پیس بوونی هەواو گەڵێ شتی ترە ، بەڵام لەهەموو ئەوانە گرنگ ترکەپێویستی بەچارە سەرکردنی خێراو دەستو برد هەیە ٠ گیروگرفتی بەرهەم هێنانی خواردەمەنی پێویست بۆژیاندنی ملیۆنەها مرۆڤ لەم ئێستەیە دا ، گیروگرفتی کەمی خواردەمەنی بۆتە هۆی بڵاو بوونەوەی برسیەتێکی سامناک کە ئێستا ژمارەی ئەومرۆڤانەی کەبرسین خۆی ئەدا لە ـ ٥٠٠ملیۆن کەس ـ وە دوو قاتی ئەم ژمارەیەش خواردەمەنی تەواویان دەست ناکەوێت ، لەلایەکی ترەوە ژمارەی دانیشتوانی گێتی هەموو رۆژێک ٧٧٧ر٥٠٠ کەس زیاد ئەکات هەروەها بەسەدان میللەتی هەژاریش هەتا ئێستاش زەوی راخەرانەو ئاسمانیش لێفەیانەوەسەدان هەزار منداڵ لە ساڵێکا لەسەرشەقامەکان لەدایک ئەبنو گەورەئەبنو هەرلەوێش ئەمرن لەم خشتەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێ کە تائێستا ژمارەی دانیشتوانی جیهان ـ ٣٩٠٠ ملیون کەسە ـ کە زۆر بەیان لەوڵاتە هەژارەکانن لەکاتێکا کە ژمارەی دانیشتوانی جیهان لەساڵی ١٨٥٠ دا تەنها ١٠٠٠ ملیۆن کەس بوە وەواچاوەڕوان ئەکرێ کەلە ساڵی ٢٠٠٠ دا ببێتە (٧٠٠٠ ملیۆن) ٠

ساڵ	زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان ملیۆن	ساڵ	زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی عێراق ژمارەی دانیشتوان
١٦٥٠م	٥٠٠	١٩٥٢	٥٫٥٢٤٫٢٢٢
١٨٥٠م	١٠٠٠	١٩٥٧	٦٫٣٣٩٫٩٦٠
١٩٦٠م	٣٠٠٠	١٩٦٦	٨٫٣٥٩٫٦٦١
١٩٧٤م	٣٩٠٠	١٩٧٠	٩٫٤٩٨٫٣٦٢
١٩٩٥م	٦٠٠٠	١٩٧٥	١١٫١٨٦٫٥٥٦
٢٠٠٠م رەنگەز- یاتریش	٧٠٠٠ بێت	١٩٨٠	١٣٫٢٢٧٫١٣٢

ئەگەر ڕادەی زیاد بوونی مرۆڤ بەم پێیەی ئێستا زیاد بکات کە نزیکەی ٣٪ لەساڵێکا٠ بێگومان ئەم زۆربونە هۆیەکەی پێش کەوتنی زانستی یە جۆربەجۆرەکانە وەک زانستی پزیشکی کەبوە هۆی لەناوبردنی نەو نەخۆشیانەی کەژیانی ملیۆنەها مرۆڤیان لە ساڵیکا ئەدوزیەوە ، بەڵام لە پێش ئەوتنە نەیتوانی چارەسەرێک بۆ لەناو بردنی ئەم برسیەتیە بدۆزێتەوە چونکە ڕێژەی زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی لەماوەی ئەم پێنج ساڵەی ڕابردوودا لە ٨٪ بەولاوەی لەساڵێکا زیاد نەکرد٠

مۆنۆپۆڵەکانی جیهان

لەئەنجامی کەم بوونەوەی خواردەمەنی لە جیهان دا کارکە مۆنۆپۆڵەکانو ئیمپریالیزمی جیهانی ، لەدەستی بەسەر بازاڕی دەغڵ ودانو خواردەمەنی گشتی داگرتوە) هەوڵ ئەدەن کە خواردەمەنی بکەنەبازارێکی پەش بۆ زۆرلێ کردن لە میللەتە هەژارەکانو تێکدانی ژیانی نابووریو سیاسییان بەناشیرین ترین شێوەی دەست بەسەراگرتن وزۆر لێ کردن ، لەکۆنایی سەدەی هەژدەهەمدا (روبرت مالتوس) تیوڕێکی نوێی هێنایەدنیای زانستی ئابوریەوە کەتیایدا ئەڵێ : ژمارەی دانیشتوان بەڕادەی ١ ، ٢ ، ٤ ، ٨ ، ١٦ ، ٣٢ ڕیادەکات بەڵام زیادبوونی بنیرێت بۆ سوڤیەت کە پێش چەند ساڵێک پێی فڕۆشرابوو ٠ بەرزبونەوەی گران کردنی لەلایەن کارگە مۆنۆپۆڵەکانەوە بۆ تەعزی ئەوەی کە زۆرلە دەوڵەتە هەژارەکان پێویستیە کانی خۆیان بەزیاتر بکرن بۆ ئەوەی زیادەیەکیان هەبێ بۆ فرۆشتن لە بازاڕی جیهانی لە ژێر کاریگەری ئەو مۆنۆپۆڵانەدا ئەوەی کە ئەمڕۆ بەسەر ئابووری جیهانی زاڵە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دا بەرەو داڕمان دەچێ ، بەهۆی ئەوەی کە ئەو وڵاتانەی کە پێشتر خۆراکیان هەناردە دەکرد ئێستا ناچارن خۆراک هاوردە بکەن ٠ بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٥٣دا بەو جۆرەبوو : ئەمریکا ٥٣٪ پێنج وڵاتە گەورەکانی تری سەرمایەداری (ژاپون ، ئەڵمانی ڕۆژئاوا، ئینگلیستان ،فەرەنسا و ئیتالیا)٢٤٪و بۆ هەموو وڵاتە سەرمایەدارەکانی تری جیهان ٢٣٪ دەمایەوە ٠ ئەو بەراوردە زۆر بە ڕوونی تێشکانو هاتنەخوارێ بەشی ئەمریکا (بە ئەندازەی ١٣٪) دەردەخاوچوونەپێشی وڵاتەکانی دیکەی سەرمایە داری لە چاووئەمریکا نیشان دەدا ، کە ئەوە خود بە خود لە قودرەتودەستەلاتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە دنیای سەرمایەداریدا کەم دەکاتەوە ٠٠

ئەگەر ئەم ساڵ تەواوی داهاتی پیشەسازی دنیا، بە وڵاتەکانی سەرمایەداری وسوسیالیستیەوە بە (١٠٠) حیساب بکەین، ئەو ئەنجامەمان دێتە دەست : ٤٠ی تەواوی داهاتی سەنعەتی دنیا ، بەوڵاتەکانی سوسیالیستیو لە سەرووی هەموویانەوە یەکێتی سوڤیەت دەبڕێ ، کە ئەو ژمارەیە زیاتر لە داهاتی سەنعەتی ئەمریکا یا داهاتی سەنعەتی وڵاتەکانی ئەندامی بازاری ناو کۆیی ئەروپا لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٥٣ئەو ژمارەیە تەنیا هێندێک لە ٢٠٪ زیاتر بوو ٠ ئەوەش خۆی نموونەیەکی تری داشکاندنو کەم بوونەوەی تواناو دەستەلاتی ئیمپریالیزمی ئەمریکایە لە دنیای ئەورۆدا ٠

ئەو هۆیانەی کە لەوچەند ساڵی ڕابردوودا وەزعەکەیان بە شێوەی ئێستاگۆڕیوەو ، پارسەنگی چوونەپێشو پێ هەڵاچوونی داهاتی سەنعەتی بە لای وڵاتە سوسیالیستیەکاندا قورس ترکردوە ، نەک هەر لە تەئسیر نەکەوتوون ، بەڵکوو لەداهاتووشدا بەرەی سوسیالیستی بەرەو قودرەتو دەستەلاتی ئابووری تونەترو ڕێکوپێکتر بال پێوە دەنێن ٠

لە گووڕای « دنیا » وەرگیراوە



- رزگار -

ئەگەر تەواوی داهاتی پیشەسازی دنیای سەرمایەداری لە ساڵی ١٩٧٣دا بە (١٠٠) حیساب بکەین ، دەبینین کە نیزیک بە ٤٠٪ی ئەو داهاتە هی ئەمریکایە ، کەمێک زیاتر لە ٣٠٪ی هی پێنج وڵاتی گەورەی سەرمایەداری ، واتە ژاپون ، ئەڵمانی ڕۆژئاوا ئینگلیستان ، فەرەنسا و ئیتالیایەو ٣٠٪یش بۆ تەواوی وڵاتە سەرمایە دارەکانی ئەورووپاو ئەمریکای ژوورو ، ناوەندیو خوارو ، ئاسیا، ئەفریقاو ئوستورالیا دەمێنیتەوە بۆ بەراورد ، هەر ئەو وڵاتانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن داهاتی پیشەسازیان

لاپەرە -٢-

نەورۆزی گەلان

نەورۆز ، جەژنی بەهار، جەژنی شادمانی وخۆشی ، جەژنی سەرکەوتنی میللەت ، بە گەلێک شێوە میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بگرە بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاو قەفقاسیاش ، یادی دەکەنەوە ٠٠

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە نەورۆز هی کورد نیە ، بەڵکو ئەوە دەگەیەنی کە نەورۆزی کورد ، جەژنە لەلای گشت میللەتانی دراو سێیش ، ئێجا بەم بۆنە پیرۆزەوە ٠٠ هەزار چەپکە نێرگزو گوڵو ڕێحانەی بۆن خۆش پێشکەش گەلانی دۆست و خوشەویستی میللەتەکەمان دەکەین ٠

دڵنیاین کە میللەتەکەمان شان بەشانی گەلانی جیهان نەورۆزێکی هەتاهەتایی دروست دەکات ٠٠

جیهانی ئەمڕۆ

× ئافرەتێکی هیندستانی کە لە (لەندەن) دەژی کە لە ئیشەکەی گەرایەوە ماڵەوە ،سەیری کرد هەر چوار منداڵەکەی سەربڕاوە تا ئێستانەزانراوە ئەم تاوانە بوچ کراوە

× ٣ ئەفسەری ئینگلیز کە لە فرۆکەیەکی هیلوکوپتەردا بوون بە گوللەی شوشگیرەکانی عومان کوژران وفرۆکەکەش سوتا ٠٠

× سەرەک بومدێن بەبۆنەی لەناو بردنی پیلانە ڕەشەکەی سپینولا پێروزبایی لە سەرۆکی پورتوگال کرد ٠

× دەنگوباسی (سیا)دەزگا جاسوسیەکەی ئەمەریکاوا دەگەیەنی کە ئەم دەزگا بەد ناوە دەستی لە کوشتنی هەر دووبرا (کەندی) جۆنوروبەرت وە مارتن لوتەر کینگ دا هەبووە ، وە تائێستا٧ جار هەوڵی داوە بەیارمەتی چەتەکانی (مافیا) کاستڕۆبکوژێت ٠

× ئەمەریکا ئەم ڕۆژانەنارەحەتە لە دەنگوباسی پورتگال وەزعی تورکیا کەداوای داخستنی بنکە سەربازیەکانی ئەمەریکادەکات ٠٠ بەڵکو ئیسپانیاش داوای داخستنی بنکەی (تورێگون)ی فرۆکەی سەربازی کردوە ٠

× لە ٢٧ شوباتی ڕابوردوودا ٥ ملیون کرێکار بۆ ماوەی ٢٤ سەعات مانیان گرت بو چاکردنی گوزەرانیان

× پاش ئەوەی سەرۆک فورد داوای ٢٧٤ ملیون دولاری تری کرد بۆ یارمەتی ئیسرائیل ڕادەی یارمەتی گەیشتە ٦٦٠ ملیون دولار ٠

× حکومەتی یونان ١٤٠ئەفسەری دەرکرد پاش سەرنەگرتنی کودەتاکەی ئەم دواییە ٠

× یەکێتی سوڤیەت دووگەشت کەری ئاسمانی دەنێریت بو ئێستگە ئاسمانیەکەی (سالیوتی چوار) بو ماوەی ٦٠ ڕۆژ ٠

× شورشگێرە جەنگاوەرەکانی کەمبودیا شەش ناوچەی تری دەوروپشتی پایتەختی (فنومپن) یان ڕزگار کردوە ٠ وە بە تەواوی دەستیان ناوەتەبینە قاقای حوکمە چەپەڵەکەی (لون نول)ی نوکەر ٠٠

دەرەوەی وولات (١١٠) ملیون ەن بوە بەڵام لەساڵی ١٩٧٣ د (٢٥٠) ملیون گەنمی ناردۆتە دەرەوەی ولات لەو بڕواپەوە بێویستە بە هەواڵێکی



نوسینی : د٠ محمد عبد السعیدی
گۆڕینی : حەسەن مەحمود ڕەسوڵ

دووجارە سەرەڕێین ٠

حاجیسەدری نزیک ئەمەش ئەوچارە سەرانە ئەگرێدەرەکانی زانینی کشتوکاڵی بەکنۆلجی لە وەڵاتە دوا کەوتوەکان دا پەیڕەوی ئەکرێ (شاقوڵی) بۆنمونە پێش ١٠ بەڵام ئەمەش پێویستی بەپارەو ساڵ بەرهەمی دۆنمێک لە کاتێکی زۆر هەیە لەوچارەسەر عێراقدا (١٤٠) کیلۆ گرام بوە کردنانەش ئەمانەی خوارەوە بەڵام لە هەندێ دەوڵەت دا ئەخەینە پێش چاو :

أ ـ زیاد کردنی ڕووبەری زەویە کشتو کاڵیەکان (زیاد بەرهەمی دۆنمێک بۆ ئەوەی ئەم ڕادەیە لە عێراق دابەرزببێتەوە پێویستە گردنی لابەلایی) ئەو زەویانەی ئەوچەشنە دانەوێڵانە بچێنرێ کەئێستا لە سەرڕووی زەوی کە بەربەرەکانی نەخۆشی و بەکار ئەهێنرێ بۆ کشتو کاڵ زیانی مێروو ئەکات وبەرهەمەکەشی زۆرە ٠

ب ـ زیاد کردنی بەرهەمی هەموو دۆنمێک (زیاد کردنی بڕوابینە گیروگرفتانە

ج ـ بەکارهێنانی چاندنی

بڕوانە : ل ٧

Archive de paris
institut kurde

یادی نەورۆز

جەمال بابان



مامۆستا جەمال بابان

ئەوەتەی نەورۆز هەیە سال بەسال مژدەی خۆشی لەگەل خویدا هیناوە ، ولاتی خەمڵاندوە چاوی روون کردۆتەوەو دڵی گەشاندۆتەوە ، بێگومان نەورۆزی ئەمسالیشمان هەروام ئەبێتو زیاتریش .

نەورۆز ناوی خۆی بەخویەوەیەتی ، بریتیە لە رۆژێکی نوێو وەرزێکی نوێتر بەوەدا کەکورد لەسەرتاپای کوردستاندا ، رۆژە سەختەکانی زستان بەرێ ئەکات ، لەو قاوغەی لەسەرما خۆی تیا حەشارئەدات ، لە دیهاتدا ، بەتایبەتی لە کەژو چیاکاندا ، دێتەدەرەوە ، هەوای خۆش هەڵ ئەمژێتو ئاوی سازگار ئەخواتەوە گوانی ئاژەڵی بەشیر ئەئاوسێو کشتوکاڵو داروەرەختی سەوز ئەبنو گوڵ ئەکەن . ئەمانە هەموو پاڵی پێوەئەنین کە ئەوەندەی نر گوڕبەستێتەوەو فەقیانەی لێهەلکات ...

ئەمەشێوە (واقعی)یەکەی نەورۆزە . شێوە کلاسیکیەکەشی (... لەم رۆژەدابوو ، کاوەی کوردی گوزد مێشکی زوحاکی بەچەکوش وردکرد) ، روون کردنەوەی ئەمەش بەم دەستو بردە نابێت بائەوە هەڵبگرین بۆ هەڵێکی تر .

ئەمێنێتە سەرئەوەی چ بوونەوەیەکی دا چیرۆکێکی نوێی نووسیوەتەوە لەبەر ئەوە یادگارەکانی ئێجگار چڕو پڕو دەوڵەمەندە کە لەم دەرفەتە بچووکەدا جێی نابێتەوە .

لە سالانی (١٩٥٣ تا ١٩٥٧) کاتێ کە قوتابی کۆلێجی (دار المعلمین العالی) بووم ، هەموو نەورۆزێ لەگەڵ زوربەی قوتابیانی کوردستا ، لە دەرەوەی شار سەیرانێکی ئێجگار گەورەمان رێک ئەخست کە زۆرجار ژمارەی بەشدار بووانی لە (٥٠٠) کێژو لاوی کورد تێپەر ئەبوو ، وە وەک پێویستیەکو ئارەزوویەک یا بەووتار یا بە شیعر یابە جەژنی تر لەم سەیرانەدابەشداریم کردووە . لە سەیرانی ١٩٥٥دا ئەم چەند دێڕەم کە دیتەوە بیر بەشێکن لەهونراوەیەکی دوورو درێژو ساکارو عاطفی کە لەسەیرانی ئەو نەورۆزە دا پێشکەش قوتابیانی بەشدار بووانم کرد .

جەژنی نەورۆز جەژنی سەر بەستیو خەباتی میللەتە

وەک نیشانەی لابەری کوستی هەژاریو مویەتەتە جەژنی نەورۆز خوێنی دڵمان تێکەڵاوی بەستەتە

رێیە بۆ ئازادی بڕوات دیارە سەختو زەحمەتە

یادی کاوە قارەمانی زۆری وا هەڵسانەوە

هێزو ئیمانو بروسکەی ئەو لەسنگدا چاندووە

لاپەڕەی مێژووی وولاتمان میللەتی جوڵانەوە

خۆێنی (تشرین) سوورو گەشدیارە بەڕووی لاوانەوە

... هتد

دکتور احسان فوئاد

خزمەتم کردی لەئیران و ڕۆم گوناهم چی بوو بەم دەردەت

لەپێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم بردم

کەچی هێشتا هەر دیل و بۆچی بەناهەق واسووکت

ڕەنجەڕۆم کردم

نەورۆز و هێندی یادگار

کە ووشەی نەورۆز ئەبیسم یەکسەر زنجیرەی دەیەهاوێنەو تابلۆی جیاواز جیاواز بەبەردەمی بیرو مێشکما ئەکەونە هاتوچوو ، هەر لە بادگارەکانی منالیمەوە تا وەکو یادگارەکانی پارو پێرار ...

گوڵاڵە سوورە .. نێرگز .. قەڵەز .. کەژ .. هەرد .. لووتکە .. ئاگر .. ئازار .. شۆرش .. ودەیەها وێنەو دیمەنو ووشە سەرە تاتکێ لەگەڵ شعورو دڵو بینایی ما ئەکەن .

لام وایە ئەمە لەبەر ئەوەیە کە پەردە ئەفسانایی یەکەی ئەم رۆژە لەسەربنجی واقعێکی دوورودرێژی میلەتەکەمانەوە سەری هەڵداوە بۆیە هەر حەرفێکی ئەم ووشەیە بووە بە نوێنەرو ڕەمزی دەیەهەد یادگاری تاڵو شیرین کە بەیەکەوە بەستراون .

مامۆستا معروف قەرەداغی

نەورۆز ژورێکی خەم ڕەوێنی لەشکری سەرما لەسەرمان دەفڕینی وەشکێنی موسات زاڵ کرد بەسەر فیرعەونو جادو- کەرەکانیا بەرابەر بەحەق سەریان پێ دا دەوێنی وکو قورئان نەورۆزت بە (یوم الزینە) تێدەگەینێ . وەکو کەشتی نوحت لەسەر کێوی گوتی تێدا دادە بەزێنی . قورئان خەڵات دەکەن بە (محمد) لەئەشکەوتی (حرا)بێ دەفەرموێت بخوێنی کورد لەچنگ زوحاک دەردەهێنی موژدەی بوژانەوەی گیاندارو بێگیانو گژوگیا دەگەیێنی . خونچە وشکوفەی گول وچڕو بەدەم بادی سەباوە پێ دەکەنێن دەشتو دەروچۆل ودەرەو چیاو کەژوکۆ دەرەنگێنی . ئەم سەرزەمینە بەو چیمەنو لالە زارەدە نەخشێن نازانم بەرابەر بەتۆ کام باسو کام روداوت بڵێم و بنوسم لەرۆژانی پێشوتو ایمروو دوێنی .

نەورۆز توێت پێم دەسەڵێنی بولبل با جارێ رەنجەڕۆبێ لەعەتری گوڵ کەشەوتابەیان لەم چڵ بۆ ئەوچڵ باز بازێنیەتی ئەنجامی بەعەتری گوڵ وبۆنی دەرە سێنی . ڕوژانی دێرینو ئەم ڕوژەی پێڕادەگەیینی . بەڵام دڵنیام دەکات کەتو ڕۆژی تۆڵەسێنی . پێمان رادەگەیینی ودەڵێت لەکاروان بەجێ نەمێنی دەرس وەرگرە ایمرۆلە هەڵەو چەوتی پێشوو دوێنی . کورد (نەورۆز) لە کوردستانی ژورو سەرەوەدا بە (جەژنی تۆڵە) سەندن ناودێنی .

م. قەرەداغی

نەورۆزو چەند یادگارێک

شنە ئامادەی کردووە

بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، جەژنی سروشتو ئاشتی ، جەژنی ژاڵ بوون بەسەر زۆردارو زۆردارێتی ، جەژن نەگەینو سااڵێکی تری تازە ئەخەینە سەر مێژووی درێژی خەباتی میللەتی کورد .

هەر وەکو ئاشکرایە لە چەژنی نەوروزدا لەهەموو لایێکی کوردستانداهەموو کوردێک بەژنو پیاوو گەورەو بچووکەوە روو ئەکەنە ئەو ئاهەنگانەی کە لەباوەشی سروشتی جوانی کوردستاندا ئەگێردرێ ، وە لەم ئاهەنگانەدا کەچ بەنهینی وەچ بە ئاشکرا کرابی جۆرەها یادگارو بیرەوەری خۆشو ناخۆش بۆ ئەوکەسانە کە تیایدا بەشداریان کردووە بەجێ ئەهێڵێ .

جا ئێمەش بەم بۆنەیەوە جوانترین جەژنە پیرۆزە لە هەموو هاو وواڵتیکی دڵسوز ئەکەینو بیرەوەریو یادگارێکی چەند مامۆستاو شارەزایەک لە بارەی ئەم چەژنە پیرۆزەوە پێشکەش بە خوێنەرانی بەرێزی هاوکاری ئەکەین :

تریفەیێکی نەورۆز

مامۆستا مەسعود محەمەد

بەپێی باوەڕی خۆم نەمرەی مێژو کە (نای‌شکێنێ پچڕانەوەی مرۆڤ لە رابردووی دانەیی تۆپی زەمان ..) . میللەتەکەی کەلەبەری گەورە گیای دەشت و دەر تاکو ڕەگ داکوتاوتر بێ بە ناخی زەوێدا خۆ لەبەر تەکانی دەرکێشان پتر دەگرێ . منو تۆش وەک ئەو گیایە واین لە کۆڕی پڕ مەترسی ژینو بوونو چارەنووسدا : کە هەست بکەم باسکێکی درێژی پڕهێزی دوو هەزار ساڵەی دەنگ و ڕەنگو بێنو بیرەوەری پێشینان پاڵ پشتیم دەکات ، هانەهانی بەڕەوپێش چوونم دەهێڕێ .. هەنگاوەکانم لەخۆرازیتر دەبن .. سڵ ناکەمەوە .. مەودا بۆ پتر دەبڕم .

نەورۆز بە درێژایی تەمەنی بیرکردنەوەم نەو هاندەرە بوە لە پێش چاوی هۆشو هەستمدا هەموو جارێک کە کێی بەهارو هانگامەی نەورۆز بە دەستو پەنجەی گوڵگوڵییەوە ساڵاوی ساڵانەی (خۆشیو هات)ی لە گەڵی کورد دەکرد ، سەرەڕای موژدەی هەراو زەماوەندو شادی موژدەیێکیتری نهێنی پڕ شەرافەتو شانازیشی پێ رادەگەیاندم بەوەدا کە گەڵی کورد وجاغکوێرو شوێنەوار چۆل نیە ئاگری نەورۆزی ساڵانە ، وەک کێڵەێ (لیمیستونی) بەسەر ڕێبازی مێژووی کوردەوە زنجیرەی هەنگاوەکانی ڕوون دەکاتەوە هەر لە بڵێسەی چاوە ئاگرینەکانی (ئەژدەهاک)ەوە تا دەستە چیلەی دڵی هەموو کوردێکی دڵسوزی ئەم ڕۆژکارە زنجیرەی پرشنگی ئەم کایە- ڕێیانە ، لەبەر چاوی خەیاڵمدا بەرەو دواڕۆژیش گڵێر دەبیتەوە تا جیهان هەیە و کورد هەیە بێ بڕانەوو بێ پچڕانەوە .

ئاشنایەتی خۆم لەگەڵ نەورۆز، وێڕای خزمایەتیکوردو نەورۆز ، ڕوپەڕەیێکی یەکجار ڕەنگین پڕ دەکاتەوە لە دەفتەری ژیانمدا . لە بیرمە کە منداڵ بووم ، نەورۆز دەنگی هەبوو ڕەنگی نەبوو: دەماودەم خەبەری (ئاگرەشێرە)ی نەورزی پێرە مێرد لە سلێمانی دەکەوتە ناو کووچەو بازاڕو سەر زارو زمانانەوە بە درێژاییو پانایی کوردستاندا . یەکەم جار لە کۆێ باسی نەورۆز کرابێ لە

« پێشکەشە بەو کەسانەی
کارتی جەژنە پیرۆزەم بۆ نەناردوون »

بەهار پێویستە دڵخوش بێ
ئەی بەهاری دڵیزارم
تۆ بۆ ماتی ؟
تاکەی من عاشقی تۆمو
چاوەڕێمو چاوەڕێمو
وەک من ویستم
تۆ نەهاتی ؟
خۆ من گیانم ،
هێلانەی تاقە گوڵێکتە
وەک هوزارێکی لانەواز
هەموو دەمێ
بۆت ئەخوێنم
بەهارەکەی دڵی تینووم ، بۆ جوانیو خۆر
لەو دەمەوەی چاوی بیرم بۆت دەگەڕێ
تۆ لە خوێنمدا ئەچێنم
ئەی بۆ ماتی
منی شەیدا هەتاکو کەی چاوەڕێمو
تاقە جارێک ..
تاقە جارێک وەک من ویستم تۆ نەهاتی ؟

نوری حەیران

١٢-٣-١٩٣٥

پرۆانە : ل . ل

نەورۆز لە دەمایە

ویستی بۆ مرۆڤایێتی دەژمێرێ زارە بە بەفر تواندنەوەو هاژەی
هەر بەو جۆرە ڕۆژی بیستو کانیاوو جمو جۆڵیو خوێن
یەکی (مارت - ئادار) بە گەرمی سروشتە .

یەکەم ڕۆژی ساڵی کوردی ئینجا با لایەک لە دیوەکەی
دەژمێرێ و بە نەورۆز تری نەورۆز بکەینەوە ،
ناودەبرێ ، مانگەکانی ساڵی مەسەلەی ئەژدەهاکو مارەکانی
کوردی دوازدەن وەک مانگەکانی سەرپشتی کە بە مێشکی مرۆڤ
ساڵی زایینو کۆچی ، هەر نەبێ داناسوکنێن وە یاخی
مانگەیان .. سی ڕۆژی خشتە بوونی خەڵکیو ڕاپەڕینی کاوەی
دیارە بەو حسابە ڕۆژی شازدەی ئاسنگەرو ئاگر کردنەوە بۆ
مارت .. دوازدە مانگە کوردی- سەرەتای هێرشو ئاگری
یەکە تەواو دەبنو دەکەنە شۆڕش هەڵگیرساندنو ڕژاندنی
سێسەدو شەست ڕۆژ .. لە مێشکی ئەژدەهاک بە چەکوچ
کاتێکدا کە ووتمان بیستو دانانی فەرەیدوون بە پادشاو
یەکی مارت یەکەم ڕۆژی ساڵی دەست پێکردنی قۆناخێکی
کوردییە ، واتە شازدەی مارت دیموکراتیانەو سەربەستو
کە دوایین ڕۆژی مانگە کوردی- کامەران .
یەکانە تا بیستو یەکی مارت
پێنج ڕۆژیان بەینە .. کورد
بەو پێنج ڕۆژە دەڵێ پێنجەی
تار ، پێنجە نیشانەیە بۆ
ژمارەی ڕۆژەکانی دوای دوازدە
مانگە کوردییەکان وە تار - لە
تارو ماڕەوە هاتووە واتە !
تەنیا ، تاک ، بەرشو بلاو ، وە
گەر بۆ « لا منتمی »یش بەکاری
بهێنین وا تێبگەم زۆر جێی
خۆێیتی ، وە مەبەست لە نار
بردنی ئەو پێنج ڕۆژەی ووتمان
دەکەوێتە نێوان کۆتایی مانگە
کوردییەکانو سەرەتای ساڵی
نوێی کوردی ئەوەیە کە ئەم
پێنج ڕۆژە قۆناغێکی کورنی
گواستنەوەی زستانە بۆ بەهار ،
پێنج ڕۆژی تەنیایە نە لە
مانگەکان دەژمێرێو نە لەو
دوو وەرزەی ئەم دیوو ئەو
دیوی دەژمێرێ کە زستانو
بەهارن ، هەر چوار ساڵ جارێ
پێنج ڕۆژەکە دەبێ بە شەش
ڕۆژ کە لە ساڵی زایینەدا ساڵی
کەبیسەی پێ دەڵێن ، لە بەر
ئەوەی بە درێژایی ساڵەکانی
ڕۆژگار هەموو ساڵێ هەر پێنج
ڕۆژی خشت نیە وەک ووتمان
هەر چوار ساڵ جارێ پێنج
ڕۆژەکە دەبێ بە شەش ڕۆژ
کورد ووتوویێتی پێنجەی تار
حسابی بۆ نیە واتە هەموو
ساڵێ هەر پێنج ڕۆژی خشت
نیە ، ڕەنگە مەبەستی ئەوەشی
تێدا بێ کە دیسانەوە حسابی
بۆ نیە چونکە نە لە سەر
وەرزی زستان دەژمێرێو نە
لە سەر بەهار .

کەواتە لەوە تێگەیشتین کە
تەرتیبی ساڵی کوردی چۆنەو
ڕۆژی نەورۆز چۆن یەکەم
ڕۆژی ساڵی کوردییەو هەروەها
چۆن یەکەم ڕۆژی وەرزی
بەهاریشە ، تەرتیبی ساڵی
کوردی بەو جۆرە شێتێکی
سروشتیو دروستە چونکە
هەموو ساڵێکی نوێ بەهەموو
زیندوو گیان لەبەرێکی ناو ئەم
سروشتە شوبهێنراوە لە
سەرەتادا بەهارێتیو خوێن
جمانو چەکەرەی نوێو سەر
هەڵداندو سەوز بوونە ، پاشان
قۆناغی دووەم هاوینو گەرمەی
کارو کۆششە « سەبارەت بە
مەناخی ناوچەکانی کوردستا-
نەوە ، دوای ئەوە قۆناغی
سێیەم پایزو حاسڵاتو بەرو
بووم چنینەوەو زەخیرە خستنە
بۆ دوا قۆناخ کە زستانەو ئیتر
لە میانداماوەی پشوودانو پیر
بوونی ساڵەو لە سەر ئەو ئەرکە
پاشەکەوت بووانە دەڵی تا
ڕۆژانی دواییناەی وەرزی
زستان .. ئەوسا پێنجەی
تارە .. ڕۆژانێکی بەڕێ کردنی
ساڵی کۆنو پیریو کەنفتییەو
چاوەڕوان کردنی لە دایک بوونی
ساڵی نوێ دەکەین .. واتە
نەورۆز لەم ڕووەوە ، کریسمسی
کوردەو جەژنی خێرو ژیاندنە-
وەی سەوزیو بەهارو ساڵی
نوێی دەم بە گوڵە نێرگزە ..
جەژنی ڕەش بوونەوەی ژەوی

پرسیارەکە :

باشە وا گریمان لەو قۆناخێکی کونینەی سەردەمی کۆنەڵی مرۆڤدا .. کارەساتێ ڕووی‌داو نا ئاسایی بوو .. وەک دەزانین مرۆڤ لە تۆڕانیکی بەردەوام دایە بەڕەو پێشەوە .. دیارە ئەوەی دوێنێ ڕووی داو ناڕاستی بۆ وە ئەقڵی مرۆڤی ئەمڕۆ قبوونی دەکاو لای سەیر نییەو بە گرنگیشەوە باسی ناکا ، کە واتە ڕوودانی ناڕاستی دوێنێ .. ئەمڕۆ بە تاڵەو ناڕاستییە وە گەر دوێنێ ئەفسانە بوێ ئەمڕۆ هیچ نییە - کە واتە ئیتر چۆن لە باسی ئەفسانەدا دەڵێین ، شێوە چیرۆکێکی کۆنەو دەشێ لەزۆر مێژەوە ڕووداوێکی نا ئاسایی سەردەمی خۆی بووبێو بە درێژیی سەدانو هەزاران ساڵ هەر نەوە شتێکی خستۆتە سەرو زیادو کەمی کردووەو دەستکاری کردووە تا بووەتە نەفسانە ؟!

خۆ ئێمە نەختێ لەمەوبەر لەوە دڵنیا بووین کە ڕووداری ناڕاستی جیلێک لای جیلی دوای خۆی ڕاستییە ، چونکە ئەقڵی مرۆڤ لە بێشکەوتن دایە ئیتر چۆن ئەو جیلەی پێویستە کەی لا ڕاستی بێ خۆی دەستکاری دەکاو پەرە

پرۆانە : ل . ل

لاپەرە - ٣

Institut Kurde de Paris

لێکۆلینەوەلەهەندێ پرۆژەی ئاودێری

وەزارەتی (رەی) حاڵی حازر خەریکی لێکۆلینەوەیەکی تایبەتییە دەربارەی کردنەوەی هەندی پرۆژەی ئاودێری نوێ لە پارێزگای دیالەو واستەومیسانو بەسرەو ئەنبارو قادسیەدا ..

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەوەزارەتەدا رایگەیاندووە کە ئەولێکولینانەوە پرێتیی بە لە دامەزراندنی پرۆژەی قەرەتەپە کە ئەکەوێتە بەری راستی روباری دیالەوە، لە بەردەمی بەندەاوی حەمرینداً .. بەرینی ئەو پرۆژەیە ٢٢٠ هەزار مەشارەدەبێت لەو زەوی وزارە (١٢٩) هەزار مشارەی دەتوانرێت ئاوی بدرێت .

هەروەها بڕێتیی یە لە جێ بەجێ کردنی پرۆژەی ئاوەندی دیجلە کە دەکەوێتە ئەم بەرو ئەو بەری روباری دیجلەوە، لە شوێنی رژانە یەکی روباری دیالەو دیجلەوە .. بەرینی ئەم پرۆژەیە خوی ئەدات لە دوو ملیونو ٦٨٣ هەزار مەشارە، وە حاڵی حازر بەڕێوەبەرایەتی گشتی (مساحە) خەریکی ڕووپێوی زیادەی ئەو پرۆژەیەیە بکرێن بە تایبەتی ئەو زەوی وزارانەی دەکەونە بەر دەمی ناوچەی عەزیزیەوە، بەرینی ئەو ناوچەیەش خۆی دەدات لە دوو ملیونو ٢٠٠ هەزار مەشارە ..

هەروەها وەزارەتی (رەی) پرۆژەیە دەیان گرێتەوە خۆی خەریکی ئامادە کردنی لیکولینەوەی پرۆژەی تایبەتیە کانی بەلەم پرۆژەی کەفەل - (کەسارە - قورنە) لە کەل هەڵسەنگاندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەو زیانانەی کە دەکەوێتە سەر ڕووبەری هەزار مەشارەی زەوی وزاری پرۆژەی یەکەمی ئەم پرۆژەیە دەکەوێتە بەرینی ڕووبەری ٧٥٠ شەنافیی یە .

کۆچی دوایی خوالێخۆشبو حسین حاجی محمود

هەفتەی ڕابوردوو خوالێخۆشبو حسین حاجی محمود بە دل وەستان کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی لە سلێمانییەوە نێردرایەوە بۆ قەلادزێ . خوالێخۆشبو برای کاك حسنو حمیدو مجیدی حاجی محمودەو خاڵی کاك ڕوەفو محمدو ڕەفیق صابیرە .. خوای میهرەبان بە ڕەحمی خۆی بێ بەخشێو سەبوری کەس وکارو خزم و دۆستانی بداتەوە .

هاوکاری

بنیات نانی چەند مەلبەندێکی بۆ بەرەو ڕەکردنی ڕەشەوڵاغ

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاژەڵ پیشنیاری ٨ کۆمپانیای لەو ١٨ پیشنیارە هەڵبژاردووە کە پیشکەشی کراوە دەربارەی کردنەوەی حەوت جێگا بۆ پەرەپێدانی ڕەشە وڵاخ لە ناوچەکانی پرۆژەی ٧ی نیسانو ووحدەو شەترەو مەسەیەب وخالس وحویجەو حەمام عەلیل ئەو حەوت جێگەیە وەک هەڵسەنگێنراوە (٥٠) ملیون دینار تێ دەچێت .

ئەو پرۆژەیە چەند کۆمپانیایەکی فەرەنسایی و ئەڵمانی و هۆڵەندی و دانیمارکی و نیوزلەندیی جێبەجێ دەکات .. بەرینی هەر جێگایەك لەوانە جێگای هەزارو (٥٠٠) مانگای نیادا دەبێتەوە ئەوجێگایانەش بڕێتی دەبێت لە مۆڵگا بۆ ئەو مانگایانە، لە کەل هۆڵی زایین (ولادە) وهۆڵی دۆشینی ئۆتۆماتیکی ئەمەبیجگەلە دووعەمار بۆ نالەو جێگایەك بۆ (٥٠) دەست کرد، لە کەل ٩٠ خانووبەرە بۆ ئەوکرێکارو فەرمانبەرانەی لەوجێگایانە دا ئیش دەکەن ..

هەروەها لە هەریەکێك لەو جێگایانە دا بەپتاڵ خانەیەك کارگەیەکی ئالف دروست کردنیشی تێدا دەبێت جگە لە عەمارێکی شەیر هەڵگرتنو کارگەیەکی بچوکی شیرەمەی دروست کردن، بەڵام سەبارەت خزمەت گوزاری ئەوکەسانەی لەوجێگایانە دا ئیش دەکەن وە مستەوسفێکی تیا دەکرێتەوە بۆ چارەسەری وێێویستی ئەوان لەگەل کۆزێکی کۆمەڵایەتی دا .. لەوجێگایانە دا کێڵگەیەکیان پێوە دەبەستن بەرینی هەریەك لەوکێڵگانە ٦ هەزار دۆنم دەبێت نەویش وەك لەوەرگایەکی سروشتیو بۆبەرهەمهێنانی ئالفی سەوز .

راست کردنەوەیەك

داخمان ناچی کە لە ژمارەی (٢٥٨) دا لە لاپەڕە سێ لەبەر چەند هەڵەیەکی چاپخانە ناونیشانی دوو نووسین (کتیبی مەلا محەمەدی کۆیی و ڕەخنە لە سەر چەند تێبینیەك ناتیفی شاعیر) بە هەڵە لە جێگای یەکتری دانرابوون .. جا داوای لێ بوردن لە خوێنەرانی خۆشەویست ئەکەین .

هاوکاری

ئاوی خواردنەوە بۆ گوندەکانی وڵات ڕادەکێشرێت

وەزارەتی شارەوانی حاڵی حازر لە پێشنیاری ١٤ کۆمپانیای جیهانی ئەکۆڵیتەوە، کە دەربارەی (٥٠) پرۆژەی ئاوپاڵاوتن داویانە، بۆئەوەی ئاو بگەیەنێتە ٦١٢ گوند لە گوندەکانی وڵات، کە ئەمەش بەشێکە لە پلانی ڕاکێشانی ئاوی خواردنەوە بۆ هەزارو (٧١٢) گوند .

وەزیری شارەوانی ڕایگەیاندووە کە ئێستاکار بەردەوامە لە دامەزراندنی کەرەسەی گەیاندنی ئاوی خواردنەوە بە ٦٠٠ گوند کە ژمارەی دانیشتوانی لە ٥٠٠-١٥٠٠ لەس دەبێت .

هەروەها ڕایگەیاندووە کە بەشێیەکەمی ئەو جیهازانەی (هایدرو فلتەریە) کە خۆبەخۆ ئاوەکەپاك دەکاتەوە، ئەو جۆرە جیهازانە ماوەیەك مەوبەر ئەیشتوونەتە وڵات و ڕابیارە لە ٥٠٠ دیهاتدا بۆپاکردنەوەی ئاوی خواردنەوە دابمزێنرێن، کە ژمارەی هەریەك لەو دیهاتانە ١٠٠-١٢٠ کەس دەبێت واچاوەڕوان دەکرێت ئەوجیهازانە لە سەرەتای مانگی داهاتووە بەسەر ئەو دیهاتانە دا دابەش بکرێت ..

وە ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە وەزارەتی شارەوانی (١٥٠٠) تۆتومبیلی تانکەری کریووە، بۆ ئاوی خواردنەوە کۆیزانەوە بۆ ١٢٠ لەوگوندانەی کە حاڵی حازر ئاوی خوارنەوەیان تێدا نیە لەگەل ئەوقسانەشدا وتوویەتی کە وەزارەتی شارەوانی ئیستاکە خەریکی ئەوەیە کە ٦٠٠ مەکینەی کارەبا بکرێت و لەودیهاتانە دا دابمەزرێنێت کە کارەبایان تێدانیە، وە لەلایەکی تریشەوە کەلکی ئیش پێکردنی ماتۆری ئاوی ئەو دیهاتانەی لێ وەردەگیرێت ..

وەك وەزیری شارەوانی ڕایگەیاندووە کە چوار لیژنەی سەربە دایرەی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەو لادێکان ئیستا خەریکی دامەزراندنی ئەومەکینانەن لەو گوندانەدا، تاوەکو لەماوەیەکی کەمدا بخرێنە کار، هەروەها وەزارەتی ناوبراو خەریکی کوێنی (٦٠٠) خانووبەرەی حازرەتا دابەشی کات بەسەر ئەوفەرمانبەرانەدا کە لەو دیهاتانەدا کەمەکینانە ئیش پێدەکەن، هەروەها وەزارەتی ناوبراو خەریکی دروستکردنی ٣٠٠ خانووبەرەی ترە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لە شارۆچکەکانی نزیکی ئەو دیهاتانەن کە ئاوی خواردنەوەیان تێدا دابین دەکرێت ..

١٧٠٠ ئۆتۆمۆبیلی تاکسی بە شوفێرەکان دەدرێت

وا چاوەڕوان دەکرێت بەیانی ڕۆژی شەممەی ریکەوتی ٢٢ی ئەم مانگە دەزگای کاروباری (نەقل) دەست کات بە دابەش کردنی هەزارو ٧٠٠ ئۆتومبیلی تاکسی بە سەر ئەو شۆفێرانەدا کە (موستەحەق)ی وەرگرتنی ئەو ئۆتومبیلانەن بە (قیستی) مانگانە .. ئەویش لە بەرنەهێشتنی ئەم تەنگژەمەی ریگەوبانەی کە هەیەو بۆ فوناکردنی ئەو شوفێرانە لە دەست سوو خۆرو ئەو بازرگانە چاوبرسیانەی دەمیان ژندۆتە گیانی ئەو چینە چەوساوەیە .

ئەو ئۆتومبیلانە بڕێتین لە ئۆتومبیلی بیجۆی ٤٠٤و داتسۆنی ژاپۆنیو تۆیوتاو باسی مارسیدسو پاسی تۆ - ئەم .

وە ئاشکرایە لیژنەیەکی تایبەتی سەر بە ئەو دەزگایە ماوەیەك لەمەوبەر چەندمەرجێکی دانا بوو بۆ قەرزپێدانی ئەو کەسانەی موستەحەقی ئەومن لە کۆمپانیای گشتی ئۆتومبیل ئۆتومبیل وەرگرن مەرجەکانیش بڕێتیی یە لەوەی کە ئەو قەرزانە بە قیستی مانگانە بە ماوەیەکی درێژ لەو شوفێرانە وەرگیرێتەوە بنەو ئەوەی قانزاج لەو پارەیە وەرگیرێت .. بە مەرجێك ئەو ئۆتومبیلەنە نیا سەر چاوەی بەریوە چوونی ئەو شۆفێرە بێتو بۆ ئەومەبەستە باوەڕنامەیەك لە نیقابەی (نەقلەوە) بهێنێت وە ئەوەی ئەو قەرزە وەردەگرێت، دەبێت ڕوخسەتی ئۆتومبیل لێخورینی گشتی هەبێت، وە نەبێت ئەو کەسەکاری شۆفێری تەکسی بێتو بە هیچ کارێکی ترەوە خەریك نەبێتو هیچ وارێدانێکی نری نەبێت .. وە ئەبێت ئەوەی نەوسلفەیە وەردەگرێت ئەگەر هاتوو خانەنشین بوو (تقاعد) نابێت معاشی تەقاوتێکەی لە ٢٥ دینار پتر بێت .. وە مەرجەئەو کەسەی سلفە وەردەگرێت لەوەو پێش بەلایەنی کەمەوە ١٥٪ی نرخی ئۆتومبیلەکەی پێشەکی بدات، وە ئەو پارەیەی کە لای دەمێنێت بە قیستی مانگانە بە ٣٦ مانگ لێی وەردەگیرێت، وە قیستەکانی دوای دوو مانگ لە وەرگرتنی ئوتومبیلەکەوە لێ دەبردریت .

بەڕێوەبەرایەتی ئاودان کردنەوەی بیابانی خوارو

وەزارەتی کشتوکال بریاری داوە کە بەڕێوەبەرایەتێکی نوی لە ژێر ناوی بەڕێوەبەرایەتی ئاودان کردنەوەی بیابانی خوارودا (مدیریة الاعمار الصحراء الغربیة) پێك بهێنێت ..

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە پەیوەندی دەبێت لە کەل وەزیرداً .. کاروباری ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی بڕێتی دەبێت لە سەرپەرشتی ئەوڕێکەوتنەی بۆ لێکولینەوەو هەڵسەنگاندنی توانای بیابانی ڕۆژئاوادا دەکرێت .. لە گەل لێکولینەوەی ئەنجامەکانیدا .

هەروەها ئەوبەڕێوە بەرایەتیە ئەرکی جێبەجێ کردنی پرۆژە ئاودێری و نیشتەجێ کردنەکانی ئەوناوچەیە دەکەوێتە ئەستۆ .. وە هەولی ئەوەش دەدات کە پلەوڕادەی ژیانی خەڵکی بیابانی ڕۆژئاوا بەرزبکاتەوە .

دروست کردنی ١٦٦ خانووبەرە لە پارێزگای هەولێر

(ئیدارە محەلی) پارێزگای هەولێر موناقەسەی دروست کردنی ١٦٦ خانووبەرەی خستۆتە ڕوو، دروست کردنی ئەم خانوو بەرانە بەشێکە لە پرۆژانەی لەوپارێزگایە دا جێبەجێ دەکرێتو ملیونێك و ٣٠٠ هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە .. وا نیازە ئەم خانوو بەرانە بدرێت بە فەرمانبەرانو مامۆستایانی ئەوپارێزگایە هەروەها بریاری ئەوش دراوە کە ٣٠ قوتابخانەی سەرەتای و خەستەخانەیەکیش دروست کرێت .

ئۆتێلی بەغدائەوەندەی نەماوەتەوە بێت

کاروباری ئیشی گۆنکرێت، لە گۆشکی ئوتیل بەغدا دا نیوەبووە، ئەو ئوتیلەکە لە بەری (کەرخ) لە بەغدا دا دزوستدەکرێت یەکێك دەبێت لە ئوتێنەهەرە بەناوبانگەکانی وڵات .

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەوەزارەتی (اشغال واسکان) ئەوەی ڕاگەیاندووە کە لیژنەیەکی تایبەتی سەربەبەڕێوەبەرایەتی گشتی خانووبەرە خەریکی هەڵسورانەدنی ئیشوکاری ئەوپرۆژەیەیە، کە چاوەڕوان ئەکرێت لە سەرەتای ساڵی ئایندە دا تەواوبێت .

ئەوەشی ڕاگەیاندوە کە ئەوبەڕێوە بەرایەتیە داوای لە چەند بەڵێندەریکی هاوڵاتی کردووە کە پێشنیاری خۆیان دەربارەی کاروباری خزمەتگوزاری ئەو پرۆژەیە پێش کەش بکەن ..

ئوتیلی ناوبراو لەسەرەوبیەك دروست کراوە کەبەرینی خۆی دەدات لە ٢٧ هەزارو ٥٠٠ مەترەی چوارگۆشە، وە سەرجەم ئیشوکاری ئەو ئوتێلە چوار ملیون دیناری تێ دەچێت .

ئوتێلە کە بڕێتی دەبێت لە ١٦ نهۆم، کە بەکۆمەڵ ژورەکانی ژمارەی دەگاتە ٢٤٣ ئۆدە ئەمە بیجگەلە (١٨) (چەناح) بۆئەو پیاوە گەورانەی بەمیوانی دێنە دیدەنی وڵات، لەگەل ٣٢ (جەناحی) تایبەتی نر دا .. ئەوئوتیلە هۆڵێکی گەورەی گۆنکرەگرتنی تیادا دەبێت کە جێگای ٤٠٠ کەس دەبێتەوە، بێجگە لە هۆڵی نارخواردنو میوان وەلەو کارە خزمەت گوزارینانەی تر کەلەو ئوتێلە دا دادەمەزرێت وەك دایرەی پۆستەو بروسکەی (تلکس) و جیهازی وەرگیرانێکی (ترجمە) دەم ودەستی سەرەرای باخچەی فراوانو گەلێك جێگای مەلەو ڕابواردنی تر ..

گۆشەیەکی ڕوخۆش

- لە نەورۆزدا -

لە نەورۆزدا .. لە دەمی ساڵی تازەدا، کە سروشت چاو دەکرێتەوە بۆ جوانی، بۆ سەوزایی، بۆ تیشکی ژێرینی خۆر، بۆ ئاسمانێکی بێ گەرد، بۆ ئاگرێك کە هەمانی تەزیوی بێ دەشتەکانیش ببوژێنێتەوە ..

لە نەورۆزدا، لەو ڕۆژەدا کە شنەی بەهاراوی، دەدات بە بەرۆکی خونچەداو دنیا بە ڕگێکی نوێ دەپۆشێت ..

هەموو ساڵێ، لە گەڵ بڵێسەی ئەو ئاگرەدا کە لە ناو جەرگەی شەوەزەنگدا، دەگرێتەوەو بە ناو دەڕوونی تاریکیدا گڵپە دەسێنێت و بەرز دەبێتەوە ..

ساڵ لە دوای ساڵ، لەو دەمەدا پەڕەیەکی نوێی دەفتەری خەباتی نەتەوە گێان بە ئازارەکەمان هەڵدەدرێتەوە .. پەڕەیەکی سپیمان دێتەوە بەردەم بۆ دوو بارە، ڕەشەوکی ئۆتۆمبیلەکان، بە هیوای نەوڕۆژێکی وا، کە لەشی ماندووی نەتەوەکەمانی تیادا بحەسێتەوە ...

ئەی نەورۆزی بەهاراوی .. ئەی هەڵاڵانی گڕە پیرۆزەکە، بەڕۆ بەرەوەو .. گڵپە وا بسێنە ئەوژمی سەرمای دەشتەکانی کوردستان ڕیشە بڕ بکە .. ڕەگی سەرما لە ماك دەربێنە .. ئەی ئاگرە نەمرەکە .. تۆ ئەو نیشانەبەیت خدوکەی، هیوامان نەدەیتێ تاریکیو سامی نەهۆزەمان لە دەور دەڕەوێنێتەوە .. ئەی گڵپە خوێنێنەکە .. کە سەد باسو لە سەد نیشانەدا تۆ دەبینمو تۆش هەر نەورۆزیتو پیرۆزیتو پیرۆزیت جا ئیتر، ئەگەر ئەو شوڕشە چینایەتییە بیت کە چەوساوەکان دێ بە چەوسێنەرەوەکانیان بەر پایان کردو میشکی زۆردارێ خوێن ڕێژانی تیادا ڕژاندبێت .. یا بەو نەسنامەیە، بیت کە میللەتانی ژێر چەپۆکێ زیر دەستی وەك میللەتی کوردی ئێمە، وەك نیشانەیەکی ڕزگاری هەنیان دەبەستنو گێرانەوەیان دەکاتە نزایەکی پیرۆزو نەوە لە دوای نەوە بۆ یەکتری دەگێرنەوە بە هیوای ئەوەی ڕەگ خەوێکی گەورەو نوقڵانەیەکی چاك بەخێر بگەڕێت ..

وە یا نەو ڕۆژو وەرزو دەمەبێت کە گوڵ و ڕەنگو جوانیو شیرینی دێنێت ..

هەر نەورۆزمانیتو گیانمانت بۆ دەکەینە بڕێ داروو گڵپەی ئاگرە پیرۆزەکەتی پێ خۆشتر دەکەین .. هەر جەژنمانیتو منداڵەکانمان وا پەڕوەردە دەکەین لە گەڵ هاتنی تۆدا کینەو ڕق لە دڵ دەرکەنو یەکتریان نەوەندە خۆش بوێت نەتەوە حەسرەت لە دڵەکەیان شانازیان پێ وە بکات .

ئەی نەورۆزی ئاگر لە دڵ .. ئەی مژدانە شیرینەکە .. تۆ کام باس لەو باسانە بێتو کام یەك لەو سەد گوزشتانە بێت .. شاباسی میوانیت و لە دڵماندا ئاگرت بۆ دەکەینەوەو لە چاومانداً دەت پارێزین .

« ڕۆشن »

چاپ کراوی نوێ

مەلای گەورە

هەفتەی ڕابوردوو لەنووسینی کاك ممتاز حیدری کتێبێك لەژێر ناونیشانی « مەلای گەورە - مەلا محەمەدی کۆیی » لەبەرگێکی جوان وڕیك وپێك و ناوەڕۆکێکی تەسەڵدا کەوتە بازاڕەوە .. کتێبەکە لەم بابەتانە پێکهاتووە :-

پێشەکی دکتور عزالدین مصطفی رسول، پیاچونەوەی کاك کریم شارەزا، زانای شاعیر، شاعیری کوردایەتی، دووربینی مەلای گەورە لەبارەی لاوانی کورد، شیعری سیاسی، مافی ئافرەت، پەروەردەی منال، بەرپەرچدانەوەی فەلسەفەی کۆنەپەرستی، پایەی لەناونانەوەی کوردا، کۆتایی و پێشنیاز .. نووسەر دانەیەکی بەدیاری بۆ ناردووین سوپاسی ئەکەینو هیواداربن کتێبەکەرەواجی ببێ ..

گۆڤاری بەیان

ناوەڕۆکی ژمارە (٢٣)ی بەیان

× شیعری نەورۆز - پیرە مێرد .
× مامە خەمەو تەرمۆمەتری غەزەبی سیکس : ف.أ
× نەورۆزو شاعیرە کانمان
× کوڵتە باسێك لە بارەی ئەم نووسینەی ئێمەوە - عەلائەدین سجادی .
× نازە خان چاومە : نووری حەیران .
× جامەدان ساحێبو سینەماکەی شار : جەمال بابان
× ئاورێك لە نووسینی کۆنو نوێمان : تایەر سادق .
× پۆشکینو مۆسیقا
شێرزاد نانەکەلی
× بیانەوێو نەیانەوێ :
شیعر - کاروانی
× دەربارەی چیرۆکی منداڵان : ڕەزا شوان
× ئێوارەی پاییز : هێمن .
× نووسینی وشە وەکوو بێژانی ناو خۆیی : عەبدولقادر قەرگەیی .
× لە ئەنجامدا شەیتان سەرکەوت : تەهابابان وەری گێراوە .
× پاشماوەی مامەند کەرکووکی : کەریم شارەزا .

لە بیرەوەری ناودارانی کوردا بە بۆنەی کۆچی دوایانەوە .

١ - قازی محەمەد .
٢ - مەلا ڕەشید بەگ
٣ - میرزا مارف
٤ - شێخ سەلام

لە ئەنجامی بەرەکانی میژووداً

ئادار مانگی بەهاروگوڵو گوڵزارە، مانگی ئاشتیو برایەتییە، لەلاپەڕەکانیدا ڕەوداوو تیکۆشینو خەباتو سەرکەوتن خۆیان ئەنوێنن، ئەگەر ئادار بەمیری مانگەکانی ساڵ بژمێردرێت ئەبێت ڕۆژی (٢١)ی ئەم مانگەش بە سەرۆك وە یا (میرمیران)ی ڕۆژانی ساڵ بدرێتە قەڵەم چونکە ئەم هەموو ڕوداوە (هەمەڕەنگە) لە لاپەڕەکانیدا تۆمارکراوە :-

× ڕۆژی سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەڕە بەسەر زوحاکی خوێنمژو هەڵگردنی ئالای « نەورۆزە » .
× سەری ساڵی کوردیەو پێ ئەنێینە ساڵی ٢٦٧٥ مان .
× سەری ساڵی ئێرانییەو ساڵی ١٣٥٥ی کۆچی هەتاوی دەستپێئەکات .
× لەم ڕۆژەدا گەشتێکەی نوح لە کێوی (جودی) لەنگەری بەست .

ئنجا باناورێك لە مێژوو بدەینەوەو لاپەڕەکانی هەڵدەینەوە بزانین چیتر خۆش، یاناخوش لەم ڕۆژەدا ڕوی داوە :-

× لە ساڵی ٧٦٣ی دا شاری بەغداد دروستکرا .
× لە ساڵی ١٨٨٥دا فەرەنسا وڵاتی ڤیتنامو لائوسی داگیرکرد .
× لە ساڵی ١٩٠٥دا ڕۆژی ٢١ی ئادار کراوەتە (ڕۆژی دایك) .
× لە ساڵی ١٩٢١ دا یاسای ئەساسی عیراقی بڵاوکرایەوە .
× لە ساڵی ١٩٤٥دا بەرنامەی دەزگای وڵاتانی عەرەب مۆرکرا .
× لە ساڵی ١٩٤٦دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری (هەڵاڵە) لە ساباڵخ بڵاوکرایەوە .
× لە ساڵی ١٩٤٧دا کۆماری کوردستانی ئێران ڕوخا .
× لە ساڵی ١٩٦٦ دا لە ئەفەریقای خواروو کارەساتی (شاریڤێل) ڕوی دا لەم کارەساتەدا داگیرکەر ٦٩ ئەفەریقایی تیرباران کرد .
× لە ساڵی ١٩٦٨ دا لە نێوان فیداکارانی فەلەستێنو زایۆنیستەکان شەڕی (کەرامە) دەستی پێکرد . ئەویشمان لەبیرنەچێ لەم ڕۆژەدا شەووڕۆژ وەك یەك ئەبنە (١٢) سەعات .

Institut Kurde de paris

کوردلەمێژودا

ئاراس

بۆ هەموو لایەك ئاشكراو زۆر لە مێژوو نوسەكان لە بوونە ژێر دەستە ٠

لەم سەرزەمینە پانو فراوانە دا ڕووبۆ بۆتەوە هەر نەتەوەیەك ئەگەر لەم دەربارەی « ماد » دواون وشوینەوارو سنوری ئەودەوڵەتەیان نیشانە گەلێك مێژوو نوس لەم باسە کرد وە کە جێگای باووباپیرانی دواون ئەتوانین بڵێین کە هەموو کوردە وەك لێڕی ئەدوێن لایەکیان لەم ڕاستیەی خوارەوە مادەکان لە ٧٠٠ - ٥٠٠ پێش دایەك قسەن (براون) لەم زاین دا کیشوەرێکی زۆر ڕووەوە ئەڵێت خەڵکی (ماد) گەورەو بە هێزیان بووە و بەزمانێکی ئیرانی کۆن دواون خاوەنی دەوڵەتو دەستەڵات کە نزیکە بەزمانی فارسی بون هەر وەها ئەم « ماد »ا نە کۆنو لەم لێکولینەوەو بیروباوەڕەش دا (نولدکە)ی ڕۆژ هەڵات ناس پشتگیری ئەم لایەنە ئەکات وددووپاتی ئەکاتەوە کە زمانی (ماد) نزیکە لە زمانی فارسی کۆنەوە هەر (براون) بە درێژی لەم بارەیەوە ئەڵێت کە زانای گەورەش (دار مستەتەر) خۆی زۆر پێوە خەریک کردوە ئەڵێت « زمانی ئاویستا » کە کتێبی (زەردەشت)ی پێ نوسراوە تەوە (زمانی مادەکان بوە) وئایینی (زەردەشت) لە - (ئەترویاتن - ئازبایجان)ی ئێستاوە بڵاو بۆتەوە ئەم ئایینەش پەیوەندیەکی بتەوی بە (ماد)ەکانەوە دیسانەوە ڕۆژهەڵات ناسی ناوبراو (دارمستەتەر) ئەڵێت زمانی ئێستای کورد لە زمانی (ماد)ەکان جیابۆتەوە هەندێك وشە لەزمانی (پشتو) ڕەوی فارس لە خواروی ئیران گوێزرایەوە ٠

ڕۆژ هەڵات ناسی ئینگلیزی « ئەدوارد براون » دەربارەی سنوری دەوڵەتی « مادەکان ئەڵێت :- سنوری لە باکورەوە کێوەکانی ئازبایجانە کە کۆن پێیان وتوە (ئەترۆپاتن) وخواروشی (شوش و خۆزستان)ە و ڕۆژهەڵاتی شاخەکانی « زاگرۆس »ەکە درێژ ئەبێتەوە بۆ سنوری تارانی ئێستاو ئەسفەهانو بەشێك لەمازندەران بە شێوەیەکی تازە تر ئەتوانین بڵێین ئەم وڵاتە بریتیە لە وڵاتی کوردستان وە بەشێکی سەروی خۆزستان وە بەشێ ڕۆژئاوای ژووروی عیراق خواروی ئازبایجان ٠

(براون) زۆر بەوردی بە دوای شوینەواری ئەم « ماد »انەدا گەڕاوەو زۆر سەرچاوە وشوینەواری ئاشووری و جولەکەو یۆنانیەکانی ئەم دێو ئەودێو وتاوو تۆ کردوە کە لە شەبەقی ڕوونا کەوە چەپکە گوڵێکی بە نرخ پێشکەش مۆزەخانەی مێژووبکات ٠

جا هەر وەها پێویستە بزانین کە گەلێ سەر چاوە وەك (تەورات) لە سوڕەی (سەفەردانیال و سەفەر ئەرمیا) دا باسی (ماد)ەکان کراوە دووبارە سەرچاوە یونانیەکانیش ناویان هێناوە (هیرۆدۆت)ی باوکی مێژوو ئەڵێت خەڵکی (ماد) سەر بە دەوڵەتی ئاشوریەکان بوون بەڵام دوای سەر بەخۆیبان بۆ خۆیان سەندوە (دیوکۆس) بوە بە شایان پاش ئەوەی کە (ماد)ەکان لە (ئاشوری)ەکان بەسااڵێك یان بە دووسااڵ جیابوونەوە ٠٠٠ هەروەها (هیرۆدۆت) پاسی (ماد) ئەکات ٠٠یەکەمیان (دیوکۆس)ە و لە(کیاجزارس)ی شاش ئەدوێ کە لە سااڵی ٦٢٥ی پێش زایندا هاتۆتە سەر تەختی شای ودوا شاشیان ناوی (ئێستیاحس) بوە کە (کورش) هەخامەنشین) بە سەریا زاڵ بوەو لە (٥٥٠)ی پێش زایندا دەستەڵاتی لە دەست (ماد)ەکان سەندوە ٠٠٠ بەم ڕەنگە (ماد)ەکان دەوڵەتەکەیان نەماو کەوتە ژێر دەستی فارسەکان وخۆشیان زۆر لە مێژوو نوسەکان لە بوونە ژێر دەستە ٠

دەربارەی « زمان »یش گەلێك مێژوو نوس لەم باسە دواون ئەتوانین بڵێین کە هەموو لایەکیان لەم ڕاستیەی خوارەوە دایەك قسەن (براون) لەم ڕووەوە ئەڵێت خەڵکی (ماد) گەورەو بە هێزیان بووە و بەزمانێکی ئیرانی کۆن دواون خاوەنی دەوڵەتو دەستەڵات کە نزیکە بەزمانی فارسی کۆنو لەم لێکولینەوەو بیروباوەڕەش دا (نولدکە)ی ڕۆژ هەڵات ناس پشتگیری لەم لایەنە ئەکات ودووپاتی ئەکاتەوە کە زمانی (ماد) نزیکە لە زمانی فارسی کۆنەوە هەر (براون) بە درێژی لەم بارەیەوە ئەڵێت کە زانای گەورەش (دار مستەتەر) خۆی زۆر پێوە خەریک کردوە ئەڵێت « زمانی ئاویستا » کە کتێبی (زەردەشت)ی پێ نوسراوە تەوە (زمانی مادەکان بوە) وئایینی (زەردەشت) لە - (ئەترویاتن - ئازبایجان)ی ئێستاوە بڵاو بۆتەوە ئەم ئایینەش پەیوەندیەکی بتەوی بە (ماد)ەکانەوە دیسانەوە ڕۆژهەڵات ناسی ناوبراو (دارمستەتەر) ئەڵێت زمانی ئێستای کورد لە زمانی (ماد)ەکان جیابۆتەوە هەندێك وشە لەزمانی (پشتو) ڕەوی فارس لە خواروی ئیران گوێزرایەوە ٠

ڕۆژ هەڵات ناسی ئینگلیزی « ئەدوارد براون » دەربارەی سنوری دەوڵەتی « مادەکان ئەڵێت :- سنوری لە باکورەوە کێوەکانی ئازبایجانە کە کۆن پێیان وتوە (ئەترۆپاتن) خواروشی (شوش و خۆزستان)ە و ڕۆژهەڵاتی شاخەکانی « زاگرۆس »ەکە درێژ ئەبێتەوە بۆ سنوری تارانی ئێستاو ئەسفەهانو بەشێك لەمازندەران بە شێوەیەکی تازە تر ئەتوانین بڵێین ئەم وڵاتە بریتیە لە وڵاتی کوردستان وە بەشێکی سەروی خۆزستان وە بەشێ ڕۆژئاوای ژووروی عیراق خواروی ئازبایجان ٠

(براون) زۆر بەوردی بە دوای شوینەواری ئەم « ماد »انەدا گەڕاوەو زۆر سەرچاوە وشوینەواری ئاشووری و جولەکەو یۆنانیەکانی ئەم دێو ئەودێو وتاوو تۆ کردوە کە لە شەبەقی ڕوونا کەوە چەپکە گوڵێکی بە نرخ پێشکەش مۆزەخانەی مێژووبکات ٠

جا هەر وەها پێویستە بزانین کە گەلێ سەر چاوە وەك (تەورات) لە سوڕەی (سەفەردانیال و سەفەر ئەرمیا) دا باسی (ماد)ەکان کراوە دووبارە سەرچاوە یونانیەکانیش ناویان هێناوە (هیرۆدۆت)ی باوکی مێژوو ئەڵێت خەڵکی (ماد) سەر بە دەوڵەتی ئاشوریەکان بوون بەڵام دوای سەر بەخۆیبان بۆ خۆیان سەندوە (دیوکۆس) بوە بە شایان پاش ئەوەی کە (ماد)ەکان لە (ئاشوری)ەکان بەسااڵێك یان بە دووسااڵ جیابوونەوە ٠٠٠ هەروەها (هیرۆدۆت) پاسی (ماد) ئەکات ٠٠یەکەمیان (دیوکۆس)ە و لە(کیاجزارس)ی شاش ئەدوێ کە لە سااڵی ٦٢٥ی پێش زایندا هاتۆتە سەر تەختی شای ودوا شاشیان ناوی (ئێستیاحس) بوە کە (کورش) هەخامەنشین) بە سەریا زاڵ بوەو لە (٥٥٠)ی پێش زایندا دەستەڵاتی لە دەست (ماد)ەکان سەندوە ٠٠٠ بەم ڕەنگە (ماد)ەکان دەوڵەتەکەیان نەماو کەوتە ژێر دەستی فارسەکان وخۆشیان زۆر لە مێژوو نوسەکان لە بوونە ژێر دەستە ٠

دەربارەی « زمان »یش گەلێك مێژوو نوس لەم باسە دواون ئەتوانین بڵێین کە هەموو لایەکیان لەم ڕاستیەی خوارەوە دایەك قسەن (براون) لەم ڕووەوە ئەڵێت خەڵکی (ماد) گەورەو بە هێزیان بووە و بەزمانێکی ئیرانی کۆن دواون خاوەنی دەوڵەتو دەستەڵات کە نزیکە بەزمانی فارسی کۆنو لەم لێکولینەوەو بیروباوەڕەش دا (نولدکە)ی ڕۆژ هەڵات ناس پشتگیری لەم لایەنە ئەکات ودووپاتی ئەکاتەوە کە زمانی (ماد) نزیکە لە زمانی فارسی کۆنەوە هەر (براون) بە درێژی لەم بارەیەوە ئەڵێت کە زانای گەورەش (دار مستەتەر) خۆی زۆر پێوە خەریک کردوە ئەڵێت « زمانی ئاویستا » کە کتێبی (زەردەشت)ی پێ نوسراوە تەوە (زمانی مادەکان بوە) وئایینی (زەردەشت) لە - (ئەترویاتن - ئازبایجان)ی ئێستاوە بڵاو بۆتەوە ئەم ئایینەش پەیوەندیەکی بتەوی بە (ماد)ەکانەوە دیسانەوە ڕۆژهەڵات ناسی ناوبراو (دارمستەتەر) ئەڵێت زمانی ئێستای کورد لە زمانی (ماد)ەکان جیابۆتەوە هەندێك وشە لەزمانی (پشتو) ڕەوی فارس لە خواروی ئیران گوێزرایەوە ٠

ڕۆژ هەڵات ناسی ئینگلیزی « ئەدوارد براون » دەربارەی سنوری دەوڵەتی « مادەکان ئەڵێت :- سنوری لە باکورەوە کێوەکانی ئازبایجانە کە کۆن پێیان وتوە (ئەترۆپاتن) خواروشی (شوش و خۆزستان)ە و ڕۆژهەڵاتی شاخەکانی « زاگرۆس »ەکە درێژ ئەبێتەوە بۆ سنوری تارانی ئێستاو ئەسفەهانو بەشێك لەمازندەران بە شێوەیەکی تازە تر ئەتوانین بڵێین ئەم وڵاتە بریتیە لە وڵاتی کوردستان وە بەشێکی سەروی خۆزستان وە بەشێ ڕۆژئاوای ژووروی عیراق خواروی ئازبایجان ٠

(براون) زۆر بەوردی بە دوای شوینەواری ئەم « ماد »انەدا گەڕاوەو زۆر سەرچاوە وشوینەواری ئاشووری و جولەکەو یۆنانیەکانی ئەم دێو ئەودێو وتاوو تۆ کردوە کە لە شەبەقی ڕوونا کەوە چەپکە گوڵێکی بە نرخ پێشکەش مۆزەخانەی مێژووبکات ٠

جا هەر وەها پێویستە بزانین کە گەلێ سەر چاوە وەك (تەورات) لە سوڕەی (سەفەردانیال و سەفەر ئەرمیا) دا باسی (ماد)ەکان کراوە دووبارە سەرچاوە یونانیەکانیش ناویان هێناوە (هیرۆدۆت)ی باوکی مێژوو ئەڵێت خەڵکی (ماد) سەر بە دەوڵەتی ئاشوریەکان بوون بەڵام دوای سەر بەخۆیبان بۆ خۆیان سەندوە (دیوکۆس) بوە بە شایان پاش ئەوەی کە (ماد)ەکان لە (ئاشوری)ەکان بەسااڵێك یان بە دووسااڵ جیابوونەوە ٠٠٠ هەروەها (هیرۆدۆت) پاسی (ماد) ئەکات ٠٠یەکەمیان (دیوکۆس)ە و لە(کیاجزارس)ی شاش ئەدوێ کە لە سااڵی ٦٢٥ی پێش زایندا هاتۆتە سەر تەختی شای ودوا شاشیان ناوی (ئێستیاحس) بوە کە (کورش) هەخامەنشین) بە سەریا زاڵ بوەو لە (٥٥٠)ی پێش زایندا دەستەڵاتی لە دەست (ماد)ەکان سەندوە ٠٠٠ بەم ڕەنگە (ماد)ەکان دەوڵەتەکەیان نەماو کەوتە ژێر دەستی فارسەکان وخۆشیان زۆر

لاپەرە ـ٥ـ

هەواڵەکانی شاری هەولێر

● کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر چیرۆکێکی ئامادە کردوە بۆ تۆمارکردن لە تەلەفزیۆنی کەرکوك کە لە دەرهێنانی هونەرمەند مامۆستا چەتۆ حەسەنەو ئەم ئەکتەرانە بەشداری تیادائەکەن :

١ - خەلیل یابە کریم
٢ - ڕەسمی جەلال
٣ - عەبدول ڕەزاق شەمسەدین
٤ - کەمال سەعدی
٥ - سەلاح محەمەد عەلی
٦ - مام فەتحوڵا

وە چەند ئەکتەرێکی تری لیها توی تیپەکە لەم چیرۆکەی بەشداری ئەکەن کەبەناوی (هەڵەی دەرهێنەر) ٠

● تیپی هونەری هەولێر دوو چیرۆکی ئامادە کردووە بۆ تۆمارکردن کە هەردووکی لە دەرهێنانی مامۆستا سەباح عەبدولڕەحمانە ٠

● قوتابخانەی ئامادەیی کوردستان لە هەولێر تیپێکی مۆسیقاو نواندنی لەڕێکەوتی ١-٣-١٩٧٥ ڕێك خست بە ناوی « تیپی پێشڕەوی قوتابیان »وە بۆ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی تیپەکە ئەم کەسانە هەڵبژێران :-

١ - قوتابی هونەرمەند کەمال سەعدی سەرۆکی تیپ ٠
٢ - کاك زیاد سالح بەڕێوەبەری هونەری تیپ ٠
٣ - مەجید مەغدید بەڕێوەبەری شانۆی تیپ ٠

لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی تر لە گۆرانی بیژانی تازە هەڵکەوتوو ٠

هەواڵی تەشکیلی

● خوێندکارە دەستەرەنگینەکانی قوتابخانەی ناوەندیو ئامادەییەکانی شاری هەولێر بەتابلۆ ڕەنگینە سەرنج ڕاکێشە ڕەکانیان بەشداری پێشانگای ئەمسالی قوتابیانیان کرد کە لە هۆڵی قوتابخانەی ئەیوبیەی کچان لە ژێر ناوی (معرض الثمرە) ئەم پێشانگایە (٥) ڕۆژی خایاند هونەرمەندان لە کچو لە کوڕان بەشداریان تیاکرد کە بوەهۆی پێشاندانی جوانترین نمونەی سەربەستیو یەکسانی نێوان ئافرەتو پیاوان ٠

ئۆکتای یوسف
ناردویەتی



بزیشکیکی زۆرزان !!

تا ئیستا عیلم دەستەوستانە لەوەی کە بزانێ منداڵ لەسکی دایکیدا بەرلەبون کوڕەیان کچە ٠٠ بەڵام پزیشکیك لە یەکێك لەخەستەخانەکانی منداڵ بوندا ئەوەی ئەزانی چون ؟

ڕوژێك زەیستانیك بەوەی تەنیشتی ئەڵێ :

● بەخوا (فلان) پزیشك زیرەکە ، تو ئەزانێ هەر کە سەیری ئافرەتی کرد ئەزانی کوڕی ئەبێت یان کچ ٠ بەمنی ووت کورت ئەبێتو ئەوەتە قسەکەشی ڕاست دەرچو ٠

● وەڵا هیچ وانیە - ژنەکەی تر ئەڵێ - بەمنی ووت کچت ئەبێ کەچی کوڕیشم بو ٠

● نابیت هەبیتو نەبیت ئەبێ توخراپ تێگەیشتبیت ٠

● باشە چی بەرامبەر نوسراوە ٠ ژنە بە حەپەساویەوە ئەڵیت :

کور ! ئینجا بەسەر کەوتوییەوە پزیشکەکە ئەڵێت: ئیتر خەتای منی تیا نیە خانم ئەگەر تو بە پیچەوانەوە لە قسەکانی من تێ بگەیت ! ئەوە ئەڵێتو ئەڕوات ٠٠

ئافرەتەکە ئیتر بەتەواوی ئەچیتە ئەو بروایەوە کە ئەبێت سەرەوخوار لەقسەکەی ئەو پزیشکە گەیشتبیت چونکە بەچاوی خوی بینی کە بەرامبەر ناوەکەی کور نوسراوە ناهەقیش نەبوو چونکە نەیئەزانی کە ئەو پزیشکە ئەوەندە (ژۆرزانە) بەهەرچ ئافرەتیك بڵێ کورت ئەبیت لەم دەفتەرەکەیدا ئەنوسیت کچو ئەگەر کچیشی پێ بڵێ ئەنوسێت کور !

تەها بابان

شێخ لەتیفی هونەرمەند

● ○ معروف قەرەداغی

ئەگەر بڵێم ئەم کوردستانە وبۆی هەڵکەندن کەبتوانن لیرەو سەرانسەر جێگای زاناو دانا و هونەرمەندانە دروی تێدانیە لەگوڤاری بەیانی خۆشەویستدا لەژمارەی (٢١)دا لەکانون دو سال ١٩٧٥دا نوسراوێکم بەرچاو کەوت بەپێ نوسی کاك کەمال غەمبار کەلەسەر هونەر- مەندی خوالێخۆشبو محمد امین یونس نوسیبو سرنجی ڕاکێشام لەمەدا خوالێخۆشبو شێخ لەتیفی کوری شێخ عبدالکریم کوری شێخ قادری سنەی - شێخ قادری موهاجر کەبەناو بانگبو بەشێخ لەتیفی دندان- ساز هاتەوە یاد کەلەتەمەنی (٥٥) ساڵیدا لە سلیمانی لە پەنجاکاندا وەفاتی کرد ٠

ئەم پیاوە هونەرمەندیەکەی لەخۆش نوسیندا بەفارسیو عەرەبیدا هاوتای لەهەمو کوردستانی عراقدا نەدەبینرا ٠ خۆ بەتایبەتی لە پیشەی مۆرهەڵ- کەندنو ٠ ئەمەلەڕوی مۆرهەڵ- کەندنو خۆش نوسینەوە ٠

لەڕوی پیشەسازیەوە تفەنکێکی بێتەقەی دروستکرد بێگوللەو باروت تاقەساچمەیکێ دەخوارد لەماوەی ٢٠٠-٣٠٠ یاردەدا پیاوی دەکوشت ٠ جاریکیان لە خزمەتیا بوم لەناو باخەکەیدا چەقەڵێك ڕای کرد بەو تفەنگە کوشتی ٠ دوای نەوە دەمانچەیەکی دروستکردبو تافە یەك فیشەکی حەوت تیری دەخوارد ئەودەمانچە دەبو بەنیزەو دەکرا بەقامچیو سونی هەتا خۆم لەخزمەتیادەم خوندو لەوەوە فیریخۆش نوسینو مور هەڵکەندنو سەعات سازی بوم لە ساڵی ١٩٢٣ دا داوای کرد لە شێخ مەحمود کەیارمەتی بدات تۆپێکی دژی فرۆکەی بۆ دوروستبکات بەمەرجێ نەهێڵێت فرۆکەبتوانێتڕو بکاتە سەر شاری سلیمانی هەرواجۆرە قەڵەم بڕێکی بوشیشی ئاسنی پەنجەرەی وەکو خەیار دەبڕیە- وەو لەوقەڵەم برانە دانەێکی نایابی دروست کردو بەدیاری ناردی بۆ (فیصل)ی یەکەم کەبەناوی ئالتون لەسەر دەمەکەی نوسیبو بو (جلالت ملك عراق فیصل) ٠

لەپیشەی تردا لە ئاسن- گەریو دارتاشیو سەعات- سازیدا بڕوێنەبو ٠ لە ساڵە کانی ١٩٢٥دا کەشاری سلیمانی لەتاو بومبارمانی انگلیس چۆلی کردو زوربەی خانوەکانی سونا شێخ لەتیف بەماڵەوە چووەتەی ژاڵەکە بەشێکی مولکایەتی تێدابو وخۆم لە خزمەتیابوم ئانجا لەوێوە هاتینە عەربەت ٠ چەن ڕۆژی ماینەوە تا چەن ئۆلاغێکمان دەستکەوت چوین بۆ هەڵەبجە ٠ وبیارە ٠ لەبیارە پیاوێکی لێبو دندانساز مەلا احمد ناو بانەیبو بەهۆی ئەو مەلا احمد ناوەوە شێخ لەتیف فیری دندانسازیبو قەڵەم بڕێك لەوقەڵەم برانە بەڵام دندان سازێکی بلیمەت- لەگەڵ دانەی مەقەستی باخ- وزانا وپیشەسازێك بۆ بێ وێنە بریندا کەدەستکردی شێخ ٠٠ دوای ئەوە لەدەروبەری ١٩٢٧-١٩٢٨دا گەرایەوە بو ئاسنی پیلەت دەکرا وقەڵەم سلیمانی تاوەفاتی وکوچی دوایی بڕەکە شیشی ئاسنی پیدەبڕا لەسلیمانیدا مایەوە ٠

لەوسااڵنەیدا مێجەرسۆن سەند هەروا میجەرسۆن داوای لەسلێمانیدا حاکمی سیاسی بو کرد لە شێخ لەتیف کەبچێت بۆ خۆی زوتریش زۆرباش شێخ (لندن) لەسەر حسابی حکومەتی لەتیفی دەناسی دەیزانی چ لندن بێت بەمامۆستا لە جۆرە پیشە سازیکی بلیمەتە مەعمەلیکی گەورەدا بەمەرجی سا گەلی کورد بە تەواوی مێژووی ساڵە های ساڵی بە ئارەزوی خۆی تۆمار ئەکات وپێشکەش بە مۆزەخانەی گەلان ئەکات ٠٠ ئەم هەستە نەتەوایەتیە لە (ماد)ەکانەوە تا ئەمڕۆ وە نەبێت هەروا بەوشکو برنگی مابێتەوە وفڕێ درابێتە کونجی لە بیرچونەوەوە ٠٠ وەك بیرو خۆین ئەدەبیاتی گەلی کوردیش لەم ڕووەوە لەو بارە یەوە دواوە کە لەم شیعرەی مامۆستا (دلدار) دا کە بۆتە (مارشی) نەتەوایەتی گەلی کورد دەر ئەکەوێ :-

ئێمە ڕۆڵەی میدیاو کەی خوسرەوین
دنیمانە ئاینمانە ٠٠٠

سەر چاوەکانی ئەم نوسینە:

١ - نوسینەکانی مامۆستا (توفیق وهبی) لە گەل گەلاوێژدا ٠
٢ - تأریخ اللغات الایرانیة - الدکتور عبدالسلام عبدالعزیز فهمی ٠
٣ - لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی - مامۆستا علاء الدین سوجادی ٠
٤ - کتاب تاریخ العام - أدیب امتقی البغدادی ٠

- نەورۆزو کاوە -

گڕی نەورۆزی کاوەی قارەمان
لە کێڵەدایە تاماوە جیهان
لەڕێگەی کوردا گرتیە دەس چەکوش
تاکو هەڵی کرد ئالای نیشتمان

● باڵدار ●

ئەم ڕۆژە تەنیا بۆ بەهار نیە
هەر جەژنی گوڵو لالەزار نیە
یادی ڕۆژێکە کوردی قارەمان
قەڵا سەختەکەی دوژمنی ڕمان
کورد دلیرانە خۆی ئەدا بەکوشت
بۆ ئازادی بوو، خویناوی ئەرشت

نەورۆزو کاوە
لای کامەران

کامەران

Institut Kurde de Paris

نەورۆز

ئاگر ئەکاتەوە خەم ئەکوژێنێ ١٠٠٠

کرێکارانی کارگەی جگەرەی سلێمانی وتیان چی ..؟

● کاك محەمەد جوامێروتی :

لە کومپانیای نەوتی کەرکوکەوە هیناومیان بۆ ئیرە ئەمەوێ بگەڕێمەوە جیگاکەی جارانم .. هەروەها برایان غولام محەمەدو حەیدەر فەتاحو نەجمەدین عەبدوڵلاو مستەفا حسێنو هاوریکانیشی داوایان ئەکرد بیان نیرنەوە بۆ شوێنەکانی جارانیانو پلەی مانگانەی جارانیان پێ بدەنەوە. ئەیانوت ئیمە کرێکاری تەکنیکی بوین ئیستە کراوین بە کرێکاری سادە .



کرێکارانی ئافرەت لەکارگەی جگەرەی سلێمانی

● کاك صالح قادر صالحوتی :

١٣ ساڵە لەم کارگەیەم لەسەر مەکینەی چاپەکەم مانگانەکەم ٣٥ دینارە، جۆری ژیانم ناخۆشە ، ١٢ سەر خێزانم ئەمەوێ مانگانەی منداڵەکانم بدرێتی .

● خوشکە شوکریە محەمەد ئەحمەد وتی :

هەشت سەر خێزانم مانگی ٢٤ دینار وەرئەگرم ، ئەمەوێ کارگە خانومان بداتی .

● کاك غەریب حەمەرەحیم وتی :

١٣ ساڵە لەم کارگەیەم مانگی ٣٢ دینار وەرئەگرم ئەمەوێ مانگانەکەم زیاد بکرێ و جۆری هەوێ تەندروستیمان لە کارگە کەداباشتر بکرێ .

● کاك جەمال ئەحمەد عەلی وتی :

تەمەنم ٤٢ ساڵە ، ئەمەوێ خانوم بدرێتی ، مانگانەی منداڵەکانم نەخرێتە پشت گوێ.

● کاك سەلیم عەبدوڵا محەمەد وتی :

ئەمەوێ خانوم بدرێتێ ، مانگانەکەم ٢٦٥٠٠ دینارە بە کولەمەرگی پێی ئەژیم .

● کاك نەجیب محەمەد حسێن وتی :

تەمەنم ٣٣ ساڵە ، لە سەعات شەشی بەیانیەوە تا دوی پاش نیوەرو یەك بین ئیش ئەکەین ، ئەمەوێ مانگانەی منداڵەکانیشمان بدەنێ

● کاك قادر کریم وتی :

کە مانگانەکەمان گەیشتە ٣٠ دینار رائەوەستێ ئەمەوێ ئەمەمان بۆ چارەسەر بکرێ .

● کاك سەعید محەمەد ئەمین فەرمانبەری تەندروستی وتی :

لەماوەی رۆژێکدا نزیکەی ٣٠ کرێکار بۆ داوو دەرمان دێنە لامانو چارەسەرێکی سەرەتایی ئازارو نەخۆشیەکانیان ئەکەین

● کاك فەتاح محەمەد مستەفا وتی :

کارگە هێشتا خانوی پێ نەداوم ، بە پێی ئیشو پیشەکەی مانگانەکەم کەمە .

● کاك ئەحمەد حەمدی وتی :

من کرێکاریکی تەکنیکیم هەتاکو زیاتر ماندووبم وائەزانم خزمەتێکی زورترم بە کارگەو نیشتمانەکەم کردوە .

● کاك رەحیم صالح کرێکاری کارەبایی وتی :

رۆژی هەشت سەعات ئیش ئەکەم ، لە خانوی کارگەدام ، بەڵام مانگانەکەم بە باشی بەشم ناکات .

● کاك رەسول حەمە بۆرەعەزیز وتی :

دڵم بە ئیشەکەم خۆشە بەڵام مانگانەکەم کەمە ١٧ دینار وەرئەگرم ، حەز ئەکەم مانگانەکەم زیاد بکەن .

- لە بەشی (تەنقیح)هەڵتەکاندن ، تیکرا داوای خاوێنی شوینی ئیش کردنەکەیان ئەکرد و ئەیان وت شوێنەکەمان پێویستی بەهەوای پاك هەیە .

● کاك حسین کەریمو کاك سەعید نادر عەبدوڵو کاك ڕەحیم عەلی فەرەجو خوشکەکافیە عەبدوڵڕەحمان ڕەزاو خوشکە بەدریە مستەفا هەمویان ئەیانوت :

ئەمانەوێ چارەسەرێکی هەوێ تەندروستیمان بۆ بکەن، جۆری خواردنی چێشتخانەکەمان بە دڵ نیە ، هەندێکمان خانویان نیەو ژیانیان ناخۆشە.. بۆچی مانگانە بە منداڵەکانی ئێمە نادەن ؟

لە گەڵ لیژنەی نەقابەی کارگەدا

کاك ئەحمەد سەعیدسەروکی لیژنەی نەقابەی کرێکارانی جگەرە لە سلێمانیبە نوێنەری هاوکاری وت :

کرێکارەکان ڕۆژی هەشت سەعات ئیش ئەکەن ، لە هەندێك بەشدا کە پێویستەزیادە ئیش ئەکەنو پارەی



کۆمەڵێکی تر لە کرێکارانی کارگەی جگەرەی سلێمانی

زیادە وەرئەگرن ، دوو ساڵەمەڵبەندی قەلاچۆ کردنی نەخوێندەواریمان داناوەکرێکارەکان تیایا ئەخوێنن نزیکەی ٦٤ کرێکاری ژنو پیاو کرێکاران ساڵی ٢٠ ڕۆژ ئیجازە

فێری خوێندەواری سەرەتایی بوون ، زۆربەی کرێکارەکان خانویان پێ دراوە ، بەپێی یاسای ضمانی کرێکاران مانگانەی کرێکارەکان ٤٧ دینار ، پزیشکیی تایبەتیمان هەیە کە ڕۆژی بۆ تازە ئەکرێتەوە ، هیچ دوو جار لە کاتی ئیش جیاوازیەك لە ڕوی یاساوە کردنا دێت بۆ چارە کردنی کرێکارەکان ، ژنانداو نیە ، پێوستەی شەو ڕەمانخانەی تایبەتیمان هەیە ، هەر کرێکارێك سەعاتێك زیادە ئیش بکات پارەی چوار سەعاتی ئەدرێتێ ، ئەو کرێکارانەی ڕێگای ئوتوموبیل مانگانیان ناگرێتەوە ڕۆژی ٣٠ فلسیان ئەدرێتی بۆ ئەمسەرەو سەری هاتۆ چۆ کردنیان .

● ئێمەش داواکاری ئەم خوشکو برایانە ئەخەینە بەر چاوی لێپرسراوان بەو نیازەی کە چارەسەری گیرو گرفتەکانیان بکرێو باری گوزەران و جۆری ئیش کردنیان باشتر بکرێ .

- نوێنەری هاوکاری -



کرێکارەکان لەکاتی ئیش کردنا

پوستەی خوێنەران بەبونەی جەژنی نەوروزەوە دو پیروزبایی لە میوانە ئازیزەکانی گوشەکەی ئەکات .. بەبونەی جەژنی نەوروزەوەو بەبۆنەی کامڵ بونی بەرهەمە ئەدەبیە پوختەکانیانو دەرچونیان لەناو بۆتەی ئەدەبی هاوچەرخ وە بەم بونەیەوە هانی نوسەرە لاوە تازەکان ئەدات کە زۆر تر خۆیان بە بەرهەمی بەکەڵکەوە خەریك بکەنو زیاتر خزمەتی ئەدەبی نەتەوەی کورد بکەن .

پوستەی خوێنەران لە کاتێکدا کە بە هەموو لەپوو دانەمانێکەوە قسە لەگەڵ خوێنەرانی ئەکات و نایەوێ هیچ ڕاستیەکیان لێ بشارێتەوە مانای ئەوەیە ئەوپەڕی ڕێزی هەستو شعوریان ئەگرێو شیاوی ئەوەیان ئەزانێ کە ڕاستەو ڕاست ڕازیان لەگەڵا بکاتەوە ، ئەگەر هاتو ویستی ڕاستیان لێ بشارێتەوە ئەوە مانای ئەوەیە هێشتا باوەڕی بە کاملی بیرو پلەی هۆشیاریان نیەو ڕاستیان لێ ئەشارێتەوە بۆ ئەوەی دڵگیرو لێڵ نەبن .

× کاك مەهداوی ئەحمەد داود :

ئەمەندەمان لە پەندە پیشینانەکان هەڵبژارد :

- تێ بکۆشە ، لێی بنۆشە

- پێش ئەوەی بچیتە ناو بیرێ ، بیر لە هاتنە دەرەوەی بکە .

× کاك هونەر محەمەد حەسەن !

ئەو باسەی لە بارەی پیشەسازیەوە بۆت ناردوین ناوەڕۆکەکەی باشە ، بەڵام جۆری دارشتنی باسەکە پێویست بە دەسکاری کردنێکی بنەڕەتی ئەکاتو هەندێك لایەنی زیادەی تێکەڵاو بووە ئەگەر لێی جیا بکرێتەوە باشترە ... لە بەر ئەو هۆیانە داوای لێبوردن ئەکەین .

× کاك شیروان :

شیعرەکانت هەندێکیان فولکلورن .. ئەمەش نەختێکی لەوانەی کە زادەی دەرونی خۆتانە ، هەرچەند نیەوە شیعری یەکەم لە تەرازوی شیعرا نەختێك سەر ئەکات .

کوشتمی بە تیری غەمزەی چاوەکانی
بە لێوی جوانیو ئەبڕۆی قەیتانی

× کاك ئیبراهیم :

داخمان ناچێ دەسخەتە کەتمان ئەمجارە باش بۆ ناخوێندرێتەوە ..

کاك شەماڵ ئیبراهیم :

نووسینەکەتان زۆر کورتە، نووسینی کورت بەو جۆرە دەرقەتی دەربڕینی باسەکە نایەت .

× کاك خدر جەمیل :

مرۆڤی هاو چەرخ خۆشەویستی نیشتمان لە هەموو خۆشەویستیەك بەپیرۆز تر ئەزانێ !

× کاك هادی بەهمەنی :

ڕەخنەکەت ڕاستەو لە جێگای خۆیدایە ، وە کە لە جیاتی بەکرئاوا نوسراوبو تەپەکوڕە هەڵەیەکی چاپەمەنی بوو ، داوای لێبوردن ئەکەین ، هیوادارین لەمەولاش نامەو پەیوەندیمان لێ نەبڕیت .

× کاك ئیبراهیم عوسمان لە هەولێر :

سوپاسی هەستت ئەکەین بەرامبەر بە گوشەی پوستەی خوێنەران وەکو داوات کردوە دۆخی ڕیبازی گوشەکەمان بەر نادەین لە خزمەتی ئەدەبی کوردی لانادەین . ئەمەش سەردێری شیعرەکەتانە :

وەرە بپرسە لە حاڵی زارم
کە لە دووری تۆ چەند بێ قەرارم

× کاك ئەسعەد عەلی وتی :

ئەمە پوختەی شیعرەکانتانە: خۆشەویستم

ئەو نامەیەی کە بۆم ناردی بیسووتێنە

سێدارەی بۆ دامەزرێنە
ئەزانی بۆ ؟
چونکە دوێنێ هەر خۆت وتت
خۆشەویستیت یاسایەکە
دەمەوێ وازی لێ بێنم

× کاك سەلام مەولود پەنگر :

نوسیوتە زۆر جار ئووسینم دراوەتە دواوە ، وە ئەمە بۆتە هۆی ئەوە باشتر فیکرم بپاڵێوم و سەرنجی بابەتەکەبیەکان بدەم (ئافەرم ئیمەش مەبەستمان ئەوەیە) دوای ئەوە باسی ئەو ناکۆکیە سروشتیانەت کردوە کە لە ڕوژگاری ئەمڕۆدا لە زۆرانباز یدان وەکو نوسیوتە وایە و ئەمەش سەرەتای نوسینەکەتانە .

(جیهان ئاسۆیەکی پڕ لە کۆسپو تەگەرەیە ، پڕ ئالۆزیو سەمەرەیە ،ڕەزامەندی کەمو نارەزایی یەکجار زۆرو بێ ئەندازەیە ، هەر کەسێك زمانی لە دەمیا جێگیر بێت و دوو وشە فێر بوبێت یەکێکی دەربڕینو سکاڵا کردنو یەکاڵا کردنی باری ناتەواوی و نالەباریو پەژارەی خویەتی) .

× کاك نەوزاد صادق مارف :

ئەمە پوختەی شیعرەکانتانە: خۆشەویستم

ئەو نامەیەی کە بۆم ناردی بیسووتێنە

سێدارەی بۆ دامەزرێنە
ئەزانی بۆ ؟
چونکە دوێنێ هەر خۆت وتت
خۆشەویستیت یاسایەکە
دەمەوێ وازی لێ بێنم

بڕوانە : ل ٧

بابزانین کرێکارەکان ئەڵێن چی ؟

● کاك رفیق عەبدە چاودێری دەزگای کارەبا وتی :

بە هۆی نەقابەو ئیدارەوە گیروگرفتەکانمان چارەسەر ئەکەین ، جۆ ئەکەم لە منداڵەکانمان مانگانەیان بدرێتی .

● کاك محەمەد ئەحمەد عەبدوڵا وتی :

مانگانەکەم کەمە ، پارەی منداڵمان نادرێتێ ، ئەو شەش دینارەی کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بڕیاری داوە بمان درێتێ هەمومان بەتەواوی وەری ناگرین .

● کاك محەمەد باقی کرێکاری ئاشەکە وتی :

ڕۆژ نە ڕۆژی ١٤ سەعات ئیش ئەکەین ، مانگانەکەمان کەمە ، شوێنی حەوانەوەمان نیە چونکە چێشتخانەمان نیە نان لە سەر کۆشمان ئەخوێن .

● کاك ئەحمەد سەید حەکیم بەم جۆرە هەستی خۆی دەربڕی .

چێشتخانەو چاخانەو ژوری حەوانەوەمان نیە ، منداڵەکانمان پارەی مانگانەیان نادرێتێ ، کاتیك ئیجازەمان ئەدەنێ زور جاری پێویست نیە کارگە خانوی پێداووم .

● کاك محەمەد عەلی سەرۆکی پوستەی ئیش کردن لە فرنەکەدا وتی :

ڕۆژی هەشت سەعات ئیش ئەکەین ، ژوڕێکمان پێویستە بۆ حەوانەوەی شەوان خەستەخانەو داوو دەرمانمان نیەبەشەوا ، کەرەسەی ئاگرکوژا نەوەشمان نیەو زۆر پێویستمانە



فرنە گەورەکەی کارگەی چیمەنتوی سلێمانی

بەرێتی .

● کاك محەمەد ئەحمەد عەبدوڵا وتی :

مانگانەکەم کەمە ، پارەی منداڵمان نادرێتێ ، ئەو شەش دینارەی کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بڕیاری داوە بمان درێتێ هەمومان بەتەواوی وەری ناگرین .

● کاك محەمەد باقی کرێکاری ئاشەکە وتی :

ڕۆژ نە ڕۆژی ١٤ سەعات ئیش ئەکەین ، مانگانەکەمان مانگانە کەشمان کەمە .

- بەڵام هەمو کرێکارەکانی کارگە تێکڕا باسی ئەوەیان ئەکرد ئەیانوت هەر چەند گیروگرفتو ناتەواویمان هەبێت کارناکاتە سەر سست بونی ئیشی ڕۆژانەمان ، ئێمە دڵسۆزیو خۆ ماندو کردن ئەکەین بە پێخۆری ئیشی ڕۆژانەو بە سەر بەرزیەوە خۆمان ماندوو ئەکەینو نایەڵین گلەیی خەڵکو هاوکارو نیشتمانیە کانمان بێتە سەر .

گازینویەکی نوێ بۆ کرێکارەکان ئەکەینەوە کە ٣٢ هەزار دیناری تێ ئەچێ ، یارمەتی کرێکارە نەخۆشەکانمان داوەو ئەوانەی پێویستیان بە خوێن کردوە بۆمان پەیدا کردوون ، ئەمسال مەڵبەندی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریمان لە کارگەکەدا کردەوەو بەشێکی زۆر لە کرێکارەکان تیایا ئەخوێنن ، ئوتومبیلمان بەپێی پێویست بۆ هاتوچو کردنی کرێکارەکان ئامادەیە ، گیانی پڕ لەدڵسوزیو کارگوزاری لە ناو دڵی هەمو کرێکارەکانمانبنجی داگوتاوەو ئەمەش بۆتە هۆی زور کردنی بەرهەمی ڕۆژانەمان .

بابزانین کرێکارەکان ئەڵێن چی ؟

بە ناو بەشەکانی کارگەی چیمەنتوی سەرچنارداو گەڕاینو چاومان بە هەندێك لە برا کرێکارەکانمان کەوتو هەندێك دەمەتەقێمان لە گەڵا کردن و بەم جۆرەی لای خوارەوە باسی گیروگرفتی خۆیان کردو ولامیان دایناوە :

نوێنەری هاوکاری خۆی گەیاندە کارگەی چیمەنتوی سەرچنارو هەواڵی برا کرێکارەکانی پرسی .. لە پێشا کاك عەزیز محەمەد ئەمین سەرۆکی لیژنەی نەقابەی کرێکارانی چیمەنتوی سلێمانی وەڵامی دایەوە و وتی :

لە ساڵی پارەوە تا ئیستا توانیومانە کەرەسەی پێویستی خواردەمەنی بۆ کرێکارەکان مسوگەر بکەین ، پارەی ٩ مانگ نان خواردن کە ڕاوە سێنرابوو بۆمان وەرگرتنەوە ئەو کرێکارانەی لەناو تۆزو خۆڵ دا ئیش ئەکەن شیریان ئەدرێتی ، هەمو کرێکارەکان خانویان هەیەو جگە لەوانیش هێشتا خانوی زیادەمان هەیە بۆ ئەو کرێکارانەی لەمەودوا دێنە کارگەوە بۆ ئیش کردن ، داوامان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش کردوە کە خانوەکان لەسەرکرێکارەکان تاپۆ بکات .. بە پێی یاسای ضمانی کرێکاران ئیجازەی خۆیان وەرئەگرن ، بەم نزیکانە چێشتخانەیەکو

نەقابەی کرێکارانی چیمەنتوی سەرچنار قسەمان بۆ ئەکات

Institut kurde de paris

باشماوە هەر شەکاوەبێت

زەحمەتکێشە رەفتاربکات ئەوا ئومانی تیادا نیە کە هەر سەرئەکەوێ و ئەنجامی جا باشی هەبەست دووچاری بۆ دروست بکاتەوە. ئەمری سەرزار بەسەرزاریشی لەبەردەمدایە و قوربانی و فیداکاری لەئەندازە بەدەری بوێ.

گەلی کورد لەکوردستانی عیراق، ئەمرۆ کە پێشوازی سالێکی نوێی خۆڕووژیانی ئەکات و نەوڕۆژێکی تازە ئەکاتەوە لایەکی نوێ لەپێژوی سالێکی تێکۆشان و قوربانیدان و خەباتی درێژخایەنی هەڵئەداتەوە و ڕووبەڕووی ئاسۆیەکی فراوانتر ئەبێ.. لەسالی پاردا، وانە لەنەوڕۆژی پارەوە تا ئەم ساڵ گەلەکەمان، گەلی عیراق بەکوردو عەرەب و کەمایەتیەکانیەوە لەهەیانی ناوخۆو عەرەب و جیهانیدا گەلێ سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوەو دەسکەوت و ئامانجی گرنگتو بایەخ داریشی دەسکەوتووە.. لەمەیانی ناوخۆدا حکومەتی نیشتمانی بەپێی بڕگەکانی بەیانی ١١ ئادار ڤۆتۆنۆمی کوردستانی بەرەسمی بلاوکردەوەو دەستکرا بەدانانی بەردی بناغەی دەزگاکانی ڤۆتۆنۆمی وەگو دانانی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و تەنفیزی و چەندین دەزگاو دامەزراوی ترو دانانی پرۆژەو تەرخانکردنی پارە بۆ ناوەدانکردنەوەی ناوچەکە.

دەبا نەوڕۆژو ساڵی نوێمان، ساڵی بەدەستهێنانی خەباتی ناوکۆیی گەلی عیراق بەکوردو عەرەبەوە بێت لەپێناو دواوڕۆژێکی باشتر بۆ هەردوو نەتەوەو وشانەنی دەستی دڵیرانەتر لەئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانو زایونیزم.

سڵاو لەنەوڕۆژو کاوەو نەتەوەی کاوە ...

پاشماوە بەیاننامەیەکی ئەنجومەنی

ولاتەکەیان.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ڕایئەگەیەنێ کە پێخۆشحالە بەگەڕانەوەی ئەو هاووڵاتیی‌یە ناوبراوانەو دەستە بەرکردنی هەموو دۆخێکی گونجاو بۆ زامنکردنی سەربەستی و مال و هەموو مافێکیان و هەوڵ دان و یارمەتی دانیان لەگەڵ ئەوەی ئەو لێبوردنە ئەیانگرێتەوە کە لەیاسای گشتی لێ بوردنی کوردەعەسکەری و مەدەنی یەکانی ژمارە (٥٢)ی ساڵی ١٩٧٥دا هاتووە.

ئا.د.ع

پاشماوەی : نەوڕۆژ ئاگر ...

دیسان ئەوەش ئەسەلێنێ پێویستی ژیانی بۆ خەڵکی کە هەر گەلێک پشت بە توانای خۆی ببەستی و هیچ زۆرانبازی لە مەچەکی خوێەوە دەبڕێنێ هەرگیز توشی نشوستی و هەڵەی میژویی نابێ..

پشت بە خۆبەستن مەرجێکی بنەرەتی‌یە لە شورشی جەماوەری زورلێکراوانا.. کە ئەمەش لە شورشی کاوەی بابیرمانەوە بە سەر مەشق بۆمان بە جیماوە... ئەو شورشەی داری ئالاکەی لە سەر سینگی ڕۆلەکانی خۆی بچەقێنی ئەگاتە ئەو ئامانجەی کە دەست نیشانی کردوە... نەوڕۆز سەرکەوتنی ژیانە بە سەر مردن دا، ئەو چەکوشەی کەنانی ڕۆژانەی بۆ خیزانێک پەیدا ئەکردو کەرەسەی

وەرووی چاوەڕێ کراوی ئاوێنەی شورشی گەلانەو بڕوا بە خۆ کردن جڵەوی شورش لە دەست خاوەنی شەرعی بەرنادات و سەرکەوتن مسۆگەر ئەکات..

ئەو باوەڕەی لە ناو چەکوشەکەی کاوەدا کۆبوبۆوە گەڵێک لە شیروتیرو چەکی تازەی دەستو پێوەندەکانی دەربارى شاهانەی ئەژدەهاک بە هێزترو کاریگەرتر بوو.. کەوابو بایادی کاوەی بابیرمان سەر مەشقی ژیان و شورشمان بێ..

پاشماوەی : گیروگرفتی

چ (الزراعه المكثفه).

د - بەکارهێنانی پەینی کیمیایی.

هـ - کەم کردنەوەی لەناو چوونی دانەوێلەلە دروێنەوە تائەگاتە دەست کرێیار.

و - دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێی ئاو لەژێر زەمین دا.

ز - دۆزینەوەی خواردەمەنی نوێ کە پڕبێ لەپڕۆتین و کاربۆهێدرات وئیتامینەکان.

ح - زیادکردنی پرۆژەی بەخێو کردنی ئاژەڵ و پەلەوەر.

ی - زیاد کردنی ئەوئاژەلانەی کە بەزووبی گەورەنابن و زیادئەکەن وەکو ڕۆشنبیرێت و وبەراز.

٢ - چارەسەرکردنی درێژخایەنانە.

هەروەکو ووتمان مرۆڤ توانایەکی بەهێزی هەیە بۆداهێنان لەوبڕوایەوە چەندەها چارەسەری درێژخایەن دانراوە بۆ لەناوبردنی ئەم گیروگرفتانە لەوانەش ئەمانەی خوارەوەیە:

أ - زیاد کردنی جۆری دانەوێلەکە بەرەنگاری نەخۆشی بکات و بەرهەمەکەی زۆربێت و زووش بێ بکات (ب ٤ مانگ پێ بکات) بۆئەوەی جوتیار بتوانێ کەدوو جۆرە دانەوێلە لەسالێکا بڕ وێنێ لەسەرێکا پارچەزەوی.

ب - بەکار هێنانی دەرياو نۆقیانوسەکان بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ.

ج - زیاد کردنی دروست کردنی پڕوتینباتی دەست کرد.

د - زیادکردنی ئەوماتەلانەی کەلەجیاتی بەروو بومی کشتو کاڵی بەکارئەهێنرێ وەک بەکار هێنانی نایلون لە جیاتی لۆکە.

هـ - بنیات نانی پرۆژەی پڕێک خستنی خێزان لەوولاتانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە.

بەڵام چارەسەرلەمانە هەمووی گرنگ ترکارکردن و تەقەللاتان و هۆشیار کردنەوەی جەماوەری بەرهەم هێنەرو سودوەرگرتن لەتاقی کردنەوەکانی پەکتری.

وەئەگەر واش نەبێت تەنگ و چەڵەمەی برسێتی وەکو بارێکی زۆر گەورە ئەکەوێتە سەرچاوی پشکۆی ئاگر سوور هەڵگەڕا بوون و چوونەیان لە خەڵقەوە هەڵدەستاند. دەنگ بڵاو بۆوە (کۆترەی ئاشتی) لە ئاهەنگدا هەڵ دەدرێ.. دروشمی شۆرش و سۆشیالیزم هەڵ

تریفەیەکی نەوڕۆز پاشماوە

موناسەبەیەکی ڕەسمی میری سەرەتاکانی ١٩٢٠دا بوو کە بە ڕێکەوت لەگەڵ ڕۆژی نەوڕۆز یەکیان دەگرتەوە. تکا لە باوکم کرا گوتارێکی تێدا بڵێ وا دیار بوو باوکم بە هەڵی زانیو خۆی لە موناسەبەکە ئەزیەوە بۆ باسی نەوڕۆز و بەهارو کوردو کوردستان. هەر وەک گوتارەکەی بە کوردی بو هەڵگەوتەکەشی کردە جەژنێکی کوردانە...

لە پلەکانی خوێندنی ناوندی و نامادەییم دا، کە لە هەولێرم بردەسەر، نەوڕۆز لە دڵی خۆم و هاوڕێکانی ئەوسامدا هەر تارمایێکی ئاگرو ئاورینگ بوو لەگەڵ بووژانەوەی سروشت دەستەچیلەی جۆش و خرۆشی لە ناو خوێنماندا هەڵدەکرد. تا گەیشتم بە پلەی خوێندنی بەرز لە بەغدا، لە سالانی سەرەتاو ناوەندی چلەکان - ساڵەو ساڵ، وەک دز، ئامەنگێکی نهێنی هەژارانەمان لە نەوڕۆزدا بەڕیا دەکرد. هەر لەوان سالانەدا بوو (ئەی ڕەقیب)ی دڵداری جوانەمەرگ بوو بە سرودی میللی کورد. هەروەها لەو ئاهەنگەی زیندانیو قەڵەندەرانەی گەنجی کوردی سالانی ١٩٤٠دا بوو دەنگی پڕ شەرکەو زەمزەمەی (حسین بەرزنجی) ئوڵی خەڵقی ڕاهێنا بە موژدەو بەلێنەکانی (ئەی ڕەقیب). بە دڵمدا تێناپەڕێ چ دەنگێکی تر پەیدا بێتەوە و بتوانێ وەک دەنگی (حسین..) نەشتەرەکانی (ئەی ڕەقیب) لە دڵو گیانی کوردا ڕوو بچوێنێ.. دڵدارو حسین و نەوڕۆزی ئەوان سالانە تابلۆیێکی یەکگرتووی یەکجار هەستیار و زیندوو لە مێشکمدا بەرهەم دێنن.. هەرگیز نامەوێ لەوان سالانەیان ڕاگوێزم.. حەز دەکەم دڵدار و حسین لە کۆشی گەرمو گوڕی کوردایەتی و نەوڕۆزی ئەوسادا بخەوێنم و بەخەبەریان نەهێنم و هەر لەوێدا ئۆڕێکی کوردانەیان بۆ هەڵ کەنم و بەخاکیان بسپێرم..

لەگەڵ بەسەر چوونی قۆناغی خوێندم نەوڕۆزیش فراژیتر بوو.. لە تاریکایی نهێنییەوە هاتە بەر تیشکی نیوەڕۆی بەهار. بەرەو کۆتایی سالانی ٩٤٠ کە وا هەتا دەهات گوڕەو نەرەتەی نەوڕۆز بەرزتر دەبۆوە، لەلاوە توانجی (ئاگربەرستی) گیرایە جەژن و زەماوەندی نەوڕۆز. ڕۆڵە ژیرەکانی ناوچەی کۆیەو هەمیشە دەبێ خوێن ڕژان مزەی بەرەوپێش چون بێ.

نەوڕۆز هەر هاتو لەگەڵ گەشەکردنی گیانی کوردایەتی‌دا بوژایەوەو چەسپا.. کەم کەمە جێی خۆی کردەوە لەدڵو میشکی سەرلەبەری گەلی عیراق تاکو شۆڕشی (١٤)ی تەموز دەورەکانی لە خۆی بە پێشەوەی پێچایەوە بەهەمو بیروباوەڕەکان و جۆری لێکدانەوەکانی.. دوای بەینێک لە شەرم کردنو خستنەژێرلێوو لەبیرخوبردنەوە لە لایەن چەند دەستەی یەک لەدوایەکی ڕێژیمی شۆڕشگێڕەوە نەوڕۆز بۆ یەکەم جار لە ژێر ناوە لە ڕزۆکەکەی (جەژنی دەرخەت)دا کە دەیەویست وەک پەردەی تەنک شێوەی نەوڕۆز بشارێتەوە، چوە ریزی جەژنە ڕەسمییەکانەوە.. هەنگاوێکی مەردانەی چەند ساڵ لەمەوبەر پەردەی ناوی (دەرخەت)ی لە ڕووی ڕاستی هەڵگرت و (نەوڕۆز) بو بە جەژنی سەڵیتنراوی کورد.

١٥-٣-١٩٧٥

مسعود محمد

نەوڕۆزو کاوە پاشماوە

بەجۆری کارەساتەکە دەسبێنێو هەڕوەها نەوە لە دوای نەوە نەمری دەکەن؟!

لە لای خۆمەوە وای بەڕاست دەزانم کە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لەقو پۆپ‌دارە، وە جۆری شێ کردنەوەو بۆ چوونم بۆی بەم شێوەیە بخەمە ڕوو وە باس و بۆ چوونە «دیسان شێوە ئەفسانا‌وی‌یەکانی تر» ڕەت بکەمەوە، چونکە هیچ بناغەیێکی شیاوی زانستی‌یان تێدا نابینم.

دوای ئەوەی مرۆڤ.. دۆزینەوەی کشتوکاڵ کۆێ کردەوەو بە گوێرەی زەوی‌و زارە بە پیتەکان کۆمەڵ کۆمەڵ جێگیر بوون و کۆ بوونەوەو خێزان دروست بوو وە بازوو بەهێز بازوو بێ هێزی خستە ژێر دەستو پاشان خاوەن دانەوێلەو خواردەمەنی بێ دانەوێلەو خواردەمەنی چەوساندەوە بەرامبەر بە تێر کردنی سکی‌و بەخێو کردنی لەو قۆناغەی مێژووی مرۆڤەوە تا قۆناخی شۆڕشی بۆرجوازی و میکانیزە کردنی پیشەسازی «مکنه الصناعه»، لە مێژووی ژیانی ئادەمیزاددا بەگشتی «دەڵێم بەگشتی» هەرچی بزووتنەوەو ڕاپەڕین و شۆڕش و کۆڕرانی مرۆڤایێتی بووە لە ڕەوڕەوی پێشکەوتنی‌دا کەرێی سووتەمەنیان بازووی چینە زەحمەتکێشەکان بووە بەڵام سەر کردایێتی و مڵەو گیری و بەڕێوەبردنی‌یان ئەندامانی بزورگی چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵ بووە وە هەر چینەکانی سەرەوەش بەرەو بوومڕ سوودو ئەنجامی ئەو تەقەڵایانەیان خواردووە، کەواتە گەر لە ناوچەیێکی ئەم زەمینەدار لە هەر یەکێک لەو قۆناخە دێرینانەی مرۆڤایێتی‌دا پادشایێکی وەکو ئۆزە‌ەک بە زەبرو زەنگ شۆڕشێک دژی کرایێتو ئاسنگەڕێکی نا خانەدانی حەسەبێ نەسەبی وەک کاڕەسەرکردایێتی کردبێو ئەو شۆڕشەشی سەری گرتبێ... مانای ئەوەیە ئەمە زرووفێکی تایبەتی‌و ڕووداوێکی زۆر نائاسایی‌یە و هەر لەم خاڵەوە شۆڕشەکەی کاوەی ئاسنگەر ڕێکاپێکی فراوانو زەمینەیێکی پتەوی دەستگیر دەبێ بۆ تیپەڕ بوون و پەرەسەندن لە چیرۆکی ڕووداوێکی نا ئاسایی‌یەوە بۆ ئەفسانەیێکی نەمر.. شۆڕشی کاوەی ئاسنگەر بەو شێوەیە زاستی ماتویانیستی مێژوویی دەیگرێتە خۆو مەیدانێکی فراوان دەدا بە وانەی لەو لایەنەوە لێی دەکۆلنەوە کە مرۆڤەی ئەفسانەی گۆدۆی بنیات ناوە.. وە گەر گۆدۆ ئاشکرا نەبێ گۆدۆی چ چینێکەو جۆرێک سۆفی‌یتیی تێدا بێ.. ئەوە کاوە ئاشکرایە کە کاوەی چینە زەحمەت کێشەکانەو هەموو گێرمەو کێشەو بەزمو هەرایێک بۆ ڕاکێشانی‌و کردنی بە کاوەی نەتەوەیێکی تایبەتی

بۆیە فەرەیدوونی گوردی شازادەو خاوەن نەجابەتو حەسەبو نەسەبو خانەدان دەکەنە پادشاو کاوەو ناوەڵەکانی لە چینی زەحمەت کێشە، ئەفسانەیێکە مردنی بۆ نی‌یە چونکە نیشانەی قارەمانێتی چینێکە کە هەموو چینەکانی تری مرۆڤی لە سەر بنیاتنراوە، نەوڕۆزو کاوە مۆلکی سروشتو مرۆڤن تا هەر دووکیان مابن لەم گەردوونەدا بەڵکە هەر دەشێ تێکەڵیان بکەین نەوڕۆزو کاوە = سروشتو مرۆڤ.

بووەو هەستیان بە مەیلو حەزو خۆشەویستی کردووە بەرامبەر کاوەو بە قارەمانی چینی خۆیانیان داناوە.

ئەفسانەیێکی لەو جۆرەشی لە کۆشکی شاو شازادەو ئاغاو میرەکان‌دا دروست نابێ «گەر باوەڕ بە کێشەی چینایێتی بهێنین»(●).

چونکە نشوستی چینی خۆیانی تێدایە، لە بەر ئەوە لە باوەشی چینە زەحمەت کێشەکان‌دا پەرە دەستێنێ داخو کینەو ڕقیان بەرامبەر چەوسێنەران لایەنی ئەژدەهاک پشتاو پشت وا سووک دەکا کە بیکەنە دۆستی شەیتانو تینووی مێشکی مرۆڤو مار لە سەر شان ڕوواوو دڕندەو نەفرەت لێکراو، وە لایەنی کاوە پشتاو پشت وا بە هێز بکەن کە بەر گۆشە چەرمەکەی بکابە ئالاو نەعرەتەی شێرانە لێ بداو ئاگری دەستگای ئاسنگەڕی‌یەکەی بکا بە نیشانەی شۆڕشی و چەکوچەکەی دەستی نیشانەی زوڵم لەناو بردن «پڕاندنی مێشکی ئەژدەهاک» و چەکی شۆڕشی بەرهەم هێنانو نوێ بوونەوەیی وە شۆڕشەکە کە دەست پێکردنی قۆناخێکی نوێیە «هەر لە ئەفسانەکەدا» بیخەنە

پیرۆزترین کاتو جێگاوە لە ساڵدا کە نۆبەرەی بەهارە واتە یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی کوردی‌و یەکەم ڕۆژی بەهارە. وە هەردەم بە ئاواتەوە بن کە کاوە سەر هەڵبداتەوەو لە زوڵمو زۆر ڕزگاریان بکاتەوە.

ئەوانە وا.. خۆئەگەر ئەو کارەساتە هەر ئەسڵی نەبێو ڕووی نەدابێ ئەوا دیسانەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێو ئەومان دەستگیر دەبێ کە چینە زەحمەت کێشەکان خاوەنی ئەفسانەی خۆیانن وە بەدرێژای ڕۆژگاری ئەو قۆناغانەی مرۆڤایێتی خەیاڵیان لەوە کردۆتەوە کە دەستی شۆڕشێکی وا ڕووبدا سەرکردەکەی نەندامێکی جەماوەرە چەوساوەکە خۆی بێو زۆر چاکیش سەر دەکەوێ، وە بۆ گورسی‌و پادشایێتی‌یان نی‌یە.. بەڵکە کۆڕانەکەیان مەبەستە.. وە هەر بە ئومێدی کاوەیەکی ئاسنگەر بوون.. کەواتە با دڵنیا بین لەوەی کە کاوە گۆدۆیێکی بەهێزو خزمەتگوزارو شیاوترە لە گۆدۆ خۆی واتە ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی ئەفسانەی کاوەی دروست کردووە لە ڕووی پێشکەوتنەوە لە هوشیاری لە وانەی لەو لایەنەوە لێی دەکۆلنەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێو ئەومان دەستگیر دەبێ کە چینە زەحمەت کێشەکان خاوەنی ئەفسانەی خۆیانن وە بەدرێژای ڕۆژگاری ئەو قۆناغانەی مرۆڤایێتی خەیاڵیان لەوە کردۆتەوە کە دەستی شۆڕشێکی وا ڕووبدا سەرکردەکەی نەندامێکی جەماوەرە چەوساوەکە خۆی بێو زۆر چاکیش سەر دەکەوێ، وە بۆ گورسی‌و پادشایێتی‌یان نی‌یە.. بەڵکە کۆڕانەکەیان مەبەستە.. وە هەر بە ئومێدی کاوەیەکی ئاسنگەر بوون.. کەواتە با دڵنیا بین لەوەی کە کاوە گۆدۆیێکی بەهێزو خزمەتگوزارو شیاوترە لە گۆدۆ خۆی واتە ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی ئەفسانەی کاوەی دروست کردووە لە ڕووی پێشکەوتنەوە لە هوشیاری لە وانەی لەو لایەنەوە لێی دەکۆلنەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێو ئەومان دەستگیر دەبێ کە چینە زەحمەت

پاشماوە : بروسکەی

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کاك صدام حسین:

ئەمەئەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە:

کۆبوونەوەی‌یەکانی سیاسی ڕابوردوو کە شەڕی نێوان ڕۆڵەکانی یەک ولات خولقاندی لەگەڵ ئەو زیانە گەورەی‌یەی لێی بەڕابوو، وە پێویستی وەستاندنی خوێنڕشتن و بەئەنگەوەهاتنی بەڕۆوەندی بەرزی نیشتمانی و یەکێتی نیشتمانی، واپێویست ئەکات کە ئاستی بەرپرسیاریتی دابنێین و هەموو سلبیات و هەڵەکان تێبپەڕێنین و چارەسەرێکی کۆتایی‌یانە بۆ کێشەی کورد بدۆزینەوە کە پێش هەموو شتێک مافی بەڕۆوەندی بەرزی وڵات بکات. ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەتوانرێ چارەسەرێکی نەگۆڕاو ماقوول لەئێوانماندا دابنرێ بەشێوەیەک کە ڕێگانەدرێ خەڵکی‌تر دەستی تێوەردات.. ئێمەی نامادەین کە بەخێرایی لەئەڵ حکومەت و پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بۆ ئەم مەبەستە وتوویژبکەین و نوێنەرێکی خۆمان بنێرین بۆلایان ئەگەر ئامادە ببن.. تکایە ئاگادارمان بکەن.

بەڕێز جیگری سەرۆکی

ئا.د.ع

پاشماوەی : داب و ڕەسمی

بگەڕی شتێک بدۆزێتەوە، دەستی حری دەچێ ڕ ڕ خی چەمی (سەیەلان) لە قەراخ شار. ئەو کێژانەی کە دەچنە ڕ ڕ خی گەیشتبایە، دەیانگوت «حاجی فیروز» وەگێرنەکەوە، دەچن لەوی پێی‌یە پێتەکە چێخرابا فاڵی گەرتەوە. بۆ نموونە ئەگەر دەستەی «حاجی فیروز»ین دەچن گرێی کراسی کچەکان بەدەنگی بەرزەوە هاواری دەکرد کە «ئەو ماڵە وێران بێ و گەسکتان لە خانووی دڕێ ئەگەر شتی خواردنیان تێخستبایە، هاوڕی دەکرد کە «ئەو سال خێرو بەرەکەت زۆر دەبێ». لە تەرێز داب وابوە کە کچ لە سەربانیەوە ئاویان بە «حاجی فیروز» داکردوە ئەو دابە لە زەمانی ساسانیەکانەوە ماوەتەوە کە لە نەوڕۆزدا کچێنیکی خۆیان دا ئاوێ بە یەکتر داکردو. بێستەش لە نێو ئەرمەنی‌یەکان‌دا باوە لە ناهەنگی نەوڕۆزیان دەگێرا. بێستەش لە ئێران دا زۆر بە گەرمی پێشوازی لە نەوڕۆز دەکەن و بەجێژنیکی گەورەی «حاجی فیروز» دەگەڵ دارو دەزانن.

پاشماوەی : هەرجارەی نووسینێک

من بەند ئەکرێم.. ئەنجیلادیز بەند ئەبێ.. خۆزگەگیرێ تاریکی شاڵاو ئەهێنێ.. بۆیە گیانە تروسکەی هەرچاوێکی گەش ئەبینم.. هەرگولێکی سوور ئەبینم.. هەر گزنگی ڕۆژێکی تازە ئەبینم تۆ ئەبینم! هەر شەپۆلێو لەرەی سەر ئاوێکی بێگەرد ئەبینم.. قژی خاوی تۆ ئەبینم.. چیا بە چیا ناکەوێتەوە بەڵام چاوبەچاو ئەکەوێتەوە.. بۆیە منیش ئەی پەلکەزێرینەی بەهار بۆت ئەگەڕێم.. ناتدۆزمەوە.. بۆت ئەگەڕێم.. گەرچی ئێستا ناتدۆزمەوە، بەڵام ئەبێ بدۆزمەوە لە ئاسمانی شینو بەرین بەتاسەوە بتقۆزمەوە.

پاشماوەی پیرۆزبای جەژن

گەورە لە - صدر القناة - ئە ئێردرێو چەندین چالاکی هونەریو شایی تیادا پێشکەش ئەکرێ.. وەلە شارەکانی کوردستانیش هەربەم بۆنەیەوە چەندین ئاهەنگ ساز ئەکرێ.

ئا.د.ع

پاشماوەی // بۆستەی خوێنەران

★ **کاك شەمال ئیبراهیم ئەڵی:**

دەمێک بو حەزم ئەکرد تینی چاوی کۆ بکەمەوو ئاگری دڵمی پێ خۆش بکەم، تاڵی قژە جوانەکانی بکەم بەسەرپژش‌و ڕووی ماتەمینمی پێ بشارمەوە.. بااڵی بکەم بەسەرینو خەوێکی بە ئارامی پێ بشکێنم.. چاویم بینی کە دڵوپی خوێنی تێزا بوو، بۆیە گڕی ئاگری دڵم سوور هەڵگەڕا.. قژیم بینی وەک زەردەی هەتاو وابو، بۆیە ڕویمن بوو بەرەمزی دڵدارەکان.. بااڵیم دی وەک نەمام وسنەو بەز ئەشنایەوە، خەوم بەئارامی لەناو سەوزەی بەهاریدا چووە بەرگی ئاواتەوە.

Archive de paris
institut kurde



فەرهەنگی زانیاری

جەژنی سالی تازە

جەژنی سالی تازە جەژنێکە لە جەژنە هەرە دێرینەکانی میـــژوو ، زۆربەی میللەتانی ســـەرڕووی زەوی بەخۆشی و هیواوە بەپیری داهاتنی ســـالی تازەوە چوون وئەچن ، وەگـــەڵ ئایین یەکەم ڕۆژی سالی تازەیان بە ڕۆژێکی پیرۆز داناوە ٠ بـــە گشتی جەژنی سەری سال بـــە ڕۆژی بووژانەوەو پاك بوونەوەو چوست بوونەوەی ئادەمیـــزاد وسروشت دانراوە ٠

بە گوێرەی میژووی تومـــار کراو ، جەژنی سەری سال لـــە (٥٠٠٠) سالّ لـــە مەوبەرەوە ڕەوکو جەژنێك ناسراوە و هەندێ لە میللەتان (٢١)ی (مارت) و هەندێکی تر (١)ی کانوونی دووەم بەیەکەم ڕۆژی ســـالّ دائەنێن ٠٠ جولەکەکان یەکـــەم ڕۆژی مانگی (تشرین) – یاخو ڕوش هاشانا – یان بە یەکەم ڕۆژی سالّ داناوە ، ئەوروپـــاییەکان لە سەدەکانی نـــاوەڕاستدا (٢٥)ی مارت یان بە جەژنی سەری سالّ دانا بو لـــە یاشان بە گوێرەی ڕۆژمێـــری گریگۆری یەکی کانوونی دووەم گرا بە ڕۆژی یەکەمی ســـالّی تازەو هەمو ولاتە ئەوروپاییەکان ٠٠ یەك لە دوای یەك ، ملیـــان هینایە خەت بۆ ئەم ڕۆژمێرەو ئەم ڕۆژەیان کرد بە جـــەژن ، ئارسەکانو هەندی لـــە ڕاو سیکانیان ڕۆژی (٢١)ی مارت – یاخۆ ئەورۆز – بە یەکـــەم ڕۆژی سالّی تازە دائەنێـــن و کردوویانە بە جەژن ٠

زۆربەی زۆری میللەتـــانی جیهان ، ڕۆژی سەری سال یان کردوە بـــە ڕۆژی پشوودانو حەسانەوەو ئاهەنك گیـــرانو نزای پیـــــتو بەرەکەت ، هەندیکیش لەم ڕۆژەدا فەرمانی نایینی بەجێ ئەهێنن ٠

أ٠ ش

ئە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیاوە وەری گرتووە

نەورۆز جـــەژنی ڕاپـــەڕین و سەرکەوتنە

هەموو سالّی لەگـــەڵ نوێ بوونەوەی ژیان لە دنیـــای سروشت دا کـــە بەهاری پووگەش و نازدار کوردســـتانی ســـیرین نەژێتە باوەش ، کـــەڵ بوردمان پیشوازی لـــە ٢١ی ئادار ، لـــە جەژنی نەورۆز بەکات و ئەم ڕۆژە پیـــرۆزە بەسەرکەوتنێکی مەزن دائەنێ لە مێژووی خەباتی بێ وچـــانی خوێناوی خۆیدا ، هەرچـــەندە دوژمنانی گەلی کورد ، لەسەر دەمی مەلـــەکی دوابراودا ، بەهەموو جۆرێك ئەیانویســـت ڕووی گەشی ئەم ڕۆژە گرینگە بشێوێنن بەوەی زۆر شـــتی ئەفسانەو پڕو پووچیان ئەخستە پاڵ ڕوودواوە ڕاســـتەقینەکە ، بەمەبەستی دوور خســـتنەوەی گەیێنی بەئەنجـــامێکی ڕوون و کۆمەڵانی خەڵکی کوردســـتان تەواو ، کە نەورۆز لە میژووی لەیادکردنەوەی ئـــەم ڕۆژەدا و گەلی کوردمان ، تەنیا جەژنێکی سەرنج ڕاکێشانیان بۆلابەکی ئاسایی نیە بەڵکو دروشـــمی بەڵام هۆشمەندیو چالاکی ڕابەرێنو سەرکەوتنە ، نیشانەی هەموو نەخشەو پیلانـــەکانی قورەنانیدانو بەر گەیشـــتنی کاربەدەستانی ســـەردەمی مەلـــەکی کۆنەپەرست دژی نەورۆز ئەوەستانو زۆر جـــار بەزەبری تۆقینـــو ئازاردانو بەندکردن ، ئاهەنگی نەورۆزیان قەدەغە ئەکرد !؟ ئا لەبەر ئەوەی کە هەر وەکو خۆیان بلاویـــان ئەکردەوە ، نەورۆزی جـــەژنی ئاگـــر پەرستانەو ئـــەوان فرمیسکیان بۆ ئایینی ئیسلام ئەرشت ، کەمێك ووردبوونەوە لە ڕاستی جەژنی نەورۆز ئەمان ئەنابەلاوەو لە ڕوانگەی ئەرکـــە گرینگەکانی نیشتمانیو نەتەوە خوازیەوە بەیەك ئەگەیشـــتن و نەورۆزیان ئەکردە خۆنیشاندانـــێکی گەورەو داخوازیـــەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردســـتانیان ئەخستە سەردەستو بەرەنگاری ڕێژیمی دژ بەگـــەڵ ئەبوون و لەگەڵ ئاگری نەورۆز ، ئاگـــری شۆڕشگیریان لە دڵو دەروونی ئازدیخوازانی کورد ئەکردەوە ٠

تێکۆشان زیاتر کێپەی ئەسەندو خەڵکی کوردستان زیاتر بەبەرەو پیری جەژنی سەربەستی خـــۆی ئەچوو ڕیزەکانی خۆی پتەو تر ئەکرد ٠٠ لێرەدا بۆمان هـــەیە پرسیارێك بکەین ، بۆچـــی کاربەدەستانی ســـەردەمی مەلـــەکی کۆنەپەرست دژی نەورۆز ئەوەستان و زۆر جـــار بەزەبری تۆقینـــو ئازاردانو بەندکردن ، ئاهەنگی نەورۆزیان قەدەغە ئەکرد !؟ ئا لەبەر ئەوەی کە هەر وەکو خۆیان بلاویـــان ئەکردەوە ، نەورۆزی جـــەژنی ئاگـــر پەرستانەو ئـــەوان فرمیسکیان بۆ ئایینی ئیسلام ئەرشت ، کەمێك ووردبوونەوە لە ڕاستی جەژنی نەورۆز ئەمان ئەنابەلاوەو لە ڕوانگەی ئەرکـــە گرینگەکانی نیشتمانیو نەتەوە خوازیەوە بەیەك ئەگەیشـــتن و نەورۆزیان ئەکردە خۆنیشاندانـــێکی گەورەو داخوازیـــەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردســـتانیان ئەخستە سەردەستو بەرەنگاری ڕێژیمی دژ بەگـــەڵ ئەبوون و لەگەڵ ئاگری نەورۆز ، ئاگـــری شۆڕشگیریان لە دڵو دەروونی ئازدیخوازانی کورد ئەکردەوە ٠

ئەگەر جەژنی نەورۆز لـــەوولاتێکی وەکو عیراق دا تەنیـــا تایبەتی بێ بە کورد ، ئـــەوەواناگەیێنێ کـــە هەر ئێمەی کورد بە جەژنی خۆمانی بزانین، بەڵکو گـــەڵی عیراق بە کوردو عەرەبو کەمە نەتەوەییـــەکان بەشداریان تیادا ئەکـــردو بەجەژنی خۆیان ئەزانی ، تا بەشێوەیەکی ڕەسمی دانی پیانراو بۆ بە جەژنی گەلی کورد ئێمەش لە سایەی ئەو دانانە بـــە سەربەستی یـــادی نەورۆز ئەکەینەوەو چاومان بڕیوەتـــە دوارۆژێکی گەشو بەختیـــاردالەباوەشی کوردستانی بەهەشتی ســـەر ڕووی زەمیـــن دا ، بەحەسێینەوەو هەموو ڕۆژێکمان نەورۆزو سەرکەوتن بێ لـــەژیانا ٠

کەمال غەمبار

★

چەپکە گوڵێ نەورۆز ٠٠٠

فەرهادی کێوی کـــوردمو هاواری کورد ئەکەم
دوژمن بەپیکی کاوە وەکـــوشیشە ورد ئەکەم
شیخ محمودی نەمر

ئەم ڕۆژی ســـالّی تازەیە نەورۆزە هاتـــەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە ! بەخۆشیو بەهاتەوە
چەند سال گولی هیوای ئێمە ڕێپەستبوو تاکوپار
هەرخوێنی لاوەکان بوێ گوڵی ئالی نەوبەهار
ئەو ڕەنگە سوورەبوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوورو نزیك ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرا کی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بەعەشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە
پیرەمێرد

ڕێم ئەڵێن : نەورۆزە ئەمرۆ
ڕۆژی جەژنو خۆشیە
ڕەختی هەڵپەرکیو ســـەمایە
هەوسمی تـــەڕ پۆشیە
دەشـــتو دەر گوڵ پۆشە
ئەم ڕەش پۆشیەت بێهۆشیە
مـــۆنی ڕووت بێجێیـــە
عالەم گەیلی بادە نۆشیە
من ئەڵێم : نەورۆزو شادی جەژنی دیل : « ئازادی »یە
« بلە »

شۆڕشی تەمـــوز نەورۆز باس ئەکا
دجلەمان ڕۆوی دەم لـــە ئاراس ئەکا
بۆیە هەڵهەڵەی جەژنی ئەمســـاڵمان
گوێی دوژمنانی گەلـــان کاس ئەکا
گۆران

تۆڵە شەودای ئەی وەتەن چۆن بڵێم نەورۆزمە
ئەم گوڵـــەی ئاڵو والایەی بەهـــار پیرۆزمە
جەژنی چی هەر ماتەمێکی ڕووتە شێنۆ گریەیە
تا !! هەڵێ ڕۆژێ ،کە گوردیش پێی بڵێ جارۆزمە
حەمدی

ڕۆژی نەورۆز جەژنی سەربەستیو خەباتی میللەتە
وەك نیشانەی لابەری کۆستیو هەژاریو مەینەتە
جەژنی نەورۆز خوێنی دڵمان تێکەڵاوی بەستەتە
ڕێیە بۆ سەربەستی بروا دیارە سەختەو زەحمەتە
کاکە شوان

بنوارە نەوبەهاری فتوحاتی گوڵشـــەنی
گوڵزاری کردەوە لە دەمی خونچە پێکەنی
نالی

institut kurde de paris

دابەو ڕەسمی بەگانان لە جەژنی نەورۆز دا ٠

لە بارەی گرینگی نەورۆزی پیرۆزو جێژنی کۆنی کوردەوە شت زۆر نووسراوە ٠ شاعیرو نووسەرانی کـــورد لـــە زۆر نووسراوەو گۆڤارو ڕۆژنامەدا بە درێژیو بەچەشنیکی جوانو پوختو پاراو باسی ئـــەو ڕۆژەپیرۆزەیان کردوە ٠

نەورۆز لە کۆنەوە وەکـــ ڕەمزی سەرکەوتنی هەق بەسەر ناهەق دا ، فەوتانی کـــۆنو ژیانەوەو سەر هەڵدانی نوێ ، وەك هاندەری کارو کاسبیو خەباتو تێکۆشان ، لەلایـــەن گەلی کوردەوە پێشـــوازی لێ کراوە ٠ دیـــارە زۆر لـــە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش سەری سالّی تازەی هەتـــاوی جێژن دەگرنو نەورۆز بەجێژنی خۆیان دەزانن و هەر گەلەی بە داب و شوێنی تایبەتی خـــۆی پێشوازی لە نەورۆز دەکا ٠

هەروەکو ئەگێڕنەوە لـــە ئیران دا لە شارەکـــانی جۆربەجۆر بەچەشنی جیـــاواز بەپیر نەورۆزەوە دەچـــن ٠٠٠ دەمانەوێلەم وتارەدا خوێنەرانی بەڕێزی (هاوکاری) بە کورتی لە چۆنیەتی پێشوازی کـــردن لە نەورۆز لە شارەکانی ئیران دا شارەزابکەین ٠

لە کۆنەوە لە ئیران دا بـــاو بوە کە دوو ڕۆژی مابێ بـــۆ نەورۆز ، هێندی لـــە لاوان کۆبوونەوە ٠ لاویکی جـــوان چاکو چاوو بڕۆرەش و زمان-خۆش و کۆسەیان ســـواری حوشترێك کردەوە ناویان ناوە « حاجی فیروز »٠ دارو دەستەی حاجی فیروز هەموویان گەنـــج و گۆرانی بێژبـــوون ٠ تارودە-مبەگو دەهۆڵو وزورنایـــان هەڵدەگرتو بەگـــۆرانیو بەزم و ئاهەنگ وشتریان وەپێـــش خۆدەداو بەکۆڵانو گـــەرەکی شارو بەنێو بازاردا دەگەران ٠ لەهەر جێگایەك کە حوشترەکە ییخی خواردبا ، خاوەن ماڵ یان خاوەن دووکان دەبوایە نـــانو خواردنی دارو دەستەی « حاجی فیروز »یان داباو میـــوانی ئەو دەبوون ٠

ئەو دایکو باوکەی گـــەورە کچی گەراوەو بەسالاّ چوویان هەبایەو شووی وەگیر نەکـــەو-

سەردار ئامادەی کردوە

تبایەو وەك دەلین «چارەرەش» بوایە ، کچەکەیان دەبردە عەمبار ئاوی خانوەکەو حەوت گرێیان وەسۆرانی کراسەکەی دەدا ٠ لەگەڵکوو دەنگی دەهـــۆڵو زورنای دەستەی « حاجـــی فیروز » دەهـــات ، دایکەکان دەچوونە دەریو بەدزی کورێکی نەبالّقی دارو دەستەی « حاجـی فیروز »یان دەبردە ژوورەکـــەو دەبوایە حـــەوت گرێیەکان بکاتەوە تا کچەکە خولاّبـــکا مێردێکی وەگیر پکەوێ٠ ئێستاش لە هێندی ناوچەکانی ئیران ئەو باوە هەر ماوە ٠

« حاجی فیروز » پەتێـــکی درێژی بەدەستەوە دەگـــرتو پەرۆیەکی سپی لەباســـکی دەکردو دەگەیشتە بەر هـــەر دەرگایەك پەتەکەی بەســـەر دیواری دا داویشتە حەســـارێو خاوەن ماڵەکە دەبوایە شـــتێکی بۆ دەپەتە کە خستبایە ٠ ڕەسم وابوو خاوەن ماڵ نەدەبوایـــە

پرووانـــە : ل ٧

ـ نەورۆز ـ

بۆیە گوڵانە لای مـــن
پیرۆزە
دروشمی یادی جەژنـــی
نەورۆزە
چونکە ناو جەرگی ڕەشو
ووتاوە
تیابەدی ئەگرێ دەروێنی
کاوە ٠٠!

ـ شیخ ئەنوەر ـ

ژمارەی سپـــاردن بەکتیبخانەی نیشتمانی
١٥٦ی سالّی ١٩٧٤

هەر جارەی نوسینێك ●●●

شالاّوی پرسیارەکانم ٠٠٠؟؟

ئەی پەلکە زێرینەی بەهار ســـالّ درەنگەو پایزی تەمەن نزیکە ٠٠ وەکـــو سەوداسەرێکی وێـــڵ بۆت ئەگەڕێم ٠٠ ناتەوزمەوە ٠٠ هەگبەی پڕستەی هەوالّەکان یەك یەك گەڕام ٠٠ بۆ هەوالّێك کەوتمە پەلە هاوار ئەکەم پرسیار ئەکەم ئەی کەی ئەبێ دەنگ دانەوەی دەنگێـــك بەگوێچکەما بچرپێنێ ، یا کـــەی ئەبێ ڕەنگ دانەوەی ڕەنگێك بەچاوما ببینم ٠٠ دڵەخورپەو ڕاچەنینە لەگـــەڵ ڕێژنەو ترپەی باران ٠٠ لەگەڵ هاژەی جۆگەلـــەکان ، بەڵکو خوایە مژدەی هەوالّێك ببیسم ٠٠ ئەسپی بەختم بحیلێنێ !٠٠ گەڕام ٠٠ گەڕام لە قولاّیی دەریاکانا ٠٠ لـــە چەوی بن ئاوی روبارەکانا ٠٠ لە بەرزایی هەورە کانا ٠٠ هەتا گەلاّی سەوزی بەهار ، زەردی پایز ٠٠ لـــە ژیلەمۆی ناو ئاگردانی هەوارگـــە جێهێلراوەکان ٠٠ شوستەی شەقامەکانی شارەکەشمان هەرگەڕام بێ سوود بوو ٠٠ بالە فرێی بیرەو ئەفرێ ٠٠ تاســـەی دوێنێ ئەکەمەوە ٠٠ منالّەکانی شارەکەم لەگەڵ زەردی خۆرەتاوی بەیانی ساردی خەزاندا دەفتەرەکانیان هەڵئەگرن بەرەو قوتابخانەکانیان ئەکەونەڕێ ٠٠ جووتیارەکان لەگـــەڵ بەیـــان جووتەکانیان ئەخـــەنە کار ٠٠ ڕێبوارەکان ڕێگاکانیان سەرهەورازەو شەوەو تاریکە ناسرەون ٠٠ بەڵام پرسیار ئەکەم نازانم کـــەی تۆ پەت ئەبیو بەرەو قوتابخانەت برۆی ٠٠؟ کەی سێبەرت لەبەرچاوما وێنەی ڕاستیتم بۆ دێنێ ؟! پرسیار ئەکەم نازانم کـــەی چۆلەکەکان هیلانەکانیان جێدێلن ؟٠٠ نازانم کـــەی ڕەوەندەکان بارو بالەخانەکانیان ئەپێچنەوە ؟ شەنگەبیریەکان کەی مالاّتەکانیان ئەدۆشن ٠٠؟! چاوەڕوانم ٠٠ چاوەڕوانیم ئەمخواتەوە ٠٠ چاوەروانیم درەختێکە لەسەر دڵماسەوز ئەبێ ٠٠ ئەی خانمەکەم بۆت ئەگـــەڕێم ٠٠ خۆشم ئەوێی هەر چەندە لێم دورکەوێەوە لێم نزیکی ٠٠ هەر چەند لە بەندیخانەی مالّەکەتان بەندت ئەکەن ٠٠

عیزەدین ڕەزا

پرووانـــە ل : ٧

نامەیەکی کراوە !

بۆ لێژنەی سەرپەرشتیی بلاّوکراوەی ڕۆشنبیری نوێ

سلاوێکی دۆستانە :

ژمارە (٣٨)ی ڕوشنبیری ڕەنگین وەکـــو چەپکە گوڵێکی بونخۆش گەیشتە دەست خوێنـــەرانو بۆنو بەرامەکەی بەجورێك پژانبوو کـــە دەرونی شەیدایانی ئەدەبو فیکری فێنك کردەوە ٠٠

چۆن دەرون فێنك ناکاتەوە کە (« غەزەلـــە » بالاّو پرسۆزو بەرزەکەی – سڕرێکە وا لەدڵما –) گوڵـــە میلاقەی ئەو چەپکەیە بێت و دوا هەوارگەی گەشـــتو گوزاری کاروانو لالەزاری دڵانی نەسرەوتو بێ ئارامی ڕۆشنبیران بێت ٠

ئێمەش وەکو (شەریك شعوریك) لەئاســـتی بەرپرسیاریی سەرشانمان بەرامبەر بە (کۆڕی بەشیر پەروەران) ئەوپەڕی ڕێزو سلاّومانتان پێشکەش ئەکەین بەرامبەر بەو « غەزەلە »و خەلاّتەکەی ٠٠٠ ئەمانـــەوێ چمکێك لەو سڕەی کە لەدلاّیە ئاشکرابکەینو مژدەیەك بە خوێنەرانی خۆشەویست بدەین :

مژدەکەش ئەوەیە :– ئەو « غەزەلە » پـــڕ سۆزەی ئێوە سەودا سەرو خولیای زانینی خاوەنەکـــەین ٠٠ گۆرانی بێژی بەناوبانگو ئەندامی دڵســـۆزی (کۆڕی بەشیرپەروەران) خوالێخـــوشبوو (حسن زیرەك) بەئاوازێکی خۆمالّییانەی پرسۆزو خرۆش کردوویـــەتی بەگۆرانیو تۆماری کردووە ٠٠

جارێکی تر لەگەڵ ڕێزو سلاّومانداو بۆ پێشەوە ٠

شەریك شعوریك

هاوکاری :

بەپێی سەرپەرستی بلاّوکردنەوە وا ئـــەو نامەیە وەکو خۆی بلاّوئەکەینەوە ٠

کاریکاتێری هەندەران



ناوێرم ٠٠ دەرزی لە خۆم بدەم !

(ئەم هەموو نەخشو نیگارەی لـــە لەشی خۆی کردووە کەچی ئەشڵێ لە دەرزی ئەترسم !)

لە گۆڤاری (تەندروستی)ی سۆڤیەتیەوە

کاریکاتێریست : ل٠ سەمەیلۆڤا

کاك محمدی مەلا کریم ناردوویەتی